# مۆرفیمەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا

## بە کەرەستەی کرمانجیی خوارووو و ژووروو

نامەیەکە

لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە - ئیبن ڕوشد - ی زانکۆی بەغدای کردووە وبەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجیستێر لە زمانی کوردیدا - وشەسازی

سەرپەرشت

پرۆفیسۆر - د. ئەورەحمانی حاجی مارف

١٤١٩ك. ١٩٩٨ز.

# پێشکەشی

پێشکەشە بە:-

باوکم

دایکم

خوشک و براکەم

بەهەرە

- لەیلا -

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی بەغدا ئامادە کـــــراوەو

بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا ــ وشەسازی .

پرۆفیسۆر : د. ئەورەحمانی حاجی مـــــارف

ڕۆژ : / / ١٩٩٨

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن

دەکەم .

پرۆفیسۆر : د. وریا عومەر ئە[illegible]

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی ب[illegible]

کوردی

مێژوو : / / ١٩٩٨

هەواڵنامەی کتێب

ئێمه ی ئه ندامانی لیژنه ی وتووێژو هه ڵسه نگاندن ، ئه م نامه یه مان خوێنده وه و له گه ڵ قوتابی یه كه دا ده مه ته قێمان ده رباره ی ناوه ڕۆك و لایه نه كانی دی كردو بڕیار ماندا ، كه شایانی ئه وه یه پله ی بڕوا نامــــه ی ماجستێری له زمانی كوردیدا پێ بدرێ .

ناو: ثوریا علاء الدین
ئه ندام :
مێژوو ٢٢ / ١٠ / ١٩٩٨

ناو: د. شریف محمد فخری
سه رۆكی لیژنه :
مێژوو: / / ١٩٩٨

ناو: د. ئه وره حمانی حاجی مارف
ئه ندام: سه رپه رشتیار
مێژوو ٢٢ / ١٠ / ١٩٩٨

ناو: د. عبدالرزاق محمد سابیر
پرۆفیسۆر ، یاریده ده ر
ئه ندام :
مێژوو: ٢٢ / ٩ / ١٩٩٨

له لایه ن ئه نجومه نی كۆلێجی په روه رده – ئیبن ڕوشد – ه وه په سه ندكرا .

ناو: پرۆفیسۆر دكتۆر
حامید دلێمی
عه میدی كۆلێجی په روه رده
مێژوو: ٢٢ / ١٠ / ١٩٩٨

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاسنامە

سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ باوك و مامۆستام ـ دوكتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، كە ئەركی سەرپەرشتی كردنی ئەم كارەی گرتە ئەستۆ و بێ وچان و دڵسۆزانە هەوڵی لەگەڵدا داوم ... هیوادارم هەمیشە سەركەوتوو بێت .

پێزانینی چاكە و سۆزی چیا بڵندەكەی بەشی كوردی ـ دوكتۆر نەسرین محەمەد فەخری هەرگیزاو هەرگیز لەبیر ناكەم .

یارمەتی و كۆمەكی زۆر و بێ سنووری دوكتۆر وریا عومەر ئەمین و دوكتۆر مەولوود محەمەد نەبی و دوكتۆر فوئاد حسێن جێی ڕێزلێنان و نەوازشت و شانازیمە .

سەری ڕێز بۆ سەرجەمی ئەو هاوڕێ و دۆستانەم دادەنەوێنم ، كە بەپێی توانست هاوكارییان كردووم ... بەئاواتم هەر بەرخوردار بن .

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆک

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەروك

بابەت | لاپەرە


پێشەكی .................................... ١_٤

بەشی یەكەم : پێدا چوونەوەو كورتە هەڵسەنگاندنێك .......... ٥_٤١

سەرنجی جوونە ناو بابەتەوە .................... ٤٢_٤٦

بەشی دووەم : مۆرفیمەكانی (یٚ) وەك وشەكۆر ............ ٤٧_٧٦

٠١ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی ناراستەوخۆدا ٤٨_٥٣

٠٢ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی جنسی مێ لە دۆخی بانگهێشتن ٥٣_٥٥

٠٣ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی نەناسیاوی .......... ٥٥_٥٧

٠٤ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی (ئیزافە) خستنەسەر ...... ٥٧_٦٠

٠٥ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی كاتی ڕانەبوردووی كردار لە حاڵەتی كارا نادیار ............ ٦١_٦٧

٠٦ مۆرفیمی (یٚ) وەك جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك .... ٦٧_٧٠

٠٧ مۆرفیمی (یٚ) وەك كۆتایی جێناوی كەسی جودا لە دیالێكتی كرمانجی ژووروودا ............ ٧٢_

٠٨ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی بچووك كردنەوەو بۆناوی تایبەتی .... ٧٣_

٠٩ مۆرفیمی (یٚ) ی جێگری پێشبەند (پریپۆزیشن) .... ٧٣_٧٦

٠١٠ مۆرفیمی (یٚ) وەك نیشانەی پلەی ژمارە .......... ٧٦

بەشی سێیەم : مۆرفیمەكانی (یٚ) ی وشەدارێژ .......... ٧٧_٨٦

٠١ مۆرفیمی (یٚ) وەك پاشگر( Sufixus ) .......... ٧٨_٨١

٠٢ مۆرفیمی (یٚ) وەك ئینتەرفێكس ( Interfixus ) .. ٨١_٨٢

٠٣ مۆرفیمی (یٚ) وەك ناوگر( Infix ) .......... ٨٣_٨٦

ئەنجام .................................... ٨٨

سەرچاوەی نموونەكان .......................... ٩٤

سەرچاوەی بابەتەكان .......................... ٩٦

كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی ................ ١٠١

كورتەی باس بە زمانی ئینگلیزی

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی :

ویرای هەوڵ و کۆششی جۆربەجۆری ڕێزمان نووسانی کورد لە بواری زمانەوانیدا ، هەر یەکەو کەم تازۆر بەپێی توانست و بۆچوونی تایبەتی خۆی ئاوڕو لای لە ڕێزمانەکەمان داوەتەوە ، هەوڵی گەلێکیان مایەی شانازی و دەست خۆشی لێ کردنە . لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ، زۆر ڕوو و لایەنی شاراوەی زمانەوانی هەیە و تائێستا پەردەیان لە ڕوو هەڵ نەماڵراوە ، کە پێویست بەوە دەکات کاری سەربە خۆیان لەبارەوە بکرێت .

هەر لەم نیگاو ڕوانگەیەوە ویستوومە بە شێوەیەکی وردو زانستی لە مۆرفیمەکانی (ێ) بدوێم و تیشک و ڕووناکی بخەمە سەر لایەنە شاراوەکانی .

هەر ئەمەش وای لێ کردم ، نامەکەم بۆ ئەم بابەتە ـ واتا ((مۆرفیمەکانی (ێ) لە زمانی کوردیدا)) تەرخان بکەم و بەپێی توانست لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی تیۆرتەسەلی لە سەر ئامادە بکەم .

ئەوەی زیاتریش هانی دام و باڵی پێوە نام ، ئەم باسە هەڵ بژێرم ، حەزو ئارەزووی هەمیشەیی چەند ساڵەی خۆم بوو ، جگە لەوەی ئامادە کردنی بنەماکانی زمانەکەمان دەکات و وەك ئاشکراشە ، ڕازەو خزمەت کردنی زمانەکەشمان هیوا و ئاواتی سەرباکی دڵسۆزانی زمانی کوردییە .

لێکۆڵینەوەکە ، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی یە وکە رەستەکەشی ، بەکەرەستەی کرمانجیی خواروو و ژووروی زمانی کوردییە .

ناوەرۆکی نامەکە بریتی یە لە پێشەکی یەك و ، سێ بەش و ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە .

- پێشەکی :

بریتی یە لە کورتەباسی لێکۆڵینەوەکەو هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو ڕێبازی توێژینەوەکە ·

- بەشی یەکەم :

لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ، بەپێویستمان زانی پێدا چوونەوەیەك بۆ کارەکانی پێشوو بنووسین و هەموو کەم و کورتی و خەوشەکانیان نیشان بدەین و بەهۆی چوونی خۆمان و کەرەستەی زمانی کوردی و ڕای زانایانی زمان ڕاستیان بکەینەوە · پاش دیاری کردنی کەم و کورتی و لایەنی چاکی هەر بەرهەمێك کە قامکی بۆ درێژکراوە ، بەپێویستمان زانیووە بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کەڵکو سوودیان لێ وەرگرین و باسەکەی پێ فراوان و دەوڵەمەند بکەین · لێرەدا ئەوەش دەخینەروو ، کە جگە لە (د · مەکەنزی ) هیچ نووسەرێك ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە ، کە ( یٚ ) وەك ئینتەرفێکس دەتوانی ڕۆل ببینێت هەرچەندە ئەویش بە ناتەواوی لێ دواوەو بەپاشماوەی ئیزافەی ( یٚ )ی مێینەی داناوە ، کە بەلای ئێمەوە ئینتەرفێکسەو تەنها لەو وشەیەدا دەرناکەوێت کە ئەو یادداشتی کردووە ، بەڵکو وشەی دیکەش هەیە ، کە هەمان ڕۆل دەبینێت ، وەك ( پیرێدێ ، بۆرێزەن ) هەر لەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ زوربەی زۆری نووسینی ئەو نووسەرانە کردووە ، کە پێوەندییان بە مۆرفیمەکانی ( یٚ ) وە هەبووە · هەرچەندە ئەو نووسەرانەش بەگوێرەی پێویستی بابەتەکانیان ئاوڕیان لە مۆرفیمەکانی ( یٚ) داوەتەوە ، ئێمەش لە جێ مەبەستی خۆمان کەڵکمان لێ وەرگرتوون ·

- بەشی دووەم :

لەم بەشەدا باسی مۆرفیمەکانی ( یٚ ) ی وشەگۆڕ دەکەین ، کە لە ( ١٠ ) دەوردا دەردەکەون و لە سازدانی ڕستەدا بەشداری دەکەن وەك : نیشانەی جنسی مێی دۆخی نا ڕاستەوخۆ ، نیشانەی ئیزافە ، نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کردار لە حالەتی کارا نادیاردا ··· هتد · بەپێی پێویست دەوری هەر

هەواڵنامەی کتێب

یەکەیان و شێوەی دەرکەوتنیانمان ڕوون کردووەتەوە .

— بەشی سێیەم :

لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیەدا باسی مۆرفیمەکانی ( یٚ ) ی وشەداڕێژ دەکەین ، واتە — ئەو حاڵەتانەمان دەست نیشان کردووە ، کە ( یٚ ) وەک مۆرفیمی وشەداڕێژ دەر دەکەوێت و یارمەتی ڕۆنانی وشەی نوێ دەدات . بە وێنە : پاشگرو ئینتەرفێکس و ناوگر . لە هەر یەکە لەو شوێنانەدا دەوروبەرکیان ، پێناسەو ڕاڤەکردنیان ، ڕوون کراوەتەوە .

— ئەنجام :

لە ئەنجامدا هەوڵمان داوە وێنەیەکی گشتیی هەموو ئەو ئەنجامانە بکێشین ، کە لە بەشەکانی نامەکەدا باس کراوەو بە چەند خاڵێک تۆمارو ڕوونمان کردۆتەوە .

کەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێک

هەواڵنامەی کتێب

## بێدا چوونەوە وکورتە هەڵسەنگاندنێك

مۆرفیمەکانی ( ێ ) لە زمانی کوردیدا گەلێك رۆڵی گرنگ و دیارو بەکەڵکیان هەیە . رێزمان نووسانی زمانی کوردیش هەر لە زووەوە هەستیان بەبایەخی ئەم مۆرفیمانە کردووە و ، بۆیە زۆربەی زۆریان ئاوڕیان لێ داوەتەوە ... تەنیا هێندە هەیە ، لەبەر ئەوەی ئاوردانەوەکانیان بەگوێرەی پێویستی بەرنامەی بابەتەکانیان بووە ، واتە ڕاستەوخۆ لەسەرجەمی ئەم مۆرفیمانەو سەرپاکی ئەرکەکانیان نەدواون ، بەڵکو تا ڕادەیێك لابەلا باسیان کردوون . هەروەهاش تائێستا وەکو نامیلکەیەك ، یان کتێبێك ، یان وتارێکی سەربەخۆ هیچ لێکۆڵینەوەیێك دەربارەیان نەکراوە . لەم نامەیەدا وامان بەچاك زانی سەرەتا لەکۆنەوە بۆ نوێ لەزۆربەی ئەو کارانە بدوێین ، کە پێوەندییان بەباسەکەی ئێمەوە هەبێت و سەبارەت بەهەر باسێکیش لەو باسانەڕاو بۆچوونی خۆمانیان لە ئاستدا دەربڕین .

مامۆستا تەوفیق وەهبی لەبەرهەمە رێزمانی یەکەی (( دەستووری زمانی کوردی )) [1] دا باسی مۆرفیمی (ێ) ی نەناسیاوی کردووە و لەژێر سەرناوی ( ئەداتی تەعریفی نامەعیەن ) لە ( ێ ، ێك ) دواوەو دەڵێت :

"١١٦ . ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە حەرەکە بێ ( ێ ) یێك ئەخرێتەسەریانی ناوەکەو ئەداتی تەعریفی نامەعەیەنەوە ، وەکو ،

برا . برایێ . برایێك .

کوندە کوندەیێ. کوندەیێك .

هەرمێ هەرمێیێ. هەرمێیێك. ... هتد

١١٧. ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە ( ێ ) بێ ( ێ ) یێکی کەی لێ زیاد ناکرێ وەکو ، ماسی ، ماسێ ، ماسێك .

١١٨. ئەگەر حەرفی دوای ناوەکە دەنگی بێ هەر (( ێ )) یان (( یێك )) بەکەڵك ئەهێنرێ ، وەکو ،

---

( ١ ) تەوفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جوزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .

پیاو ٠ پیاوێ ٠ پیاوێك ٠
مریشك ٠ مریشکێ٠ مریشکێك ٠ ". ( ١ )

شایانی باسە ٠ ماموستا لەو سەردەمە زووەدا هەستی بەم دیاردانەی زمانی کوردی کردووە ٠

هەر لەو بارەیەوە لە باسی ( سفەتی موبهەم ) یشدا چەند تێبینی وحاڵەتی وەك " هیچ ٠٠٠ ێ ٠ هەموو ٠٠٠ ێ ٠ هەر ٠٠٠ ێ ٠ چەند ٠٠٠ ێ چی ٠٠٠ ێ ٠ هەرکام ٠٠٠ ێ ٠ هەرچی ٠٠٠ ێ ٠ هەرچون ٠٠٠ ێ ٠ چـــــۆن ٠٠٠ ێ ". ( ٢ ) ی یادداشت کردووە ٠ کە پێوەندییان بە (( ێ )) ی نەناسیاوی یەوە هەیە ٠٠٠ ئەوەشی لەبیر نەکردووە ٠ کە " ئەو سفەتە موبهەمانـــەی ( ێ ) یێکی جوێیان لەدواوەیە ناوەکە ئەگێرنە ناو خۆیانەوە ٠ وەکو ٠ هیـــچ منالێ ٠ هەموو کەسانێ ٠ هەر دارێ ٠ چەند ماموستایێ ٠ چی پیاوێ ٠ هـــەر کام کتێبێ ٠ هەرچی گەلایێ ٠ هەرچوون کارێ ٠ چوون کارەکەرێ ٠ ". ( ٣ )

ماموستا وەهبی وێرای مۆرفیمی ( ێ ) ی نەناسیاوی ٠ لە مۆرفیمی ( ێ ) -یی نیشانەی مێی دۆخی بانگهێشتنیش دواوە و ئەوەی وتووە ٠ کە ئـــەو مۆرفیمە لەگەڵ ناوی مێ ینەدا بەکاردێ و دوو وشەی ( پیورێ ٠ خوشکێ ) یش بۆ کردوەتە نموونە ٠ ( ٤ )

سێیەم مۆرفیمی ( ێ ) ٠ کە لە کتێبی ( دەستووری زمانی کوردی ) دا باس کرابێت ٠ ( ێ ) ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە ٠ ( ٥ )

ماموستای ناو براو لە بەرهەمێکی تریدا ( قواعد اللغه الکردیه ) ٠ ( ٦ ) کە بە زمانی عەرەبی یە لە هەندێك ناوی تایبەتی بچووك کراوەدا مۆرفیمی ( ێ ) ی دیاری کردووە ٠ وەك " بەهێ ( بهیه ) ٠ حەبێ ( حبیبه ) ٠ فاتێ ( فاطمـــة ؛

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ٠ ل ٣٦ ــ ٣٧ ٠
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ٠ ل ٧٨ ٠
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ٠ ل ٧٨ ٠
( ٤ ) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ٠ ل ٤٨ ٠
( ٥ ) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ٠ ل ٨٨ ٠
( ٦ ) تەوفیق وەهبی ٠ قواعد اللغه الکردیه ٠ ج ١ ٠ الباب الاول ٠ بیروت ٠ ١٩٥٦ ٠

خورشێ ( خورشیدە ) ، شانێ ( شاناز ) ، سەفێ ( صفیە ) ، خەجێ ـ ئەجێ ( خدیجە ) ، امێ ( امنە ) ، خانێ ( خاتون ) ، زبێ ( زبیدة ) . ". (١)

نووسەر لە نموونەکانیدا تەنها ناوێکی ( کوردی یادداشت کردووە ، کە ئەو بچووك کردنەوەو کورت کردنەوەیەی بەسەردا هێت ، ئەویش ( شانێ ) یە . لە نێو ناوە عەرەبی یەکاندا نموونەیەکی جوان و لەباریان بۆ ئەم باسەی تێدایە ، کە ئەویش ( خورشێ ـ خورشیدە ) یە . . . ( خورشێ ) بۆ ناوی ئافرەت بەکار دێت بۆیە ( ێ ) ی بچووك کردنەوەو نیشانەی مێیەنەی وەرگرتووە . ( خورشید ـ خورشە ) یش بۆ ناوی نێرینە بەکاردێت ، کە چی مامۆستا وەهبی ئەم تێبینی یەی تۆمارنە کردووە .

ئەگەرچی نووسەری ئەو دوو کتێبە چەند مۆرفێمێکی (( ێ )) ی یادداشت کردووەو هەندێك ئەرکیانی باس کردووە ، بەڵام چەند مۆرفێمێکی دی دیارو گرنگی (( ێ )) هەن ، کە نە ناوی بردوون و نە لێیان دواوە .

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە لاپەرە ( ٢٦ ) ی کتێبی (( ڕێزمانی کوردی ))دا (٢) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ، کە ( ێ ) وەك نیشانەی بانگهێشتن بەکاردێت و بە ( ئامرازی نیدا ) ناوبردووە . نموونەکەشی بریتی یە لە " خوشکێ ، بۆچی بە ناڕەوا داوێنم ئەگری ".

بۆ مۆرفێمێکی دی (( ێ )) لە ژێر ناوی ( ئامرازی پێ ناس ) دا وتوویە :
" ئەو پیتە پاشگرە پێ ناسانەن کە ئەخرێنە دوا ناوێکەوە بۆ ئەوەی ببن بە ناسیاو لە شێوەیەکی شوناس یانە شوناس دا ، وەك .

ـ بەبەردێ دوو چوولەکەم کوشت .

لەم ڕستەیەدا : پیتە پاشگری ( ێ ) و ( کە ) ی دوا ووشەی ( بەرد ) و ( چوولەکە ) ئامرازی پێ ناسن ، چونکە یەکەمیان ( =ێ ) ناوی ( بەرد ) ی بە جۆرێکی شوناس ناوی ( چوولەکە ) ی کرد بە ناسیاو ". (٣)

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل٣٦ .
( ٢ ) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل٦٨ .

لێرەدا نووسەر باشی نیشانی نەپێکاوە ، کە پێ ی وایە کۆتایی ( بەرد ) نیشانەی ناسیاوی یە ، چونکە سەرەڕای ئەوەی ( بەرد ) ناوێکی گشتی یەو بە هۆی ئەو ( ێ) یەوە نەبووە بە ناسراو ، بەڵکو بووەتە نەناسراو ، هەروەها تاکایەتیشی نیشان داوە ـ واتە ( ێ) نیشانەی نەناسیاوی یە ، نەك ناسیاوی .

مامۆستا کامیل بەسیر سەبارەت بەو بۆچوونەی مامۆستا نووری عەلی ئەمین دەڵێت : " ئامرازی ( ێ ) ی دوا بە دوای ووشەی (بەرد ) بەرامبەر بە ( تنوین ) ی عەرەبی دێت کە نیشانەی یەکی و تەنکیر و نەناسینە ". (١)

هەروەها ، دەبێ ئەوەش بووترێت ، لەبەر ئەوەی ( ێ) کورتکراوی (یەك)ە ، بۆیە تاکایەتی نیشان دەدات . ئەوەتە کورد دەڵێ : (بەبەك بەرد ) دوو چوو لەکەکەی کوشت .

پاشان مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە ژێر سەرناوی ( ئامرازی نەشوناس ) دا نووسیویە : " ئەم پیتە پاشگرانەن (ێ ، ێك ، یەك) ئەگەر ، خرانە دوا ناوێکی سادە یا لێکدراوەوە ، لە وێنە یەکی نەشوناس دا ، ئەیکەن بە ناسیاو ، بەڵام کەی وە چۆن بەکار ئەهێنرێن ؟ .

( آ ) ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگە هاتبێ ئامرازی ( ێ ، ێك ) ی بۆ بەکار ئەهێنری ، وەك : هەنار ـ هەنارێ ـ هەنارێك . سەلکە توور ـ سەلکە توورێ ـ سەلکە توورێك . ". (٢)

ئێمە پێمان وایە ، کە نیشاندانی تاکایەتی (نیشانەکانی نەناسیاوی ) مامۆستا (نووری عەلی ئەمین ) ی خستبێتە سەر ئەو جۆرە ڕایە ... ئەوانە ، کە نیشانەی نەناسیاوین ئیتر چۆن ناو لە وێنەیەکی نەناسراوی یەوە دەکەنە ناسراو ؟ ! . (٣)

---

( ١ ) د . کامیل بەسیر ، ئامرازی پێناس لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن ، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کوردی)) ، ب١٤ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل٣٠ .

( ٢ ) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، ل ٦٨ .

( ٣ ) مامۆستا (نووری عەلی ئەمین ) ئەوەشی دەست نیشان نەکردووە ، کە (ەك ) یش وەك نیشانەی ( ێ ، ێك ) هەمان دەوردەبینێ بە وێنە (هەنار ، هەنارێ ، هەنارێك ـ هەنارەك ، ئەگەرچی ئەو (ەك )ە زیاتر لە ناوچەی سۆران و کرمانجی ژووروودا بەکاردێت .

هەواڵنامەی کتێب

تێکڕا لەم بوارەدا تێکەڵی لەکارەکەی مامۆستادا دەبینرێ • بۆ نموونە لەلاپەرە ( ١٢٥ ) دا لە ژێر سەرناوی ( ئاوەڵناوی ) ئیشاری موبهەم دا هەمان هەڵەی دووبارەکردۆتەوە • هەروەها لە هەندێك جێگەی دیدا ، کە باسی مۆرفیمەکانی ( ێ ) بەرچاو دەکەون ، وەك لەلاپەرە ( ١٥٤ ) — ` پێشەپاشگری ڕەگی فرمان ) و لە لاپەرە ( ١٥٨ ) — ( ڕستەی مەعلوم چۆن ئەکرێ بەمەجهول ) ، کە هەمان کەموکورتی یان تێدایە •

مامۆستا جگەر خوێن لە کتێبی (( آوا ئو دەستورا زمانی کوردی )) دا (١) بەگوێرەی توانست ئامازەی بۆ مۆرفیمەکانی ( ێ ) کردووە • ئێمەش لەم هەڵسەنگاندنەدا ڕوو دەکەینە جێ مەبەستی خۆمان • نووسەر گەرچی لە دیاری کردنی ( نێرومێ ) دا ئەوەی دیاری کردوە ، کە لە کرمانجی ژووروی زمانی کوردیدا ( ێ ) نیشانەی نێرەو بەم جۆرە بەکاردێ • وەك ، (( هەسپێ قەمەر )) ، (٢) چونکە ( هەسپ ) نێرەو نیشانەی ( ێ ) ی وەرگرتووە • بۆ ( مێ ) ینەش ( ا ) وەر دەگرێت ، وەك ( مەهینا قەمەر ) • لەبەر ئەوەی مابین ( مێ ) یە بۆیە نیشانەی ( ا ) ی چۆتە سەر ••• بەلام ئەوەی یادداشت نەکردووە ، کە ئەمە لە دۆخی ئیزافەدا وایە •

مامۆستا ڕاست ئەوەی دەست نیشان کردووە ، کە لە دۆخی بانگهێشتندا بە ( بانکراو ( المنادی ) ناوی بردو ، دەڵێت : (( ـ وجارنا دمێ یا دە ( ێ ) دکەڤی داویاناڤ : ـ وازینێ ! وا گەورێ ! ••• )) • (٣)

دیسانەوە مامۆستا جگەر خوێن ئەوە دووپات دەکاتەوە کە (( ( ئەڕۆ ) و ( ئەرێ ) وەکە ( لۆو ) ، لێ ـ ژ بۆ بانگی تین : ( ئەڕۆ ) ژ بۆ نێراو ( ئەرێ ) ژ بۆ مێ یاتین ئەڕۆ رابە ئەم هەرن ! ئەرێ خوشکێ ! )) • (٤)

نووسەر لەباسی ( پالقدار و پالقدێر : ( مضاف ومضاف الیە ) ) نووسیویە : (( پالقدار و پالقدێر ، دو ناڤن کو تم ئێ پێشی پالاخوە ددێ تێ پاشی

---

(١) جگەرخوین ، آوائو دەستورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ •
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٦ •
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٧ •
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٩١ •

وەك : بازنێ زێڕ )) ، [١] واتا مامۆستا لێرەدا مۆرفیمی ( ێ ) ی وەك ئامرازی خستنەسەر بەكار هێناوە .

مامۆستا لە شوێنێكی دی لە ژێر ناوی ( بەندی و نەبەندی ) دا باسی مۆرفیمی ( ێ ) دەكات و دەڵێت : (( دەشێوەی سۆری دە : پێكراو شوناكـــرۆك دگری و كۆكا ژێدەر شوناكرنێ دگری و یەك ژتا دو آلاڤال دوای تێ ـ (را ، رێ) وەك : ـ بارام كوژرا ـ بارام نەكوژرێ ـ نان خورا ـ نان ئەخورێ ... : دمزدە ـ بارام پێكراو شونا كرۆك ستاندی یە . كو ژ كەكاژێدەرە . (را) و (رێ) دو آلاڤن ، دگەل كۆ كا ژێدەر هاتنە . )) ، لێرەدا مامۆستا تێكەڵ و پێكەڵـــی كردووە ، بە ڕای ئێمە ، ئەم ( ێ ) یە نیشانەی نادیاری یە .

هەروەها تا كۆتایی كتێبەكەی چەند جارێكی دیكە بە هەمان شێوە سەبارەت ئەم مۆرفێمە دەدوێت .

مامۆستا مەكەنزی لە كتێبی (( دیالێكتی زمانی كوردی )) دا [٣] دەربارەی نیشانەی خستنەسەری ( ێ ) ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە ، كە لە دیالێكتـــی سلێمانی ( ی ) ، ( ی ) بەكاردێت و لە دیالێكتی ( بنگرد و پشدەر و موكـــری ) دا نیشانەی ( ێ ) .

هەروەها دەڵێت : بە شێوەیەكی گشتی لە هەموو دیالێكتەكانی زمانی كوردیدا لە پاش ناوی تاك و كۆی نێرومێدا نیشانەی خستنەسەری ( ی ) بەكاردێت ، بەڵام لە پاشی ناوی تاكی مێ ینە نیشانەی خستنەسەر ( ئیزافـــە ) ( ێ ) دەبێت : وەك : دیالێكتی موكری ←—— خاتونێ نەوجوانـــــە . ( Xātūnē nawĵwāna ) ویەگشتی خەڵكی ( ی ) بەكار دێنن لە جێگـــەی ( ێ ) .

هەروەك :

ـ دیالێكتی بنكرد ——> بۆ ماڵێ مە . ( bōmālēma ) . زۆر دەگمە نیش ( ئیزافە ) ی ( ێ ) لەگەڵ ناوی نێردا دەركەوێ ، وەك : دیالێكتی بنكرد ←—— نێوێ خۆشت . ( nēwē xōšit ) . لە دیالێكتی ڕەواندزدا بە بێ جیـــاوازی

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠ .

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٢ .

( ٣ ) — D.N.Mackenzie, Kurdish Dialect Studies, I, London, 1961.

ڕەگەز ( جنس ) هەر دوو نیشانە ( ی ) و ( ێ ) بەکار دێنرێت . ـــ دیالێکتی ڕەواندوز ⟵ ( بابی من ) ، یان ( بابێ من ) ... )) . (١)

پاشان مەکەنزی لە پەراوێزی ژمارە ( ١ ) ی هەمان لاپەڕەدا ، پێی وایە (( پیرێژن ) پاشماوەی ئیزافەی ( ێ ) ی مێینەیەو تەنها لەم وشەیەدا ماوەتەوە ) (٢) ئەمە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت ، کە ئەم بڕیارە یەکجارەکی یە ، بەلام مەرج نییە تەنها ئەو وشەیە هەبێت . بۆ نموونە مامۆستا تەوفیق وەهبی لە کتێبی (( قواعد اللغه الكرديه )) دا (٣) ( پیرێ دێو ) یشی یادداشت کردووە وەك ناوێك ، هەرچەندە هیچ تیشکێکی ڕێزمانی نەخستۆتە سەر ئەم مۆرفێمە . جا بەلای ئێمەوە ، ئەو ( ێ ) یە ئێستە ڕۆڵی کەرەستەو یاریدەی دروستکردنی ناوی لێکدراوی داوە .

مامۆستا گیوی موکریانی لە کتێبی (( ئەلف و بێ ی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بە زاراوەکانی سۆرانی ، بادینی ، فەیلی ، هەورامی )) (٤) دا بە شێوەیەکی ڕاست نیشانەکانی نێرومێ ی دیاری کردووە . بۆ ناوچەی سۆران دەڵێت : (( لەکاتی دوواندنێ دا بۆ نێرینە پیتی (( ە )) و بۆ مێینە (( ێ )) بە دووای ناوەکانیانەوە دەنووسێ نموونەی مێینیان :ـ پورێ کەی هاتی ؟ ، کچێ دانیشە ، خوشکێ بیخەوێنە ، خەسوو لەگەڵ تۆمەو بووکێ تۆ گوێت لێ بێ . )) . (٥)

سەبارەت بە نیشانەی نێرینەو مێینە لە بادینان دا دوو نیشانەی بە باشی ساغ کردووەتەوە ، واتە : ( ا - A ) بۆ مێ ینان و ( ۆ - ۆ ) ش بۆ نێرینیان . هەروەها ئەوەیش دیاری کردووەکە ئەم حاڵەتە وەك دەڵێت : (( بە دوای ناوانەوە دەنووسێ لەکاتی دانەپاڵ دا : نموونەی نێرینیان : بابێ

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .
( ٢ ) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .
( ٣ ) تەوفیق وەهبی ، قواعد اللغه الكرديه ، الجزء الاول ، الباب الاول ، بیروت ، ١٩٥٦ .
( ٤ ) گیوی موکریانی ، ئەلف و بێ ی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بە زاراوەکانی سۆرانی ، بادینی ، فەیلی ، هەورامی ، هەولێر ، ٢٥٨٢ ی کوردی ( ١٩٧٢ ) ی یۆنی .
( ٥ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٦ .

من ، نانێ هیشك ، گۆشتێ سوور ...)) .(١)

مامۆستا گیو موکریانی بە شێوەیەکی زانستیانە ئەوەیش خستووەتە ڕوو، کە (( لە کاتی دوتوو ویژیا بانگ کردنی دا لە بادینان بۆ مێ یی نان(ێ ــ Ê) و بۆ نێرینان ( ۆ ــ ە) بە دووای ناوانەوە دەنووسن بۆ نموونەی مێ یی نـــان : خوشکێ ، داکێ ، دیندێ )) .(٢)

مامۆستا ئەوەیشی باس کردووە ، کە (( ( ێ ) لە زاراوەی سۆرانـــی و بادینی و هەورامیش دا بۆ مێ یی نان بە دووایی ناوانەوە دەنووســـێ وەك : گوڵێ ، نارێ ، شۆرێ ، سێوێ ، ناسکێ ، دایکێ ، خوشکێ ...)) .(٣)

نووسەر لە کۆتایی هەمان باسدا تێبینی یەك دەخاتە پێش چاوو دەڵێت: (( جارجارەش بۆ مەبەسی گچکـــە کاری پیتی ( ك ) دەخرێنە نێوانی هەندێـــك ناو پیتی ( ێ) یەکەوە . وەکوو . ژنەکێ ، کچەکێ )) .(٤)

مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (( سەرەتایێك لـــە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی ))دا(٥) بە ئاوڕێکی پەلەی پێر لە هەڵە و ناتەواوی لای ئەم مۆرفێمە گرنگانەی زمانەکەمان داوەتەوە . بۆ نموونە بەم شێوەیە لـــە سوفێکس ( Suffixes ) گەیشتووە و وتوویە :(( مۆرفێمی پاشبەنـــــد ( Suffixes ) : ــ ئەوەی کە من بیزانم ئەوەیە ، کە زۆربەی ئەم مۆرفێمە ــ پاش بەندانە ، لەم جێگایانەی خوارەوەدا ، دەردەکەون :

١. پاش بەندی (ــ ێ) وە ( ــ یێك ) ، کە یەك واتایان هەیە و یـــەك جێگامیان هەیە ، وە بەمەبەستی ( واتا ) ، واتای ( تاك = مفرد ) دەدەن ، وەکو : نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە .)) .(٦)

لێرەدا مامۆستا بە هەڵە زاراوەی ( سوفێکس )ی بەکارهێناوە و مانای

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٨.
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٨.
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥١.
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥١.
(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤.
(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٤.

لێکداوەتەوە • چونکە (( پاشگر کە بە لاتینی بە ( Suffixes ) ناســراوە • ئەو مۆرفێمە یە کە بە کۆتایی بناغە ی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆشنی وشە دەبینێ • )) • (١) ئایە (ێك ) لـــە نموونە ی ( ئاگرێك ) دا • چ ڕۆڵێکی لە ڕۆنانی وشەکە دا بینیوە تایە (سوفێکس ) ناوی بە رین • گومان لەوە دا نییە •کە مۆرفێمە کانی ( ێ) گەلێك ڕۆلی دیکەی هەیەو دەبوایە مامۆستا ( محەمەد ئەمین ) هەر هیچ نەبوایە ئامازەی بـــۆ کۆمەڵێك لە ئەرکە کانی بکردایە •

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بەرهەمەکانیدا زۆر جار پەنجەی بـــۆ مۆرفێمە کانی ( ێ ) ڕاکێشاوە و گەلێك لایەنی شاراوەی یەکالا کردوتەوە وڕاست و ڕەوان نیشانی داون • لە بواری هێنانەوەی نموونەدا ڕوو دەکەینە کتێبی (( ورد بوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی )) • (٢) لە لاپەرە ( ٤٩ ) ی و تاری ( بەکارهێنانی ( ی) لە ڕێزمانی کوردیدا ) ڕاست بۆ ئەوە چووە • لـــە جۆرێك کرداری کوردی دا ( ێ ) یەك دێتە ناوەو ( گوێزانەوە) دەبەخشێ • وەك دەڵێت : (( لە جۆرێك فیعلی کوردی دا ( ێ ) یەك دێتە ناوەوە (انتقال ) دەبەخشێ • دەڵێ ( ئەنگۆستیلەکەم گرتە نیشانە ) • بەلام کە معمولەکە لـــە ڕستە دا ون کەی دەڵێی ( ئەنگۆستیلەکەم گرتێ ) دەڵێی ( چوومە ماڵەکە ــ چوومێ • نۆڕیمە باغەکە ــ نۆڕیمێ • بوومە مامۆستا ــ بوومێ • خونجامە جێگەکە ــ خونجامێ ) ئەم ( ێ ) یەکە دەچێتە دوا فیعلەکەوە ( بوومێ • چوومێ • گرتمێ • کەوتمـێ • نۆڕیمێ • خونجامێ • دامێ • پەسوامێ • ترنجامێ ) ئاوەڵ ناوی شەخــسێیەم نیە بەڵکو ( ئەمرازەوە یا پاشگر) یکە بزوتنەوەکەو انتقالەکە دەبەخشێ • ئەم ( ێ) یە هەمان بزوێنی ( ە ) یە کە دەکەوێتە دوا فیعلەکەوە لـــەو ڕستانەدا •کە مفعولیان تێدا دیار دەکرێ وەك گوتمان و لێرە دا دەڵێنـــەو • ( گرتمە نیشانە • چوومە خانوەکە ... )) • (٣)

---

(١) دەئەوەرە حمانی حاجی مارف •وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا •بەغدا • ١٩٧٧ • ل ٣٦ ــ ٣٧ •

(٢) مەسعوو دمحەمەد • وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی • بەغدا • ١٩٧٤ •

(٣) هەمان سەرچاوە • ل ٤٩ •

هەروەها مامۆستا لە پەراوێز دا دەڵێت : (( لێرەدا ( مناقشـــە ) ی ئەوە ناکەم پیتێك کە لەکۆتایی فیعلەوە بێ و بزوتنەوەو گۆڕان و انتقال پەیدا بکا داخوا پاشگرە ، یانە مراز )) . (١)

بێ گومان ڕاستە بەلای مامۆستاوە گرنگ نییە پاشگرییێت ، یاخود ئامرازە چونکە لەم باسەدا تەنها مەبەستی هێنانەوەی نموونە بووە ، بەڵام بـــە لای ئێمەوە گرنگە ، چونکە یەکێکە لە مۆرفیمەکانی ( ێ ) ئەم شـــەرکە گرنگـــەی بینیوە ، واتە بۆ جیاکرونەوەی ( پاشگروئامراز ) لە یەکدی دەبێ ئەوە بزانرێت ، پاشگر مۆرفیمێکــە لە پێکهاتنی وشەی نوێ دا دەور دەبینێ ، واتا پاشگر ســـەر بە بەشی مۆرفۆلۆژییەو بەشداری دارشتنی وشە دەکات ، هەرچی ئامـــــرازە دەوری لێکدانی وشە دەبینێ بۆ پێکهێنانی ڕستەو سەر بە باسی سینتاکسـه بەم جۆرە بەلای ئێمەوە ئەم مۆرفیمە وەك جێگری بریپۆ زیشن ( بە ) یە . واتە نە پاشگرەو نە ئامراز .

پاشان مامۆستا پێی وایە ، ئەو ( ێ ) یە هەمان ( ە ) یە کـــــە دەکەوێتە دوای کردارەکەوە . ئەمەش بەلای ئێمەوە وانییە ، چونکــە ( ێ ) و ( ە ) دوو مۆرفیمی جیاوازن ، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت ، کە هەندێك جـــــار دەوری یەکدی دەبینن و دەبنە جێگری بریپـۆزیشنەکان .

مامۆستا لە لاپەڕەیەکی دیدا ئەوەی دەستنیشان کردووە ، کـــە ( ێ ) لە پانگهێشتنی مێینەدا بەکاردێت . نموونەکانیشی (( خوشکـــێ ، پوورێ ، دایکێ ، کیـژێ ، حورمێ ، کچێ )) (٢) یە . هەروەها زیاتر پێـش لە سەر ئەم خاڵە دادەگرێت و دەڵێت : (( لە فۆلکلۆردا هەیە دەڵێ ( هـــێ ڕەوشەنێ ، هێ چە لە نگێ پێش قو شەنێ ) . ڕەوشەن ناوی ئافرەتە ، چە لەنگیش کەبوە بەناوەڵ ناو بۆ ڕەوشەن مامڵەتی مێێ لەگەڵ دا کراوە )) . (٣)

ئینجا مامۆستا مەسعوود محەمەد خاڵێکی دیکە دیاری دەکات و دەڵێت: (( زۆر بنەی ناوی یاریَ لە زمانی کوردیدا بە ئامرازێك پێك دێ پیتی ( ێ ) ی

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩ .
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .

تێدایە .)) .[١] نموونەکانیشی لە ناوچەی هەولێر و کۆیێ و هەندێ شوێنی دیکەی کوردستانی خواروو وەك (( جگانێ ، مووشانێ ، هێلکەشکانێ ، چەلەمەشکانێ ، کارەمستانێ ، تۆپانێ ، جغزانێ ... هتد )) .[٢] بە بۆچوونی ئێمە ئەو ( ێ ) یە ئامراز نییە و پاشگرە ، وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە .

مامۆستا ئەوەی دەستنیشان کردووە ، کە ( ێ ) دەتوانێ ئاوەڵناو و ناو پێکبهێنێت ، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە ، ئەم ( ێ ) یە پاشگرە و توانستی گۆڕینی بەشێکی ئاخاوتنی هەیە بۆ بەشێکی دی ئاخاوتن ، وەك (کرم) ناوە ( کرمێ ) ئاوەڵناوە . مامۆستا ئەوەی دیاری کردووە ، کە (( لەگەڵ وشەی ( کرم ) دا ئاوەڵناوێکی تایبەتی پەیدا دەکا دەڵێی ( دڵی کرمێ بوو ، مێوەکە کرمێ بوو ) . بەلام لەگەڵ هەندێ وشە ( کەژ ، نەرم ، گوڵ ) ناو پەیدا دەکا بۆ ئافرەت دەگوترێ ( کەژێ ، نەرمێ ، گوڵێ ، شەمێ ) . )) .[٣]

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت : (( ( ێ ) دەچێتە دوای چەند وشەیێکی وەك ( شەو ، ڕۆژ ، سبەینە ) کە پێیان دەگوترێ ( ناوی زەرف ) دەیانکا بە زەرف و دەیانخاتە ڕیزی [illegible]ـۆژێ و پێرێ ) کە زەرفن و هەر ئەم دارشتنەشیان هەیە ، واتە وەك ( شەو ، ڕۆژ ، چێشتەنگاو ) نیسن ئەسڵێکیان هەبێ و ( ی ) چوبێتە دواوە . دەڵێی ( ڕۆژێ دەگەڕێم و شەوێ دەنووم ) .. چێشتەنگاوێ هاتەوە .. سبەینێ نامە دەنووسم ) . ئەم وشانە و گەلی وشەی دیکە وەك ( نیوەڕۆ ، مەغریب ، عەسر ، عیشا ، نیوەشەو ، بەهار ، هاوین ، پایز ، زستان ، ڕۆژهەلات ) یێیان دەچێتە دواوە و دەیانکا بە زەرف ... ( نیوەڕۆیێ گەیشتم ـ مەغریبێ ـ عەسرێ ـ ڕۆژهەلاتێ ، دەڕۆم ، نیوەشەوێ تێز خەو دەبم ، هاوینێ ... بەهارێ دەچمە کێو ... هتاد ) . )) .[٤]

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٥ .

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٦ .

مامۆستا راست بۆ ئەوە چووە ، کە ( ێ ) دەتوانێ ناوی کات بکات بە ناوەڵکردار ، بەڵام ئەوەی دیاری نەکردووە ( ێ ) وەك پاشگرخۆی نواندووە . هەروەها ئەوەیشی یادداشت نەکردووە ، کە پاشگری ( ێ ) دەتوانێت بچێتە سەر ناوەڵکرداری سادەو بیکات بە ناوەڵکرداری دارێژراو ـ وەك : ( سەر ـ سەرێ ، خوار ـ خوارێ . ) یاخود ( ێ ) هەرچەندنیشانەی نەناسیاوییە بە خشێت ، بەڵام دەتوانێ وەك پاشگر هەندێ ناو و ناوەڵناو و جێناو دەبە ناوەڵکرداری چەندێتی یان لێ سازبکات وەك : (( ساڵێ ، رۆژێ ، گەلێ ، کەمێ ، چەندێ . . . هتد )) ( ١ )

هەروەها مامۆستا مەسعود محەمەد لە وتاری (( زاراوەی پێوانە )) دا ( ٢ ) ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە ، کە ( ێ ) لە کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا بۆ رەگەزی مێ ینە بەکار دێت ، وەك دەڵێت : (( فەرقی نێرو مێیە مر . . کرێ وەك کە بڵێی : بەفاتمێ دەڵێم ، بە ئەحمەدی ناڵێم . چوومە دەشتێ ، ناچمە شاری . لە سەفینی را دەمێنم ، لەکەرکوکێ دەنووم . ناوی شاری . مامڵەتی نێرینەی لەگەڵ دادەکرێ . ناوی ئاوایی مێ ینە یە . وشەی شار نێرە ، وشەی دەشت مێ یە . . بە ئاخاوتنی کرمانجی سەروودا نیشانەی مێ ینە ( ا ) یەو هی نێرینە ( ێ ) یە . )) . ( ٣ )

مامۆستا مەسعود محەمەد لە وتارێکی دی بە ناوی (( زاراوە سازیی پێوانە )) ( ٤ ) دا سەرنجێکی زۆر ورد دەردەبرێت و دەڵێت : (( دەبێ بزانین ناوێك دەلالەتی کاتی هەبێ نابێتە ئاوەڵکار هەتا لە رستەدا لایەنی کاتی بە مەبەست دەگیرێ ، کە دەڵێین : ( بەهار خۆشە ) وەك ئەوەیە کە بێژین ( بەرد رەقە ) ، بەهار و بەرد لەو دوو رستەیەدا وەکو یەکن ی

---

( ١ ) بڕوانە : د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ئاوەڵکردار و جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە رووی رۆنانەوە ، گۆڤاری (( رۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١٢٧ ) ، بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ٥٩ .

( ٢ ) مەسعوود محەمەد ، زاراوەی پێوانە ، گۆڤاری (( رۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١١٢ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٢ .

( ٤ ) مەسعوود محەمەد ، زاراوە سازیی پێوانە ، گۆڤاری (( رۆشنبیری نوێ )) ژمارە ( ١١١ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

هەواڵنامەی کتێب

ناوون ٠ کە دەڵێن : ( بەهاری دەچمە سەفەر ) ، لێرەدا بەهار بووە ناوەڵکار ٠ دەتوانیت بڵێیت ( ساڵی بێ بەهار هیچ نایەنێت ) بەڵام ناشێ بگوترێ ( ساڵی بێ بەهارێ ) ٠ )) ٠ (١)

سەبارەت بە بوونی ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا مامۆستا مەسعوود پێی وایە کە ( ێ ) وەك ناوگرێك خۆی ئاخنیوەتە نێو وشەکە ، هەر وەك دەڵێت :(( برێشکە : لە برژانەوە هاتووە ٠ دیارە دەنگیکی ( ێ ) لەلاوە هاتوە بۆ ناو ئاخنی وشەکە ٠ )) ٠ (٢)

بێ گومان ئەم بۆچوونەی مامۆستا (مەسعوود محەمەد ) سەبارەت بە ناوگر بوو بە هۆی جۆشاندنی پێنووسی نووسەران ، بە تایبەتی مامۆستا ئەورەحمانی حاجی مارف و حەسەنی قزڵجی و پاشان ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێت لەلایەن فازڵ عومەرەوە وتارێك بە ناوی ( نێغکر د زمانی کوردیدا ) (٣) بڵاوکرایەوە ٠ مامۆستا ئەورەحمانی حاجی مارف لەم رووەوە دەڵێت :(( نووسەری ئەم کتێبە ـ مامۆستا مەسعوود محەمەد لە باسی ناوگردا ( ل ٧٧ ـ ٨٥ ) گەلێك رووی گرنگی ئەو کێشەیەی ساغ کردۆتەوە و ( ٢٢ ) نموونەی هێناوەتەوە ، کە بەرای ئێمە زۆربەی زۆریان بۆ سەلماندنی بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا بە کار دێن ، وەك ٠٠ برێشکە ٠ )) ٠ (٤) ئینجا مامۆستا پێی وایە ئەم وشەیە واتە :(( ( برێشکە ) : وشەیەکی کۆنی پەهلەوییە لە ئەسڵدا ( وریژتیك ) ە ٠ فارسەکان کردوویانەتە ( برشتە ) ٠ لە کوردیدا ( یت ) ی لێ فرێ دراوە بۆتە ( وریژك ) ٠ ( و ) ٠ کراوە بە ( ب ) ، ( ژ ) یش کراوە بە ( ش ) بۆتە ( برێشك ) ٠ هێنیەکی وەدواخراوە بۆتە ( برێشکە ) ٠ )) ٠ (٥) پاش ئەم وتارە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری ( بەسەردا چوونەوە ) دا وەڵامی حەسەنی قزڵجی دەداتەوە و دەڵێت :

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٣ ٠

(٢) مەسعوود محەمەد ، چەند حەشارگەیێکی رێزمانی کوردی بەغدا ١٩٧٦ ٠

(٣) فازڵ عومەر ، نێگر د زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( رۆشنبیری نوێ )) ژمارە ( ١٠٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ٠

(٤) د ٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٤٥ ـ ٤٦ ٠

(٥) حەسەن قزڵجی ، لە پارەی هێندی لە نهێنیەکانی رێزمانی کوردی ، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری کورد )) ، بەرگی پێنجەم ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ...

هەواڵنامەی کتێب

(( لە بارەی وشەی ( برێشكە ) وە ، كە ئەویش لە لاپەرە ( ١٢١ ) دا باسكراوە من هەروا دەزانم بەهۆی ناوگری ( ێ ) لە (( برژان )) ی كوردییەوە پەیدا بوە ئەك لە (( وریژ تیك )) ەوە بەڵگەشم وشەیێكی ترەكە ئەویشی هەمان جۆرە ، ئەم دەنگەی (( ێ )) تێیدا بە ناوگر هاتووە ، وشەكەش (( نان برێشـــك )) ە كە خەڵق كردویانەتە (( ناوبرێشك )) ، وا دەزانم زۆر زەحمەتە زمانی كـوردی لە وشەی (( وریژ تیك )) ەوە رێژەی (( برێشك )) ی بۆ وشەی (( نان برێشـــك ـ ناوبرێشك )) خواستێنەوە بەتایبەتی كە لە كۆنەوە وشەیێكی وەك (( نـــان برێژ تیك )) نەبوو بێت بیكەین بە بنەمای وشەكەی ئێستای كوردی ، )) (١) ،

پاشان مامۆستا فازڵ عومەر لە وتارەكەیدا دەڵێت : (( برێشكە ، ناو برێشـــك (نان برێشك ) : ژ برژان وەك ئەو دەنەبوو ، ، ، هۆساسەیدای ئاشكر كـــر كو نێقـــگر دد زمانێ كوردی دا هەیە ، گەرجی ب رەنگەك ئاڵۆز ، ، ، )) (٢)

هەرواها مامۆستافازڵ عومەر لە هەمان وتاردا كۆمەڵێك ناوگر دەست نیشـــان دەكات و دەڵێت : (( ٢ــ نێقـــگر( ێ ) ــ جێ ــ ئەف نێقـــگرە حودایـــە ژ نێقـــگر ( A ) : (٣)

١، ئەگهۆرە ، ئانكول هەمی دارشتنان ( ێ ) دمینە ،

٢، كێمترە ، گەرجی جە لە نگترە ،

| كارێ تێینەپەر | تێپەرِی خوەسەر | تێپەرِی كشێ | بنكارێ تپ خ |
| --- | --- | --- | --- |
| كشا | كێشـا | كشاند | كێش |
| رِشت | رێت | رژاند | برێژ |
| گەرِا | گێرا | گەرِاند | گێرِ |
| كەپِا | | | |
| كەرِها | | | |

---

(١) مەسعوود محەمەد ، بەسەرداـ ... ، گەنجاری كوڕی زانیاری كورد ... بەرگی پێنجەم ، بەغدا ، ٧٧ ...

(٢) فازڵ عومەر ، نێقگر د زمانێ كو... (( رۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە (١٠٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ...

(٣) تێبینی : مامۆستا فا... عومەر ... ( ٢ ) ی هەمان وتاریە نــاو ی ( نێقگر ( ١ ، A ) ... ـیە لێك ... یشان كردووە بۆ ( ١ ) وەك ئاخافتن ، ئا... ، هتد .

پژیا          پژاند          پێت/پەهێت          پێـژ )) ٠ [١]

بێ گومان ئەوانە ڕاو بۆچوونی نووسەران بووسەبارەت بوونی ناوگر لـە زمانی کوردیدا ٠ هەرچەندە هەندێك لە نووسەران پێ یان وایە لە زمانـــی کوردیدا ناوگرنییە ، هەروەك مامۆستا وریا عومەر ئەمین دەڵێت : (( ٠٠٠ ناوگر ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەرئەکەوێ لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ئەفێکسە نی یە )) ٠ [٢] بێ گومان ئەمیش بڕیارێکی یەکجارەکی یەو جێ ی هیچ شیانێکی ( احتمال ) نەهێشتۆتەوەو کە بە تەواوی پێچەوانەی بیروڕای ئێمەبەر ڕامان لەگەڵ مامۆستایانی ناوبراودا یەکانگیر دەبێت ٠

مامۆستا جەمال نەبەز لەکتێبی (( زمانی یەکگرتووی کوردی ))دا [٣] دەربارەی ( ێ ) ، کەجێ مەبەستی باسەکەمانە لە دیاری کردنی ( نێرومـــێ ) لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروودا ، ئەوەی دەست نیشان کردووە ، کە دەڵێت : (( شێوەی کرمانجیی ژووروو بە پێچەوانەی شێـوەی کرمانجیی نێوەڕاستە ، وەك زمانە ئێرانی یە کۆنەکان ، ڕەسەنی نێرومێ لــــە یەك جیا دەکاتەوە ئەم جیاکردنەوە ـ یەش لە سێ دۆخ دایە ٠ )) [٤] ئینجا مامۆستا ئەو سێ دۆخە دەست نیشان دەکات و (( لەدۆخی خستنەپاڵــدا ( في حالة الاضافة ) )) [٥] دا ئەوەی دەست نیشان کردووە ، کە لـــــە کرمانجیی ژووروودا ( ێ ) وەك نیشانەی خستنەسەر ئەگەر ( مضاف ) نێر بــــێ وەگەر مضاف مێ بێت ئەوا ( ا ) بەکاردێت وەك : (( ( باڤێ ئازاد ) بۆ نێــر ، ( خوشکا ئازاد ) بۆ مێ )) [٦] هەروەها جەمال نەبەز دەڵێت : (( ٠٠٠ ئەگەر دووا تیپــی (مضاف ) تیپێکی دەنگدار ( حرف علة ) بوو ، وەك ( دا ) و ( برا ) ئەوا ئامرازی خستنەپاڵ دەبێتە ( یاـ ya ) ئەگەر مضاف مێ بێ و دەبێت

---

( ١ )      هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧١ ٠

( ٢ )      د ٠ وریا عومەر ئەمین ، ووشە ، گۆڤاری (( نووسەری کورد )) ژمارە ( ٩ ) خولی دووەم تشرینی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٨٨ ٠

( ٣ )      د ٠ جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ٠

( ٤ )      هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧ ٠

( ٥ )      هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧ ٠

( ٦ )      هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧ ٠

( بی ـ ĉê ) ئەگەر مضاف نێر بێ • بۆ وێنە دەڵێت : (( دیائازاد )) لە جیاتی ( دایکی ئازاد ) و دەڵێت (( برایێ ئازاد )) (biraye‌a) (ĉiyeA) لە جیاتی ( برایی ئازاد ) • )) • (١)

لێرەدا دەبێ ئەوە بووترێت • مامۆستاجەمال ئەوەی یادداشت نەکردووە • کە پەیدا بوونی ( ی ) نێوان هەر دوو بزوێن بۆ ئەوەیە چونکە دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا پێکەوە نایەن • واتە نیشانەکە لە بنەڕەتدا ! ( یاوێن ) نییە یەلکو وەك وتمان ئەو( ی ) یە تەنها لەبەر ئەوەیە • کە دوو بزوێن لێك جودا بکاتەوە •

نووسەر لە دیاری کردنی دۆخی دووەمی نێر و مێ لە کرمانجیی ژووروو ڕاست بۆ ئەوە چووە • کە وتوویە : (( لە دۆخی کەسی سێ یەمدا (فی حالة الشخص الثالث ) : بۆ وێنە دەڵێت : (( ئەزوی دەبینم )) واتا : من ئەو ( ژنە ) یائەو( کچە ) دەبینم • )) • (٢) واتە بۆ ڕەگەزی مێ( وێ ) یەو بۆ نێر (وی ) یە •

هەروەها مامۆستا نەبەز لە دیاری کردنی دۆخی سێ یەمدا • کە بە (دۆخی بانگ کردن )ی ناوبر دووە • بۆمێ یینە (ێ) و بۆ نێرینە ( ۆ) • هەروەها ئەوەیشی دەست نیشان کردووە • لە هەردوو دیالێکتدا ( ن) بۆ مێ یینە بەکاردێت • وەك (( کەچـــێ • میمکێ واتاکچێ • پووریێ • )) • (٣) پاش دیاری کردنی لە ڕەگەزی ( نێرومێ ) ڕایەکی تایبەتی خۆی دەردەبڕێت و ڕای ئێمەشی لەگەڵیدا یەکانگیر دەبێن • کە دەڵێت : (( بوونی نێرینەو مێ یینە لە زماندا • هەرچەندە هێندێ سوودی هەیە • بەڵام گەلێ جار دەبێتە هۆی قورسکردنی ئەو زمانە • بە تایبەتی کرمانجیی ژووروو بۆ جیاکردنەوەی نێرومێ دەستوورێکی ئاشکرای نی یە تاپێڕەوی بکرێ • لەبەر ئەوەیە بیروڕای من پێویستە نێرومێ بخرێتە پشت گوێ • وەك زمانەکەوەبی یەکەمان خستوویەتییە

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە • ل ٢٧ •
( ٢ ) هەمان سەرچاوە • ل ٢٧ •
( ٣ ) هەمان سەرچاوە • ل ٢٧ •

پشت گوێ٠ )) (١) ٠

مامۆستا لەکوتایی ئەم باسەیدا بە پێویستیان دەزانێ لەم دوو دۆخەدا جیاوازی هەبێت : ((١ـ ئەگەر ڕەرسە نێنسیوەکە ئاشکرانەبێ لە ڕستەدا٠ وەك (( هەڤالّ )) دەشێ ئەو هەڤالە پیاو بێ یا ژن بێ ٠ واتا نەگوترێ (( هەڤالّی من )) بۆ هەر دوو ڕەسەن ٠ بەلّکو وەك کرمانجیی ژووروی لێ بکرێ ٠ واتابگوترێ (( هەڤالّی من )) ئەگەر هەڤالەکە پیاو بوو ویگوترێ (( هەڤالا من )) ئەگەر هەڤالەکە ژن بوو ٠ هەروەها بۆ بانگهێشتن دەلێت :(( بەکورتی بۆ بانگ کردنی نێرینە بلّێین : (( بابە )) یا (( بابۆ )) و بۆ بانگ کردنی مێ بینە :(( خوشکێ )) ٠ )) ٠ (٢)

شایانی باسەکە مامۆستا ( لە دەمی کاری فەرماندا (صیغە الامر) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ٠کە (( هەندێ جار کاری فەرمان لە جیاتی بە ( ج ) کوتایی بێ ٠ بە ( ێ ) کوتایی دێ ئەمەش لە هەر دوو شێوەکەدا هەیەو ئەو کارانەی کە بەم جۆرەن زۆر کەمن٠ )) (٣) نموونەکانی مامۆستایش ئەمانەن (( بپژێ ٠ بگەرێ ٠بوەرێ ٠بوەرێ ٠بسووتێ ٠ برژێ ٠بکولّێ ٠ )) ٠ (٤)

لە کتێبی (( ڕێزمان ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆلّینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی )) دا (٥) بەگوێرەی پێویستی باسەکان ٠ لە گەلێك شوێندا ئاماژە بۆ مۆرفیمەکانی ( ێ ) کراوە٠ بۆ نموونە لیژنە لە لاپەڕە ( ٢٠ ) دا ڕاست پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردووە ٠ کە ناو لە کرمانجیی ژووروودا بە هۆی نیشانەی نێر و مێ لە یەك جودا دەکرێنەوەو ٠ ئەویش بە هۆی نیشانەی خستنەسەر ٠ کە لیژنە بە ( ئامرازی ) ناو بردووەو ٠ نموونەکانی ( سەرێمەزەن ( نێرینە ) ) ٠

پاشان لیژنەی ناوبراو تێبینی یەك دەدات و دەلێت :(( وشەی ( دار( ئەگەر وشك بۆ ( نێرە ) ٠ وەك داری گوێزێ ٠ ئەگەر سەوز بوو ( مێ )

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٢٧٠

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٢٨٠

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٤٧٠

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٤٧٠

( ٥ ) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆلّینەوەی لیژنەی زمان وزانستەکانی ٠ بەغدا ٠ ١٩٧٦٠

ـ یه ەوەك دارا گوێزێ ۰ ))۰ (١) ئینجا لیژنە بۆ بەکار هێنانی نیشانەی نیـر
ومێ ناوچەکانی کوردستانی دیاری کردووەو دەڵێت : (( هەروەها لە شێوەی
خواروودا ، بە تایبەتی خۆشناو و باڵاکەتی ، لە بانگ هێشتن وئیزافە داوەك
شێوەی ڕۆ ڕو جوداپی لە نێرومێدا هەیە جگە لەوانەش شێوەی سلێمانی ،
هەولێر وکۆیەو موکریان نێشدا لە بانگ هێشتندا جوداپی نێرومێ هەیـە ،
وەك : پووری و ەرە (ێ ) ۰ کورەمە ڕۆ (ە) ۰ ))۰ (٢)

لە گەلێك شوێنی دیشدا باسی مۆرفیمەکان (ێ ) کراوە ، وەك لە
(( ڕاناوی کەسی جودا ، ٣ـ کەسی سێیەم : أـ تاك (( ئەو ، ئەوێ ، ئەوی ،
وێ ، وی )) ۰ (٣)

لیژنە لە دیاری کردنی (( ( مضارع ) ی تێپەڕ وتێنەپەڕی ( معلوم ) دا
ڕاناوی کەسی سێیەمی لە شێوەی (ێ ، ێت ) دا دەردەکەوێت ، وەك : دەجێ ،
دەچێت ، دەخەوێ ، دەخەوێت ، دەمرێ ، دەمرێت ۰۰۰ )) (٤) بێ گومان
سەبارەت بە ( ێ ) و بەکارهاتنی لەگەڵ زۆربەی کارەکاندا باسی کـراوە ۰
هەروەها لیژنە ڕاست بۆ ئەوەیش چووەکە (( لە (مضارعی مجهول ) ڕاناوی کەسی
سێیەم لە شێوەی (ت) دا دەردەکەوێت وەك : دەنووسرێت ، دەخورێـت ،
دەبیزێت )) ۰ (٥)

هەروەها لیژنە ئەوەیشی دەست نیشان کردووە ( دەرنەکەوتنی لــە
شێوەی ( ێت ) لە بەر ئەوەیەکە ( فعلەمضارعەمجهولەکەکۆتایی بە بزوێـــن
( Vowel ) ی ( ێ ) هاتووەو ناشێ دوو بزوێنیش بێکەوە دەرکەون بۆیە ( ێ )
یەك قرتاوە ) ۰ (٦)

لیژنە لە لاپەڕە (٤٣) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ، کە هەندێ جـار
( ێ ) یان (ت) یان (١) دەردەکەوێت ۰ سەبارەت دەرکەوتنیان بـــــەم

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠۰
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠۰
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٤ـ٣٥۰
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٤١ـ٤٢۰
(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢۰
(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢۰

شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ (( ئەو تاو تووەوە هاتووە ، کە بەسەر زمانەکەدا هاتووە ، ئەگینا : ( یٚ ) کورتەی ( ێت )ە ۰ )) [١] هەروەها (( ( ١ ) شێوەی کۆراوی ( یٚ ) کە یە ، چونکە لە زمانی کوردیدا گۆڕینی پیتی ( یٚ ) بۆ ( ١ ) یا بە پێچەوانەوە ( ١ ) بۆ ( یٚ ) ڕوو دەدات وەك : ( پێ ـ پا ، تا ـ تێ ، ڕێ ـ را ، کێرد ـ کارد ) ۰ کەواتە ( ات ) ەکەی دوای کاری ( دەڕوات ، دەبات ، دەخوات ) هەر ( ێت ) ەکەی دوا شێوەکانی تریەتی ۰ )) [٢] هەر لە بەردەوامی هەڵسەنگاندنی ئەم کارەی لیژنە شایانی ووتنە ، کەمامۆستا نەسرین فەخری سەیارەت بەم جێناوە ڕایەکی گرنگی خۆی دەدات و دەڵێت : (( ( ێت ) ڕاناوە بۆ کەسی سێیەمی تاك لەکاتی ئێستاو داهاتودا نەك ( یٚ ) بە تەنیا ، هەرچەند ( یٚ ) ش ـ کە کورت کراوەی ( ێت ) و ( ێتن ) ە ـ بەتەنیاشی ئەو کەسە بە دیار دەخات لە قسەکردن و نووسین دا ، بەلام لەگەڵ ئەوەشی دا ئێمە نوسینی ( ێت ) بە پێویست دەزانین ۰ )) [٣] ۰ هەر لەم بوارەدا لە زۆر شوێندا بە ناخی ئەم جێناوەدا شۆڕبوونەتەوەو زانیاری بەکەڵکیان تۆمار کردووە ۰

لیژنە لە ژێر سەر ناوی ( ئامرازی ( یٚ ) یشدا ئەوەی دیاری کردووە ، کە لەکاتی بانگهێشتندا ئەم مۆرفیمە بە دوای ناوی مێینەوە دێت ، وەك (( هێ ڕەوشەنێ ، هێ چەلەنگێ بێش قۆشەنێ )) [٤] ۰

پاشان لیژنە تێبینی یەك تۆمار دەکات و دەڵێت (( لەم نموونانەدا دەردەکەوێ ، کاتێك نیداکراو مێینە بوّ لەبری ( ە ) ی نێرینە ئامرازی ( یٚ ) بەکار دێت ۰ )) [٥] بەلام سەرباری ئەو تێبینی یە ، دەبوایە لیژنە ئامازەی بۆ ئەوەشی بکردایە ، کە هەندێك جاری دیکەش ( ە ) بۆ ئەو ناوە مێینانەش بەکاردێت ۰ وەك ۰ خوشکە ، پوورە ۰۰۰ هتد ۰ هەروەها لیژنە لە زۆر شوێنی دیکەشدا لەم مۆرفیمە دواوە و گەلێك ڕووی شاراوەی ئاشکرا

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٣ ۰

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٣ ۰

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩ ۰

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٣٢ ۰

( ٥ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٣٢ ۰

کردووە •

ماموّستا ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (( ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم ـ مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) ـ ناو ـ )) دا ، (١) کە دێتە سەر دیاریکردنی جنسی ناو و دەڵێت : (( پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین • کە لە چەند حاڵەتێکدا نیشانەی وا بەدەر دەکەون کە جیاوازیی جنس دەگەیەنن )) (٢) بەوێنـە :

( ١ـ لە دۆخی تیاندا :

لێرەدا دکتۆر پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە •کە لە دۆخی تیاندا نیشانەی ( ی ) بۆ ناوی نێر بەکاردێ و ( یێ ) ش بۆ ناوی مێ بەتایبەتیش لە ناوچەی موکریان و سۆران ••• تەنانەت هەندێ لە دەورو پشتی سلێمانیش ) (٣) ••• ئینجا ماموّستا کۆمەڵێك نموونەی چاکی لە ( تحفۀ مظفریە ) کردۆتە بەڵگەی قسەکانی • بۆ ناوچەی سۆران و ناوچەی سلێمانیش کۆمەڵێك بەڵگەی فۆلکلۆری هیناوەتەوە و پاڵپشتی وتەکانی پێ کردووە •

٢ـ لە دۆخی بانگهێشتندا :

ماموّستا دەڵێت : (( لە زۆربەی دیالێکتی خواروودا لە دۆخی بانگهێشتن جیاوازی لە نێوان نێرو مێ دا دەکرێ )) • (٤) پاشان دەڵێت : (( بە کۆتاییی ناوی نێرەوە نیشانەی (ە) و ، بە کۆتاییی ناوی مێوە نیشانەی ( یێ ) دەلکێ • )) (٥) نموونەکانیش • کە بۆ جنسی (مێ ) ی هێناوەتەوە بریتین لە ( بووکێ • پیورێ •کچێ ••• ) هەر لە دوای نموونەکانی تێبینی یەکمان بۆ دەنووسێت •ودەڵێت ( یێ ) تەنیا بە ناوی جنسی مێوە دەلکێ • ئینجاماموّستا دێتـە سەر دیالێکتی کرمانجیی ژووروو دەڵێت : (( لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا • هەروەها نیشانەی تایبەتیی وەها نیبە کە لە حاڵەتی ئاساییدا

---

(١) د• ئەورەحمانی حاجی مارف • ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ـ مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) ـ ناو ـ •بەغدا • ١٩٧٩•

(٢) هەمان سەرچاوە • ل ١٧٢•

(٣) بڕوانە : هەمان سەرچاوە • ل١٧٢ •

(٤) هەمان سەرچاوە • ل ١٧٩•

(٥) هەمان سەرچاوە • ل ١٧٩•

جیاوازی جنس ناونیشان بدات . بەڵام لە ڕستەدا هەموو ناوێك بەگوێرەی جنسی خۆی نیشانەوەردەگرێ . بەو پێیە لەم دیالێکتەدا کێشەی جنس دەستوورێکی تەواوی هەیە و لە ڕێگەی ئیزافەکردنی نیشانەوە دەتوانرێ جنسەکانی ناو دیاری بکرێن .

١ـ لە دۆخی تیاندا :

... ناو ئەگەر نێر بوو لە دۆخی تیاندا نیشانەی ( ی ) ی پێوە دەلکێ ، بەڵام کە مێ بوو نیشانەی ( ێ ) ی دەچێتە سەر . )) (١) . لێرەشدا مامۆستا کۆمەڵێك نموونەی بۆ جنسی نێرومێ هێناوەتەوە بۆ نێر ( سولطانی ، میسری ، مەزاری ، ... ) ، بۆ جنسی ( مێ ) شی ئەمانەی کردۆتە نموونە ( ئافیتایێ ، کولایێ ، خیالێ دا ، خەباتێ ، خەمێ ) ، پاش ئەوەی مامۆستا ئەم کێشەیە یەکلادەکاتەوە و دەڵێت : (( ... لە دیالێکی کرمانجی ژووروودا جنسەکان ناو دەستوورێکی ڕێك و پێکیان ڕچاو کردووە و لە ڕێگەی نیشانەوە لە یەکتر جیا دەبنەوە لە دۆخی تیاندا جنسی مێ نیشانەی ( ێ ) وەردەگرێ و جنسی نێریش نیشانەی ( ی ) ی پێوە دەلکێ . )) . (٢)

مامۆستا زۆر بەباشی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، کە : نزیکیی نیشانەی نێرومێ و یەکگرتنەوەی ناوی نێرومێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، دەتوانرێ بە یەکێك لەو بەڵگە زانستییانە دابنرێ ، کە نیشانی یەکێتی زمانی کوردی دەدەن )) . (٣)

مامۆستا ئەورەحمان لە پەڕاوێزی ( ١٢٩ ) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (( ئەوەی لە بواری جنسدا یەکێتی زمانی کوردی نیشان بدا ، ئەوەیە کە نەك هەر ناو ، بەڵکو هەندێ بەشە ئاخاوتنی تریش یەك دەگرنەوە . بە نموونە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا ، هەموو چاوگەکان لە ڕیزی جنسی مێن و ئەگەر لەو ڕووەوە لە بەشە دیالێکتەکانی موکریان وسۆران ... ورد ببینەوە ، دەبینن کە هەر وەك کرمانجی ژووروو تێکڕای چاوگەکان جنس

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٠ ـ ١٨١ .
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٤ .
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٤ .

(( نموونە بۆ هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیکەش لە لای مامۆستا چاوگە مێن ))[1]
کوردیەکان کە لە بەشە دیالێکتی موکریان و هەندێ بەشە دیالێکتی تری کرمانجی خواروو دیالیکتی کرمانجی ژووروودا نیشانەی جنسی مێ یە ·
وەك : خواردنێ ، گەڕانێ ··· هتد ·

مامۆستا ئەورەحمان دوو نیشانە دەست نیشان دەکات ، کە لە دۆخی بانگهێشتندا جیاوازی لە نێوان نێرو مێ دەکەن ( ۆ ) بۆجنسی نێرو ( ێ ) بۆ جنسی مێ · وەك : (( باقۆ – مەمۆ ، دایکێ – لەیلێ – زینێ ))[2]

مامۆستا لە باسی (نیشانەی نەناسیاوی) دا دەڵێت : (( لە ناوچەی سلێمانی وموکریان ··· دا ( ێك ) و( ێ ) نیشانەی نەناسیاوین ، هەرچی ( ێ ) یە گومانی لێ ناکری کە کورت کراوەو نەخفیفی (ێك ) ە ))·[3] لێرەدا مامۆستا بڕیاری یەکجارەکی دەدات و گومان لەوەدا ناهێڵێ ( ێ) کورت کراوەی (ێك )، ، کە یەلای ئێمەیش هەمان ڕا پەسەندە ، چونکە هەموو ئەو ناوو ئاوەڵناوە ، کە بە (ێك ) نەناسراو دەکرێت دەتوانرێ (ك) لێ لابدرێت و هەمان ئەرك بدینێت · بۆ نموونە ( کوڕێك ، ژنێك ، پیاوێك ) دەتوانرێ بووترێت (کوڕێ ، ژنێ ، پیاوێ )·

مامۆستا پاشی ئەوەی ( ێ ) بەکورت کراوەی (ێك) دادەنێ ئینجا نیشانەی نەناسیاوی ( ێك ، ێ ، ەك ) یەوەرادەنێ ، کە لە ژمارەی (یەك ) ەوە پەیدا بوونە · لە ڕاستیشدا تایبەتێتی تاکایەتی ئەم نیشانانە ئەوە نیشان دەدات کە لە ژمارە ( یەك ) ەوە پەیدا بووبێتن ·

جارێکی دی مامۆستا سەرنجمان ڕادەکێشێ و دەڵێت : (( ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ، ئەوەیە کە لە شێوەی سلێمانیدا ، کاتێك نیشانەی (ێك) دەکرێ بە ( ێ) ، ئەوە بە ڕەوانی لە سەر دەستوورێکی ڕێك و پێك دەڕوا و ئەو لادانە نامێنێ کە لە بەکار هێنانی ( ێك ) دا دەبینرێ ·

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٤·
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٥·
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٤·

وەك : دیوار ــ دیواریّ ــ دیواریّك ٠
گا ــ گایێ ــ گایەك ٠
هەلۆ ــ هەلۆیێ ــ هەلۆیەك ٠٠٠ هتد )) ٠ (١)

مامۆستا پاش چەند نموونەیەك دەڵێت : (( لەمەدا ئەوەمان بۆ دەركەوت كە لە حاڵەتی بەكارهێنانی ( ێك ) دا دەستوورەكە دەركەوت كە شێوەیە ٠كەچی لە حاڵەتی بەكارهێنانی ( ێ ) دا ڕێك وپێكە ٠ بێ گومان ٠ ئەمەش جێگەی پرسیارو بە شوێندا گەڕان و لێكۆڵینەوەیە ٠٠٠ )) ٠ (٢)

واتا لێرەدا مامۆستا بڕیاری یەكجارەكی نادا و ناوەی ئەوە دەدات كە لێكۆڵینەوەو باسی لەسەر بكرێت ٠

مامۆستا ئەورەحمان لە هەمان سەرچاوەدا لە ژێر ناوی (نیشانەكانی ئیزافە ) بەشێوەیەكی زانستیانە دوو كۆمەڵە نیشانەمان بۆ دەست نیشان دەكات ٠كە ئەمانەن لە دیالێكتی كرمانجیی خواروودا ( ی ــ ە ) و لە ژووروودا ( ٠٠٠ ە ێ ٠٠٠ ) نیشانەی ئیزافەیە ٠

نووسەر لە پەراوێزی ( ١٧٠ ) شدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەكێشێ ٠ كە ( ێ) وەك نیشانەی خستنەسەر لە هەندێ ناوچەی سۆراندا بەكاردێ ٠ كە ئەمیش جێی مەبەستی ئێمەیە ٠ كە دەڵێت : (( ١ــ لە هەندێ ناوچەی سۆراندا نیشانەی ( ێ) ش ئیزافە سازدەكا ٠ وەك (بابێ شەمار ناكا گێــرە
لەسەر سنگێ ئەنووم تێــرە
چەند گوناحە سێ هەند خێــرە )٠)) ٠ (٣)

لە كۆتایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا دەمانەوێ ئەم تێبینی یە پێش چاو بخەین : ئەوەی زیاتر جێگەی تێبینی و سەرنج بێت ٠ئەوەیە مامۆستا بە هیچ جۆرێك باسی پاشگری ( ێ ) ی نەكردووە كە دەتوانێ ناوی دارێژراو دروست بكات ٠بە تایبەتی بۆ ناوی ئافرەت ٠ هەروەك مامۆستا (مەسعوود محەمەد ) ئەم لایەنەی ڕوون كردۆتەوەو دەڵێت : (( بەلام لەگەڵ هەندێ وشە ( كەژ ٠

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٢١٣ ٠
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٢١٣ ٠
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ٠ل ٢١٢ ٠

نه‌رم ، گوڵ ، شه‌م ) ناو په‌یدا ده‌کا بۆ ئافره‌ت ده‌گوترێ ، ( کـــه‌ژێ ، نه‌رمێ ، گوڵێ ، شه‌مێ ، )) ، (١) که ده‌بوایه له باسی (ناوی داڕێژراو) دا ئاماژه‌ی بۆ بکردایه ٠

هه‌ر له‌باره‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی به‌رهه‌مه‌کانی مامۆستا ئه‌وره‌حمانـــی حاجی مارفه‌وه ده‌رباره‌ی مۆرفیمه‌کانی (ێ) له لاپه‌ره (١٢٨) ی به‌شـی دووه‌می به‌رگی یه‌که‌می کتێبی (( ڕێزمانی کوردی )) دا (٢) ئه‌م سه‌رنـــاوه سه‌رنجمان ڕاده‌کێشێت ٠ (( مۆرفیمی (ێ/ێت))) ٠ مامۆستا سه‌باره‌ت بـــه‌م مۆرفیمه (سێ) کێشه‌ی دیاری کردوه :(( ١ــ ئایا مۆرفیمی (ێ) یه‌یان (ێت)ه ؟
٢ــ (ێ) جێناوه یان زیاده‌ی گه‌ردانی یه ؟
٣ــ مه‌ودای به‌کارهێنانی چۆنه ؟ )) ٠ (٣)

مامۆستا پێی وایه ، ئه‌م مۆرفیمه (ێ) یه نه‌ك (ێت) چونکه له تێکستــی ئه‌ده‌بی کۆن ونوێ ناوچه‌ی سلێمانی دا (ێ) به‌کار هاتووه ، پاشان بووه بـــه (ێت) ــ ئه‌وجا گه‌لێك نموونه‌ی شیعری شاعیرانی وه‌ك نالی و مه‌حوی و زێوه‌ری کردۆته به‌ڵگـــه‌ی وته‌کانی ٠

سه‌باره‌ت به کێشه‌ی دووه‌م مامۆستا بڕوای وایه ئه‌و (ێ) ، (ێت)ه جێناو نییه و زیاده‌ی گه‌ردانی یه ٠ که به‌لای ئێمه‌وه ڕاست بۆی نه‌چـــووه ، چونکه ده‌ر نه‌که‌وتنی له چه‌ند حاڵه‌تێکی که مه‌داماناى ئه‌وه نییه (ێ) جێنـــاو نه‌بێت و به زیاده‌ی گه‌ڕوانی له قه‌ڵه‌م بدرێت ٠ هه‌رچی مه‌ودای به‌کارهێنانـــی چۆنه و چۆن به‌کا ردێت شایانی باسه بووترێت به شێوه‌یه‌کی ورد له زۆر ڕووی ئه‌م مۆرفیمه دواوه ٠ بۆ نموونه (( ١ــ له‌گه‌ڵ کرداری ڕانه بوردووی تێنه‌پـــه‌ڕ و تێپه‌ڕدا دێ وه‌ك :

تێنه‌په‌ڕ ــ ده‌چێ ، ده‌گه‌ڕێ ، ده‌مرێ ٠
تێپه‌ڕ ــ ده‌نێرێ ، ده‌فرۆشێ ، ده‌گرێ ٠ ٠٠٠ هتد (٤)

---

(١) مه‌سعوود محه‌مه‌د ، ورد بوونه‌وه له‌چه‌ند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، ل ٥٥ ٠
(٢) د ٠ ئه‌وره‌حمانی حاجی‌مارف ، ڕێزمانی کوردی ــ به‌رگی یه‌که‌م ــ وشـــه سازی (به‌شی دووه‌م) ــ جێناو ــ به‌غدا ، ١٩٨٧ ٠
(٣) هه‌مان سه‌رچاوه ، ل١٢٨ ٠
(٤) هه‌مان سه‌رچاوه ، ل١٣٥ ٠

مامۆستا محەمەد ئەحمەد سەعید لە ژێر ناوی (( چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی ))ی (١) دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف وتارێکی بڵاوکردوتەوە . لەم وتارەدا کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی تایبەتی خۆی دەربارەی کتێبی ناوبراوی مامۆستا ئەورەحمان دەربڕیوە . لە کۆتایی وتارەکەیدا چەند پاشگرێکی دیکەی دەستنیشان کردوە و یەکێك لەوە پاشگرانە ، کە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە یە پاشگری (ێ) یە . وەك : (( ٧ـ (ێ) لە ووشەی ( زۆرمەزلێ ، مەلەقوتێ ، زرمەزلێ ) دا )) . (٢) پاشگرە وتارێك بە ناوی (( چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی گیرو ـ گرفتەکانی نووسینی کوردی )) (٣) لەلایەن مامۆستا حەننا ئەنتوانەوە بڵاوکراوتەوە . ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە ، کە نووسەرەکەی پاش ئەوەی بە شێوەیێکی سەرپێی و خێرا ژمارە نۆیەمی ساڵی ١٩٨٢ی (( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستە کوردی )) هەڵدەسەنگێنێت ، دەگاتە وتارەکەی ( ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ) و دەڵێت : لە باسەکەی دکتۆر (ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم ) دا هەندێ مەسەلەی ڕاناوی ( لکاو ) هەڵدەسەنگێنێت ، لەوانە (ێ) یە ، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە بە ناوەوە دەلکێ و دەبن بە پاشگر. دکتۆر ئیبراهیم چەند نموونەیەکی بۆ ئەم جۆرە (ێ) یە هێناوەتەوە ، وەك : ئەمانەی خوارەوە . (( دوێنێ زوو گەیشتمە هەولێرێ ))

(( ئاوی ڕژاندە ناو پەقرەچێ )) . )) (٤)

مامۆستا حەننا ئەنتوان بەم جۆرە ڕەخنە لە ( ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ) دەگرێت و دەڵێت : (( لێرەدا دکتۆر ئیبراهیم ( ێ )ی هەولێرێ ) و ( پەقرەچێ )ی بە ڕاناوی لکاو داناوە ، بەڵام هەرچەندە بیرم لێ کردەوە قەناعەتم نەهات کە ئەو چەشنە (ێ) یە ڕاناو بێ ! بۆ نموونە : دکتۆری بەڕێز

---

( ١ ) محەمەد ئەحمەد سەعید ، چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەربارەی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە (٩٤٣) ، بەغدا ١٩٨٢٠.

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٠.

( ٣ ) حەننا ئەنتوان ، چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی گیروگرفتەکانی نوسینی کوردی ، گۆڤاری (( کاروان )) ، ژمارە ( ٨ ) ، بەغدا ، ١٩٨٣.

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ .

دەڵێ : (( سوێنەرەکان ڕۆیشتنە کەرکوکێ )) بۆ چی ( ێ ) ی پاشگری ( کەرکوك ) ڕاناوبێ و بۆ نەڵێین ئەلەفوزێکی تایبەتیە بە هەندێ ناوچەی تایبەتی کوردستان ؟ بەڕای من ئەو ( ێ ) یەکە بە فرمانەوە لکائە و سا بە ڕاناو دادەنرێ هەروەك : ئەو پارەی پێیم بوو دامێ ، بەردێکم پێ بوو هاوێشتمێ . )) (١)

باری سەرنجمان بۆ بۆچوونی هەردوو نووسەر ئەوەیە ، کە مامۆستا (حەنناحەنتوان) ئەوەی پێکاوە ، کە ئەو ( ێ ) یەی ( ئیبراهیم عەزیز بە جێناوی داناوە ، هیچ پێوەندی بە جێناوی لکاوەوە نییە . گومان کردنی ی مامۆستا ( حەنناحەنتوان ) لە جێ ی خۆیدایە . بەڵام ئەویش لە لێدوانەکەیدا دوو جار هەڵەی کردووە . یەکەم : ( ێ ) ی کۆتایی ( هەولێر ) ی بە پاشگر داناوە ، کە لە ڕاستیا نیشانەیەو نیشانەی مێ یینەیە و هەروەك (مەکەنزی ) دەڵێت : (( لە ناوچەی موکریان و سۆران دا بەکاردێت . )) (٢)

هەڵەی دووەم : ئەوەیە ( ێ ) ی کۆتایی کرواری ( دامێ ) ی بە جێناو داناوە ، کە لە ڕاستیدا ئەو ( ێ ) یە جێناو نییە ، بەڵکو جێگری بریتیوزیشنەو ( دامێ ) ڕستەیەو لە قاڵبی وشەدا دەردەکەوێت ، واتە ( دام بە ئەو ) .

مامۆستا (حەننا ) ڕاست بۆ ئەوە چووە ، کە (( ئەو ( ێ ) یەکراوەیە بە ناوەوەلکا ، ئەوا لە جیاتی (ێك ) ی تاکی نەناسراو بەکار دێ : (( یەقرەچێ یەقرەچێك ... هتد )) ، (٣) بەڵام پاشی ئەم یەرەگرانە دیمانەوە ، دەکەوێتە هەڵەیەکی ترەوەکە دەڵێت : (( بەڵام کە بە ناوی ناسراوی وەك (شاروولات ) ەوە لکا ئەوا تەنیا لکەشێوەیەکی ناوچەیەکی بچووکی کرمانجی خوا رووە . بەم جۆرە دەنوێن و ( ێ ) ی کراوە دەخەنە دوای هەموو ناوێك ، کە لە کۆتایی ڕستەوە بێت . )) ، (٤) چونکە وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە (مامۆستا

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ .

( ٢ ) - Mackenzie, Kurdish Dialect Studies, London, 1967.

( ٣ ) حەنناحەنتوان ، چەند سەرنجێکی سەرێ ی دەربارەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی ، ل ٦٥ .

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ .

حەتتا ئەنتوان ) هەستی بەوە نەکردووە ، کە ئەو ( ێ ) یانە نیشانەی مێینەن و بەکۆتایی ناوی شارو گوندەکانەوە دەلکێت وەك : ( بەغدایێ ، کەرکوکێ ، هەولێرێ ... هتد ) .

مامۆستا قەناتی کوردۆ لە کتێبی (( ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ))(١) زۆر لایەنی مۆرفیمەکانی ( ێ ) ی ئاشکرا کردووەو لە گەلێك شوێنی کتێبەکەیدا ، بەباشی پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە . بۆ نموونە لەباسی ( نیشانەی نەناسیاوی ) لەکرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا ئەوەی دەست نیشان کردووە ، کە ( ێ ) کورت کراوەی ( یێك )ە ، لە هەندێك ناوچەدا بەکار دێت .

مامۆستا کوردۆ لە بەندی ( ٥٣ )ی باسی ( ڕەسەن ) دا چەند دۆخێکی دەست نیشان کردووە . بۆ نموونە ( لە دۆخی بانگ کردن ) دا لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروودا ، کە وەرگێڕ بە ( دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ناو یان دەبات ) دەڵێت : (( دۆخی بانگ کردن لە سۆرانی دا ( ـێ ) بۆ مێیەو ( ـە ) بۆ ڕەسەنی نێرە . ))(٢)

مامۆستا لە بەندی ( ٦٥ ) دا پێی وایە ، کە ( ێ ـ ۆ ـ ە ) ڕۆڵی ڕێزمانی دیان هەیەو ناوی تایبەتی دادەڕێژن و بەو بۆنەیەوە دەڵێت : (( ( ێ ) بۆ داڕشتنی ناوی تایبەتی ڕەسەنی مێیەوە ( ـۆ ) بۆ داڕشتنی ناوی ڕەسەنی نێرە )) .(٣) نموونەکانیشی ئەمانەن : (( بێزێ ( لە بێزار ) ، فاتێ ( لە فاطمە ) داڕێژراوە )) .(٤) لە ڕاستیدا مامۆستا لەمەدا بەهەڵەدا چووە ، کە پێی وایە ، ئەم ( ێ ) یە ناوی تایبەتی داڕشتووە ، چونکە ئەو ( ێ ) یە نەبووە بە هۆی گۆڕانی بەشێکی ئاخاوتن بۆ بەشێکی دی تابڵێین ناوی تایبەتی داڕشتووە ، بەڵکو ئەرکی ئەو ( ێ ) یە بۆ بانگ کردن و بچووك کردنەوەیە . ئەویش هەمان

---

( ١ )     ك.ك . کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی وسۆرانی ، د . کوردستان موکریانی لە زمانی ڕووسیەوە کردوویە بەکوردی هەولێر ، ١٩٨٤ .

( ٢ )     هەمان سەرچاوە ، ل ٧٧ .

( ٣ )     هەمان سەرچاوە ، ل ٧٧ .

( ٤ )     هەمان سەرچاوە ، ل ٧٩ .

ئەرکی ( ە ) دەبینێ لە بچووک کردنەوەی ناودا لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا. وەک: ( فاتێ )، ( فاتە )، بەڵام وەک پاشگر بتوانێت ناوی تایبەتی دروست بکات، دەتوانین ( کاڵێ ) بکەین بە نموونە، کە بریتی یە لە ( کاڵ + ێ ) بوو بە ( کاڵێ ) بۆ ناوی تایبەتی ئافرەتان.

هەروەها مامۆستا لە جیاکردنەوەی نێرومێ لە دۆخی تیاندا دەڵێت: (( نیشانەکانی دۆخی تیان ( ـی، ـێ ) لە هەردوو دیالێکتەکەدا هەمان ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕن )). (١) پاشان ئەوەش بە ڕاست دەست نیشان دەکات، کە (( هێندێک جار لە بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خوارووداشەم دوو نیشانەیە کە تیگۆری ڕەسەنی ( نێرومێ ) تێکەڵ دەکەن، ئەمەش بە تایبەتی لە نیشانەی ( ـێ ) ی مێدا بەرچاو دەکەوێ )). (٢)

. مامۆستا کوردۆ ڕاست بۆ ئەوە چووە، کە لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا نیشانەکانی دۆخی تیان بە دەگمەن بەرچاو دەکەون و، ئەویش لە هێندێک ووشەدا هەن. ئینجا سێ نموونەی دیاری کردووە (( ئێوارێ، شەوێ، ماڵێ )) (٣) وتێکستەکانی (مەکەنزی کردوتە بەڵگە. لە ڕاستیدا تەنها ئەو سێ وشەیە نییە کە وەک مامۆستا بۆی چووە نیشانەی دۆخی ناڕاستە وخۆیان چۆتە سەر، بەڵکو نموونەی دیش زۆرە وەک: ((دەشتێ، پشدەرێ، ساجێ، حەجێ ...)). (٤)

کوردۆییف، کە وێنەی سەرنیشانەکانی خستنەسەر لە ژێر سەرناوی (ئامرازەکانی خستنەسەر) دا ئەوەی دەست نیشان کردووە، کە ( ێ ) وەک ئامرازێک ( بەلای ئێمەوە ـ نیشانە ) لە هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردیدا دەوری ( خستنەسەر ) دەبینێت. بێ گومان نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت، کە مامۆستا کوردۆ ئەو جیاوازیەشی دەست نیشان کردووە کە لە دیالێکتی ژووروو ( ێ ) لەگەڵ ناکی ڕەسەنی نێر بەکار دێت و (( لە بەشە دیالێکتی

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.
( ٢ ) هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.
( ٣ ) هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.
( ٤ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) ـ ناو ـ، ل ١٧٨.

بنگرد ، پژدەر ، هەولێر ، ڕەواندزدا ئامرازی خستنە سەری ( ێ ) بە ڕەوانەوە دەلکێن کە مێن )) ، ( ١ ) پاشان مامۆستا دەڵێت : (( لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کەوا لە دیالێکتی سۆرانیدا ( لە بەشە دیالێکتی سلێمانی و موکری نەبێ ) دوو جۆرە ئامرازی خستنە سەر هەیە ، کە ئەویش (ـێ) و (ـی) ، کە هەر دووکیان بەرامبەری ئامرازی (ـا ) و (ـێ) خستنە سەری کرمانجی ژووروون و ڕەسەنیش پیشان دەدەن ، بەڵام هێندێك جار ئەم دوو ئامرازە لە بریتی یەکتر بەکار دێن ، بۆ وێنە ئەمانەی خوارەوە بەراورد بکە:

لەگەرمای من . ( مەکەنزی ـ ٢١٤ )

کچێ مامێ وی . ( مەکەنزی ـ ٢٢٠ ... )) ( ٢ )

مامۆستا کوردۆ سەبارەت بە کرداری ڕانەبردوو لە بەندی ( ١٩٦ ) دا ڕاست بۆ ئەوە چووە ، کە دەڵێت : (( زۆربەی بناخەی کاری ڕانەبوردوو یەکەم کردنەوەی وە یا گۆڕینی کۆتایی بناخەی کاری ڕابوردوودا دەڕێژرێ . ئەم کارانە ڕیزە کارێك لە کاری نەچەسپیو پێك دەهێنن . ئەم کارە نەچەسپیوانە لە ڕووی دارشتنی بناخەی کاریانەوە چەند جۆرێکن هەر جۆرەش تایبەتێتی گۆڕینی دەنگی ڕەگێکی هەیە ، وەك لە خوارەوەش دابەش کراوە . )) ( ٣ )

ئینجا مامۆستا لە خاڵی سێیەمی ئەو دابەش کردنە ، کە جێ بەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەیە دەڵێت : (( ٣ ــ جۆری ئەم کارانە جۆریکی تایبەتە بەو کارانە ، کە بناخەکاری ڕابوردوویان کۆتایی بە ( ـ ا ) دێت و لە بناخەی کاری ڕانەبوردوودا بە ( ـ ێ ) دەگۆڕێ . ئەم جۆرە گۆڕینە بە زۆری لە دیالێکتی خواروودا بەرچاو دەکەوێت . )) ( ٤ )

پاشان مامۆستا بەشێوەیەکی زانستی کۆمەڵێك چاوگی لە هەر دوو دیالێکتدا کردۆتە نموونەی بۆچوونەکانی ، وەك :

---

( ١ ) ك . ك . کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، ل ٩٣ .

( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٨ .

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٥ .

( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٧ .

| چاوگ |  | بناخەی کاری رابوردوو |  | بناخەی کاری رانەبوردوو |  |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| کرمانجی | سۆرانی | کرمانجی | سۆرانی | کرمانجی | سۆرانی |
| زایین (زان) | زان | زا | زا | زێ | زێ |
| ستران | — | سترا | — | سترێ | — |
| رازان | — | رازا | — | رازێ | — |
| — | خووسان | — | خووسا | — | خووسێ |
| — | چەرخان | — | چەرخا | — | چەرخێ |
| — | شکان | — | شکا | — | شکێ )) ٠ (١) |

بێ گومان کارەکانی مامۆستا کوردۆ سەرباری بوونی کەم و کوڕیی بکارێکی بایەخدارو کەم وێنە دەژمێردرێت ٠ چونکە گەلێك ڕووی ڕاست و زانستی دەربڕیوە ٠

مامۆستا ساڵح حسێن پشدەری لە کتێبی (( کورتە یەك لە ڕێزمانی کوردی کرد و کوو لێکۆڵینەوە )) دا (٢) لابەلا لە چەند شوێنێکدا پەنجەی بۆ مۆرفیمەکانی ( ێ ) راکیشاوە ٠ بۆ وێنە پێی وایە ٠ کە ( ی ٠ ێ ) ( نیشانەی ناساندن ) ن و لە بارەیانەوە نووسیویە :(( ئەم پیتە لە هەندێ ناوچە دا بۆ بیرهاتنەوەی شتی زانراو بە هۆشی دەخریتە دووا ووشەکەیەوە و دەلێت : سبەینێ زوو هەستا ٠ لە ڕەنگی سەماوەری ٠ ٠٠٠ بە هاوینێ ٠ لە حەجێ ٠ لەکن مەلای چۆ خێنێ ٠ جێشتێ لێ بنێ ٠ شەوێ بە ئاسوودیی نووست )) ٠ (٣) پاشان هەندێك نموونەی بۆ کرمانجی ژووروویش هێناوەتەوە و وتوویە :(( لە کرمانجی ژووروش دا دەلێت : ٠٠٠ وێ شووری خوەبەردەمە روونە وێ ئافتایێ ٠ نەرشینە لێ گوڵێ ٠ خباتێ بکە خیاڵێ نەکە )) ٠ (٤)

---

(١) هەمان سەرچاوە ٠ ل ١٧٧ـ ١٧٨ ٠

(٢) ساڵح حسێن پشدەری ٠ کورتە یەك لە ڕێزمانی کوردی کرد وکوو لێکۆڵینەوە ٠ بەغدا ٠ ١٩٨٥ ٠

(٣) هەمان سەرچاوە ٠ ل ٢٦ ٠

(٤) هەمان سەرچاوە ٠ ل ٢٦ ٠

لێرەدا مامۆستا بە هەڵەدا چووە ، چونکە ئەو ( ێ ) یە نیشانەی (مێ) یە و لە دۆخی تیاندا دەچێتە سەر ناو . هەروەها ( ی ) ش دەچێتە سەر ناوی ( نێر ) . بە تایبەتی لە ناوچەکانی موکریان و سۆران زیاتر هەستی پێ دەکرێت . هەرچی ( ێ ) ی کرمانجیی ژووروویە و حاڵەتەشە ، بە پێچەوانەی خواروو بۆ جنسی نێرە .

مامۆستا صالح حسێن پشدەری لە شوێنێکی دیدا بۆ ئەوە چووە ، کە ( ێ ) کورت کراوەی ( ێیک ) ە و لەگەڵ نیشانەکانی ( ەک ، ێک ، یەک ) دا گروپێ ، وەک : (( ساڵێ ، بە قەد نێرکەرێ ئەبێ ، بزنێ قەڵەو ، کورەکەچەڵێ ریوێ ئەگرێ )) . (١)

هەروەها ماموستا ئەوەیش دەستنیشان کردووە ، کە نیشانەی ( ێ ـ ێک ) ی تاکیەتی نیشان دەدات . بۆ ئەوەیش دوو خاڵی یادداشت کردووە و دەڵێت : (( آ ــ دەخرێتە دووا ووشەی یەکەم ، وەک کاتێکی خۆش ، بە دڵێکی شاد ...

ب ــ دەخرێتە دووا ووشەی دووەم ، وەک .
مەڕی ئاغایێک ، دەنکە جۆیەک ... )) . (٢)

لێرەدا دەبێ ئەوە بووترێت ، کە مامۆستا نموونەکانی تەنها باسی ( ێیک ویەک ) دەکات و بە هیچ شێوەیەک نموونەی بۆ ( ێ ) نە هێناوەتەوە ، نووسیوویە (( قەراخی چەمێک )) ، (٣) کە هەمان ڕستە دەتوانرێت بکرێت بە نموونەی دووەم خاڵ وەک ( لە قەراخی چەمێ ) یان ( لە نزیک شارێ ) .

ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە بێت لە کتێبی مامۆستا (صالح حسێن پشدەری) دا ڕاست باس ئەوەی کردووە ، کە ( ێ ) وەک نیشانەیەک بۆ بانگهێشتن بەکار دێت وەکو : (( کچێ ، خوشکێ ، پووریێ )) . (٤)

لە وتارێکی مامۆستا عەبدولوەهاب خالیددا ، کە لە ژێر سەرناوی

---

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧ ــ ٢٨ .
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٣١ ــ ٣٢ .
( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٣١ .
( ٤ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٣ .

(( نیشانێد نێرومێ )) [1] دایەو بە دیالێکتی کرمانجی ژووروی زمانی کوردی نووسراوە لە باسی نیشانەی ( یٚ )ی خستنەسەردا وتراوە : (( ئیزافا ( یٚ ) ... ئەڤ ئیزافە ــ نیشانە ــ دەچێتە سەر پەیڤەکا ئیزافە ( نێر ) وە بکریێت لەوی دەمی ، ئەگەر چ جهناڤێد نیشاندان ل بەراهیاوی پەیڤێ نەهاتن ئەو پەیڤ دێ ئیزافا ( یٚ ) وەرگریتن و دێ یاپێڤی دیارخەرەکی بیت ، کو ل دویڤ ئیزافا ( یٚ ) ڕابهێتن . دا واتایەکا تەواو ب بەخشیت )) . [2]

پاشان چەند نموونەیەك هێنراوەتەوەو نووسراوە ، ئەگەر ئەو ڕستەیە ناوێك بێت بەم شێوەیە دەردەکەوێت .

(( ١ــ کوڕ + یٚ + وی ناف ( دیارخراو ) + ئیزانە ( بۆ نێر ) + جهناڤێ نیشاندان بۆ نێر ( دیارخەر ) .

٢ــ کوڕ + یٚ + بەژن ڕێك و بلند .

ناڤ ( دیار خراو ) + ئیزانە ( بۆ نێر ) + سیفە ( دیارخەر )) . [3]

ناوبراو ڕاست بۆ ئەوە چووە ، کە ئەم حاڵەتە تەنها بۆ ( ناو ) نییە ، بەڵکو بە هەمان شێوە لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەردەکەوێت ، وەك :

(( ١ــ شین + یٚ + جاڤێد وێ .

ئاوەڵناڤ ( دیار خراو )+ ئیزانە ( بۆنێر ) + سیفە ( دیارخەر )

٢ــ ڕەنگ + یٚ + ڕۆژا زەلال .

ئاوەڵناڤ ( دیار خراو ) + ئیزانە ( بۆنێر + سیفە (دیارخەر ) )) . [4]

نووسەر خاڵێکی گرنگی دیکەی دیاری کردووە : (( ئەگەر ئەو پەیڤ ئاوەڵکارەك ژی بیت دێ ب ڤی ئارای دەرکەڤیتن :

١ــ جە + یٚ + خوشی و دل ڤەکەر .

ئاوەڵکار ( دیارخراو ) + ئیزانە ( بۆنێر ) + سیفە (دیارخەر ) .

---

( ١ ) عەبدولوهاب خالید ، نیشانێد نێرومێ ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٢٤ )ی ساڵی ١٩٨٧/١١/١٩ .

( ٢ ) هەمان سەرچاوە .

( ٣ ) هەمان سەرچاوە .

( ٤ ) هەمان سەرچاوە .

٢ــ ڕەخ + ی + هەئاوەلکار ( دیارخراو ) + ئیزافە (بۆنیر) + پاشگری (هە ؛ بۆ دەستنیشان کرنی ( دیارخەر ) . )) . (١)

مامۆستا عەبدولڕەحمان کاکل وتارێکی بە ناوی (( دەورەکانی نیشانەی [ ــ ەك ، ێك ــ ی ] . )) (٢) ەوە بلاوکردۆتەوە ، ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ــ نیشانەی (ی) یە . سەرەتا نووسەر دەڵێت . (( ئەوەی لێرە من مەبەستمە ڕوون کردنەوەی دەورەکانی ئەم نیشانەیە ، کە بێجگە لە نەناسیاری چ دەوری تر دەبینن و هەروەها نیشانەکە چی یەو لە چی یەوە هاتووە ، دوایش دەوری نیشانەکە لەگەڵ بەشەکانی ئاخاوتندا چۆنەو دەچێتە سەر کامیان و ناچێتە سەر کامیان . )) . (٣) پاشا ن نووسەر بۆ ئەوە دەچێت ، کە ئەم نیشانانە کورت کراوەی (یەك) ن و بە تیپەڕ بوونی کات و زۆر بەکار هێنان ئەم گۆرانانەیان بەسەردا هاتووە . نووسەر ڕاست بۆ ئەوە چووە کە لە ناوچەی موکریان و سلێمانی دا ( ێك و ی ) بە زۆری بەکاردێت بەلام دەبوایە ئەوەیشی گوتبا ، کە (( نیشانەی نەناسیاری لەگەڵ ئەو ناوانەی کۆتاییان بە نەبزوێن هاتووە شێوەی (ێك ــ ی) دەبینن و لەگەڵ ئەو ناوانەش ، کە کۆتاییان بە بزوێن هاتووە لە شێوەی ی (ك) یەك دەبێت .

ــ میری سۆران لە شکرێکی ڕێك و پێکی پرچەکی پێوەست بوە .

ــ کەسەرم هەڵبری ئەبینم دەرۆیشن لە بەر دەرگاکەم ڕاوەستاوە)) . (٤)

ئینجا دەڵێت : (( ... دەبینین وشەکە هێندە لە سەرچاوەکەیەوە دوور نەکەوتۆتەوە تا نەناسرێتەوە ئەم دیاردەی پیت سووان و گۆرانەشی لە زمانی کوردیدا شتێکی بەڵگە نەویست و ئاشکرایە کە هۆی گۆڕان و بەرەو پێش چوونی

---

(١) هەمان سەرچاوە .

(٢) عەبدولڕەحمان کاکل ، دەورەکانی نیشانەی ــ ەك ، ــ ێك ، ــ ی ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٧٥ ) ، ڕۆژی ١٦ / ٥ / ١٩٨٨ .

(٣) هەمان سەرچاوە .

(٤) بڕوانە : د . زەری عارف یوسوپۆڤا ، ناو ، وەرگێڕانی دوکتۆرە کوردستانی موکریانی ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٨٩٧ ) ، ڕۆژی ٢ / ٧ / ١٩٨٧ .

زمانه و زمانیش به ره و سووکی هه نگاو ده نێ ٠ )) ٠ (١)

نووسه رپاش ئه م پێشه کییه کورته تێبینی یه ك تۆمار ده كات و ده لێت :
(( به پێویستی ده زانم كه ته نها نیشانه ی [ ه ك ٠ ێك ] بكه م به نموونـــه ی باسه كه و نیشانه ی ( ێ ) هه لبوێرم ٠ له به ر ئه وه ی ٠ له گه ڵ نیشانـــه ی (ێك ) یه ك ده وری هه یه هه ركورتكراوه ی (ێك ) ه و هه رله هه مان ناوچه ش به كار دێ ٠ )) ٠ (٢) به ڵێ . ڕاسته ( ێ) كورت كراوه ی ( ێك ) ٠ به ڵام خـــه رج نییه هه مان ده وری (ێك ) ی هه بێت ٠ بۆ نموونه ده ڵێین : (مه نجه ڵێـك شیرم كوڵاند ) ٠ هه روه ها ده وترێت ( مه نجه ڵێ شیرم كوڵاند ٠ ) ٠

یاخود : (( كاتێـك نیشانه ی (ێك) ده كری به ( ێ) ٠ ئه وه به ڕه وانی له سه ر ده ستووریكی رێك و پێك ده ڕوا و ئه و لادانه نامێنێ ٠ كه لـــــه به كارهێنانی (ێك ) دا ده بینرێ ٠ وه ك : دیوار_ دیوارێ _ دیوارێك ٠ گا _ گاێ _ كایه ك ٠ هه ڵۆ _ هه ڵۆ یێ _ هه ڵۆ یه ك ٠مو _ موو ێ _موو یـــه ك ٠٠٠ هتد٠ له مه دا ئه وه مان بۆ ده ركه وت كه له حاڵه تی به كارهێنانـــــی (ێك ) دا ده ستووره كه شێواوه ٠كه چی له حاڵه تی به كارهێنانی ( ێ )دا ڕێك و پێكــه )) ٠ (٣) كه واته پێویستی به وه ده كرد هه ندێك تیشك بخاته ســــه ر نیشانه ی ( ێ ) و خۆی لێ هه ڵ نه بوێردایه ٠

عه بدولڕه حمان كاكل له خاڵێكی دیكه دا له ژێر سه ر ناوی (تاك و كـــۆ ) بڕیاری ئه وه ده دات( ه ك ٠ێك ) ناچێته سه ر ئه و ناوانه ی ٠ كه به هـــۆی نیشانه كانی كۆكردنه وه كـــۆ كرابێته وه ٠ وه ك : (( به رخ +ێك = به رخێـــك + ان = به رخان ٠
_ شوان + ێك = شوانێك + ان = شوانان )) ٠ (٤)

---

(١) عه بدولڕه حمانی كاكل ٠ ده وره كانی نیشانه ی یه ك ٠ ێك ٠_ێ ٠
(٢) هه مان سه رچاوه ٠
(٣) د ٠ ئه وره حمانی حاجی مارف ٠ ڕێزمانی كوردی _ به رگی یه كه م _ مۆرفۆلۆژی( یه شی یه كه م ) _ ناو _ ٠ ل ٩٣_ ٢١٤ ٠
(٤) عه بدولڕه حمان كاكل ٠ ده وره كانی نیشانه ی _یه ك٠ _ێك ٠ _ ێ

لە بەر ئەوەی لە سەرتای وتارەکەیدا ( ێ ) ی بە کورتکراوەی ( ێـك ) دانا ، بۆمان هەیە ڕەخنە لەو بۆچوونەی بگرین کە سەبارەت بە ( یـــێ ) دەری بڕیوە ، چونکە مەرج نییە ( ان ) ی کۆ چوو ، سەر ناوێك نیشانەی نەناسیاوی وەر نەگرێت ، بۆ نموونە : (( کەسانێك ، ڕۆژانێك ، لاوانێك ،... )) .(١)

( ١ )  د . ئەورەحمانی حاجیمارف ، ڕێزمانی کوردی ــ بەرگی یەکەم ــ
مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) ــ ناو ــ ل ٢١٥ .

## تێشکیـــــــــــك :

تائێره ــ واته دوای کەمێ نیشاندانی ئەوەی چی لە بارەی مۆرفیمە کانی ( یّ ) لە زمانی کوردیدا نووسراوە ٠ ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە ، کە نووسەرانـــی ڕێزمانی کوردی لە سەر بەشێکی زۆری کێشەکانی ڕێك نەکەوتوون وێڕای ئەوەش برێکی لێدوانەکان سادەو ساکارن و هەڵەو ناتەواوی و کەموکورتییان تێدایـــەو بەلای زۆر لایەنی باسەکەدا نەچوون و تیشکی ڕووناکییان ئاراستەی گەلێـــــك ڕووی نەکردووەو ئەنجامێکی سەرکەوتوویان بەدەست نەهێناوە ٠٠٠ بـــەلام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کارێك هەیە ، لە سەر کەرەستەی باش و شێـــوازی زانستی نووسراون ٠٠٠ ئەگەرچی ئەو جۆرە هەوڵانە گەلێ ڕووی ( یّ ) یــــــان ساغ کردووەتەوە ، بەڵام هێشتا چەندین نادیاری و تەم ومژ بەسەر ئـــــــەو کێشەیەی زمانەکەمانەوە هەیە ، ئاشکرا نەکراون و نەرەوێنراونەتەوە چەنانەت هەندێ شتی زۆر ئاشکراش دەبینین ، کە بەهیچ چەشنێك لایان لێ نەکراوەتەوە بۆیە ئێمەش بەشی بەحاڵی خۆمان لە ڕێی ٠ وەلاوەنانی خەوش و هەڵــــــــە ، پڕکردنەوەی کەموکورتی و ناتەواوی ، سوودوەرگرتن لە لایەنە ڕاست و چاکەکانی کاری پێشڕەوان و گەڕان و سۆراخ و لێکۆڵینەوەی خۆمان هەوڵ دەدەیـــــن ، بە پێی توانست لە فەسڵی دووەم و سێیەمدا لایەنە ڕاست و باس نەکراوەکانی مۆرفیمەکانی ( یّ ) بخەینە پێش چاو ٠

# سەرنجی چوونە ناو بابەتەوە

وه ك ده زانین له زانستی زماندا به گه لێك جۆر پێناسه ی مۆرفیم كراوه ، به تایبه ت له رووی مۆرفۆلۆژی و سنتاكس و سیمانتیكه وه . هه ندێك به بچووكترین دانه ی واتاداری زمان و هه ندێكی دی به بچووكترین دانه ی واتاداری زمانه له فۆنێمێ یا زیاتر پێك دێت و ده وریكی له رێزمانا هه یه و ده سته یه كی دی به بچووكترین دانه ی رێزمانی داناوه [1] ... به گشتی یش سێ خاسیه تیان بۆ دیاری كردووه :

١. واتادار بێت .

٢. رۆلی رۆنانی وشه ببینێت .

٣. رۆلی سینتاكسی هه بێت .

به و پێ یه ده شێ له زمانی كوردیدا دوو جۆر مۆرفیم ده ست نیشان بكرێن :

( آ ) مۆرفیمی سه ربه ست .

( ب ) مۆرفیمی به ند .

( آ ) مۆرفیمی سه ر به ست .

مۆرفیمی سه ربه ست ئه و مۆرفیمه یه ، كه به ته نیامانا یه كی سه ربه خۆی هه یه ، وه ك : ( شه و ، چاو ، سه ر ، رۆژ ، به رد ، ماڵ ...) و به هۆی مۆرفیمی به نده وه ده توانرێت چه ندین وشه ی نوێ یان لێ رۆبنرێ و له گه لێ دۆخی رێزمانیدا ئاڵوگۆریان پێ بكرێ ... گه رچی مۆرفیمه سه ربه سته كان له زماندا رۆڵێكی گرنگ ده بینن ، به لام له گه ڵ ئه وه شدا به ته نیا زۆر شتیان پێ ناكرێ و هه موو كاریكیان پێ هه ڵناسوورێ بۆ به جێ هێنانی ئه رك و مه به ستی ته واوی زمان و نه هێشتنی گیروگرفتی ده ربرین له گه ڵ مۆرفیمه به نده كاندا یه ك

---

( ١ ) بروانه : د. وریاعومه ر ئه مین ، ووشه ، گۆڤاری (( نووسه ری كورد )) ژماره ( ٩ ) ، به غدا ، ١٩٨٢ ، ل ٨٥ ، د. ئه وره حمانی حاجی مارف ، وشه رۆنان له زمانی كوردیدا ، به غدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٣.

دەگرن . (١)

(ب) مۆرفێمی بەند :

ئەو مۆرفێمەیە کە بەتەنیا مانای نییە وسەربەخۆ بەکار نایەت و بە مۆرفێمێکی دیکەوە بەندە ـ واتە مۆرفێمی بەند بەلکاندنی بە مۆرفێمی سەربەستەوە دەردەکەوێ . بۆ نموونە مۆرفێمی بەندی ( ێ ) کە لەگەڵ مۆرفێمی سەربەستی ( گوڵ ) یەک دەگرێت ، وشەیەکی نوێ دروست دەبێ و ماناو مەبەستێکی دی کە ( گوڵێ ) یە دێتە گۆڕێ .

لە زمانی کوردیدا مۆرفێمی بەند زۆرە کە لە شێوەو قاڵبی ( پێشگر ) و ( پاشگر ) و ( ناوگر ) و ( ناوبەند ) و ( نیشانە ) ... دا دەردەکەون .

مۆرفێمە بەندەکانی زمانی کوردی دەشێ بکرێن بە دوو بەشەوە :

( ١ ) مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ .

( ٢ ) مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ .


مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ ئەو مۆرفێمەیە کە ئەرکی ڕێزمانیی جۆراوجۆر دەبینێ وحاڵەتی هەمەچەشن نیشان دەدات وەک (ژمارە، کەس ، کات ، ناسیاوی ، نەناسیاوی ، جیاکردنەوەی ڕەگەز ... هتد ) . بۆ نموونە (ێ) ی جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی دووەم کە کەسی سێیەمی تاک نیشان دەدات و دەوترێت ( دەچێ ) ، وەک مۆرفێمێکی بەند دەتوانێ لەگەڵ مۆرفێمێکی سەربەستدا یەک بگرێت و دۆخی ڕێزمانی ساز بکات . بە مانایەکی دی ئەم مۆرفێمە بەندە توانی لە رووی سینتاکسەوە حاڵەتی کەس و ژمارە دیاری بکات ، وەک ( کەسی سێیەمی تاک ) ی دیاری کرد ...

مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژیش بریتییە لەو ئەفیکسانەی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ ماناو مەبەستی نوێتر لەکاردان ـ واتە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئەرکی داڕشتنی وشە دەبینن ...

---

( ١ ) لێرەدا بە چەند دێڕێک و بەکورتی لە مۆرفێمی سەربەست دواوین ، ئەویش لەبەر ئەوەی مۆرفێمەکانی ( ێ ) بەندن و، ڕاستوایە ئەو جۆرە مۆرفێمە بەتەواوی وباشی باس بکەین .

بەو پێیە مۆرفیمە بەندەکان لەم وێنەیەدا نیشان دەدەین




کەواتە ئەو مۆرفیمەی ئەفیکس پێوە دەلکێت بە مۆرفیمی سەربەست دادەنرێت وئەوانی دی بە مۆرفیمی بەند بۆ ڕۆنانی وشەیەکی نوێ یاخود دەربڕینی حاڵەتێکی ڕێزمانی ٠ دەشێ لەگەڵ مۆرفیمێکی سەربەستدا چەند مۆرفیمێکی بەند دەرکەوێت ، بۆ نموونە ، تائەم ماوەیەی پێشووش ( اندن ) وەك پاشگر تەماشا دەکرا بۆ گۆڕینی تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی مۆرفیمەوە ( اندن ) هەڵوەشێنین وپارچەی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ( اندن ) پاشگر نییە وبریتی یە لە چەند مۆرفیمێك : وەك ئاشکرایە ، ( ن ) نوونی چاوگەو هەموو ڕێزمان نووسانی کورد لەسەر ئەوە ڕێکن وبێ کێشەیە ، کە کۆتایی چاوگە کوردی یەکان بە ( ن ) کۆتایی دێت ٠ کەواتە ئەو ( ن ) ، بەبێ کێشە بووبە ( نوونی چاوگ ) ٠ دێینە سەر ( د ) ، کە بەلای ئێمەوە مۆرفیمێکی بەندەو کات پیشان دەدات ، ئەویش کاتی ڕابردووە وەك لە وشەی ( سووتاند ) : ( دەغڵەکەی سووتاند ) ٠ مۆرفیمی ( ان ) دەمێنێتەوە ، ئەویش مۆرفیمێکە کرداری تێپەڕ دەکاتە تێنەپەڕ ٠ ( ١ )

کەواتە ، ڕێگا کراوە یە مۆرفیمێکی سەربەست چەند مۆرفیمێکی بەند بەڕیز پێوەی بلکێت و هەریەکەشی دەوری خۆی ببینێت ، یاخود لە مۆرفیمی بەنددا ئەوە دیار دەکەوێت ، کە چەند حاڵەتێکی ڕێزمانی پیشان دەدەن ٠ وەك : ( ئامراز ، نیشانە و ٠٠٠ هتد ) ٠

---

( ١ ) بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح - ئەم ناوە وا دیارە مسته فازەنگەنە ، پێکهێنەرەکانی ( اندن ) وئەرکەکانیان ، گۆڤاری (( کاروانی ئەکادیمی )) ، هەولێر ، ١٩٩١ ، ل ٧٥ ٠

ئەمیش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، کە مۆرفیێم بەندبەشێوەیەکی گشتی و بەڕوا ڵەت بێ مانایە ، بەڵام کە لەگەڵ مۆرفیمێکی دیکەدا یەک بگرێت ، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ، دەبێتە هۆی دروست کردنی وشەیەکی نوێ • هەروەها لە ئاستی ڕێزمانییدا حاڵەتی جیا جیا پیشان دەدات •

# بەشی دووەم

## مۆرفیمەکانی (ێ) وەک وشەگۆڕ

( ١ ) مۆرفیمی ( یّ ) وه ك نیشانه ی جنسی مێ له دۆخی ناڕاسته وخۆدا :

مۆرفیمی ( یّ ) وه ك نیشانه ی جنسی مێ له دۆخی ناڕاست وخۆ لــــه هه ر دوو دیالێکتــه سه ره کیه که ی زمانی کوردیدا ده بینرێت . له سه ربا کـــی ده ئه ره کانی سه ر به دیالێکتی کرمانجی ژووروودا تا ئه مرۆش به شێوه یێکـی چالاك به کاردێت هه رچی له دیالێکتی کرمانجی خوارووداییه له چه ند ناوچه یه کدا تائه م سه رده مه ش زۆر به کاردێت ، به لام له ناوچه ی سلێمانی دا بــه ته واوی ئه م نیشانه یه فه رامۆش کراوه . بۆیه ده لێین فه رامۆش کراوه ، چونکــه ئێمه پێمان وایه ئه م نیشانه یه له سه ر ده مێکی زۆر کۆنا وه ك له دیالێکتــی ژووروو به کار هاتووه ، ئێدی هێدی هێدی به ره و له ناو چوون چــــووه . به لگه شمان بۆ ئه م بۆچوونه ئه م به یته شیعرانه ی ( نالی ) یه کــــه ده لێت :

تاپێ نه که نێ کوڵ به ده می بادی سه باوه
نه مگوت که ( شه وێ ) بلبلی بێ چاره حه قی بوو . ( نالی ، ل ٨٩ )

یاخود :

فه رمووته که بانگم که ( شه وێ ) دێمه که نارت
قوربان وه ره شه و رۆیی ئه وا وه عده ی بانگــه ( نالی ، ل ٩١ )

که واته ره نگه تا سه رده می نالیش هه ر نیشانه ی ( یّ ) به کارهاتبێـت و پاشان له ناو چووبێت . ئه م نیشانه یه هێشتا له گه لێك ناوچه ی دیکـــه ی کوردستان وه ك (( موکریان و سۆران و هه ندێك له ده وروپشتی سلێمانیش ))( ١ ) بۆ جیاکردنه وه ی ره گه زی مێ له نێر له دۆخی ناڕاسته وخۆدا به کار ده هێنری .

بۆ نموونه له ناوچه ی موکریان ده وترێت :

— های لاوه ، میرمه م ، له و شیرن خه وه ی ، هه لسته گه لێکی وه کــو میری هاته وه له ڕاوێ .

( تحفهٔ مظفریه ، ب ١ ، ل ٣١٣ ) .

— ده ستره ی بایه زینێ برد ، داتی ده یرفێنێ .

( تحفهٔ مظفریه ، ب ١ ، ل ٣١٦ ) .

---

( ١ ) د . ئه وره حمانی حاجی مارف ، رێزمانی کورد ی ـ به رگی یه که م ـ مۆرفـۆ ـ لۆژی ( به شی یه که م ) ـ ناو ـ ، به غدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٧٢ .

— بەزمانی ئارەیان دەژنیێ خوری •

(تحفه مظفریه • ب١ • ل ٣١٧) •

— دلم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ • لەبەر ئەوێ ژانێ •

— ئەمن هەورێك بووم لە هەورەكانی دەیەهەشتێ •

(تحفه مظفریه • ب١ • ل ٢٣٧) •

— خولاوەندی عالەمیان ئەمنی لەبۆ تۆ هاویشتەبێ دەشتێ •

(تحفه مظفریه • ب١ • ل ٢٣٧) •

چۆن لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان ئاشكرا بوو • كە لە ناوچەی موكریاندا (ێ) وەك نیشانەی من لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بە ناوەوە دەلكێت • بە هەمان شێوە لە ناوچەی سۆرانیشدا بەدی دەكەین • بۆ نموونە :

— ( جغـارە ) كم بدەنێ

— بە دەستی خەجج خانێ •

(فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری • ل ٤٢)

— دەچمە مالی لەیلاێ

دەركە یان بە پەژینە •

(فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری • ل ٩٥)

— ئەگەر ناوی نازانن

عەیشێ كەریم سەركاری •

(فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری • ل ١٤٤)

— وەك جۆگەلەی لەبانان

وەك ڕووباری بەهاریێ •

( فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری • ل ١٩١)

— هاتی یەتەیری گەرمێنێ

بەوان دەرین تەتێ یە •

( چەپكێ هونراوەی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر • ل٦٥)

— ئامین و ئامین • مەڕ هاتە خوارێ

بەپێش بێریان كەت • كیژێ خەزازێ

بێنە ماچت كەم • كابانێ مارێ

کێ ئەمنی کووشتیە ، ئەی شەدەلارێ ٠

( چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ، ل ٤٦ ) ٠

هەروەك پێشتر پەنجەمان بۆ ئەوە درێژکرد ، کە لەناوچەی سلێمانیش هەمان نیشانە بەکار هاتووە ٠٠٠ جا جگە لەو بەیتەی ( نالی ) (( هەندێ پەندی پێشینان هەن ، کە نیشانەی ( ێ ) جنسی مێ یان تیێدا بەدی دەکرێ ٠ جائەو ( ێ ) یەی لەو پەندانەدا خۆی نواندووە لەوە دەچێ پاشماوەی جنسی مێ بێت لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا )) ٠ (١)

ئەم چەند نموونەیەشی پێش چاو دەکەوێت ٠

- دشی دشنێ ، بەچی دەچێ

( پەندی پێشینان ، ل ٢١٦ ) ٠

- لەگەورەگەوەری پشدەرێ ، هۆمان کەوتە قوون مزەجارێ ٠

( پەندی پێشینان ، ل ٣٥٤ ) ٠

- ژن لە ساجێ ، مێرد لە حەجێ پێکەوە گەیشتنە جێ ٠

( پەندی پێشینان ، ل ٣٦٤ ) ٠

- بیست ویەکی ئادارێ ، بە فربگاتە پاسارێ ، نامێنێ تاهێوارێ ٠

(پەندی پێشینان ، ل ٢٩٠ ) ٠

ڕەسەنی نێرو مێ لە دیالێکتی کرمانجی ژووروی زمانی کوردیلە دۆخی ناڕاستەوخۆدا زۆر ئاشکرا و ڕوونە ونیشانەکانی پارێزراون و (( لە دیالێکتی ژووروودا دۆخی تیانی تاك کۆتایی بە نیشانەی دوخێ تیان دێ ، کە ئەویش ( ـ ێ) یە ، ئەمەش لەکاتێك داکە ناوکە ڕەسەنی مێ بوو )) ٠ (٢)

کەواتە بۆ دیاری کردنی ڕەگەزی نێر و مێ لە زمانی کوردیدا پێویست (( وایە کە نیشانەکانی نێرومێ بەگوێرەی حاڵەتەکانیان جیا بکرێنەوە و باس بکرێن ٠ )) ٠ (٣)

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٨ ٠

(٢) ك٠ ك٠کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، د٠ کوردستان موکریانی لە زمانی ڕووسیەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٧٩ ٠

(٣) سەرچاوەی ناوبراو : د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم ـ مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) ـ ناو ـ ، ل ٣٨٢ ) ٠

چەند نموونەیەك بۆ ڕەسەنی مێینە لە دۆخی تیاندا ، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروی زمانی کوردی :

— پەروەر دەیکی ب ئافیتایێ
هەردەم بڕەسینی لێ گولایێ .

( خانی ، ل ٤٤٦ ) .

— دلی یارێ مەنەبو نەرم بصەد ئایی گری .
ئەڤەرێ دێ چهکەت ئاب بصەد قەطرەلەنگ ؟

(مەلای جزیری ، ل ٣٤٠ )

— یەك ئارمانج
یەك ڕێزان
یەك ڕامان
خەباتێ بکی
ژ بۆ کوردستان .

( صەبری ، ل ٦٧ ) .

— ئەز چووم نك نەسرینێ .
... هتد .

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو کە نیشانەی ڕەسەنی مێ لە دۆخی ناراستەوخۆدا ( ێ ) یە و نیشانەی ( ێ ) ش بۆ ڕەسەنی نێر بەکاردێت .

بێ گومان وەك پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە ، لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو ، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا لە چەند دۆخێك نەبێت ، بە تەواوی ئەم نیشانەی ڕەسەنە کۆتایی پێ هاتووە و بەبێ جیاوازی لە ڕەسەنی نێرو مێ ( ی ) بەکار دەهێنرێ ـ واتە بۆ دۆخی ناراستەوخۆ و دۆخی ڕاستەوخۆی یەك نیشانە لە ئارادایە ، کە ئەویش ( ی ) یە . نابێ ئەوەش لە یادبکەین ، کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا (( هەندێ ناو بە ڕچاو دەکەون ، کە لە ڕێزی جنسی دوولایەن دابنرێن ، وەك : هەڤاڵ ، سەرکار ، دژمن ، دۆست ، بەرخ ، کار ، گۆلك ، بشیك ، کافر ... وگەلێکی تر . ئەو جۆرە ناوانە کاتێ لە دۆخی

ناڕاستەوخۆدا بە واتای مێ دێن ، ئەوە نیشانەی (ێ) یان دەچێتە سەر ، خۆ ئەگەر بە واتای نێر بێت ، ئەو دەمە نیشانەی (ی) یان پێوە دەلکێ)). (١)

بۆ نموونە لەکاتی لەوەڕاندنی بەرخی مێ دا دەوترێ (( ئەزێ بەرخێ چێرینم )) و بۆ لەوەڕاندنی بەرخی نێریش دەوترێ (( ئەزێ بەرخی چێرینم )). (٢)

کەوا بوو هەرچەندە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا دەستوورێکی ڕێک و پێک هەیە بۆ دیاری کردنی ڕەسەنی نێرو مێ ، لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕێک دەکەوێ کە پێزپەر هەبێت . ئەویش شتێکی زۆر ئاسایی بە لە زماندا.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە هەردوو دیالێکتی زمانی کوردی دا (ێ) لە دۆخی تیاندا بۆ ڕەسەنی (مێ) بەکار هاتووە . ئەمیش ئەوە دەسەلمێنێ ، کە ((نزیکیی نیشانەی نێرو مێ و یەکگرتنەوەی ناوی نێرو مێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا ، دەتوانرێ بە یەکێک لەو بەڵگە زانستییانە دابنرێ ، کە نیشانی یەکێتی زمانی کوردی دەدەن )). (٣)

ئەگەر بە چاوێکی ورد بڕوانینە جاوگەکانی هەردوو دیالێکت ، ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت بەتایبەتی کە لە هەردوو دیالێکتدا جاوگەکان کۆتاییان بە (ێ) ی ڕەسەنی (مێ) دێت . لەبەشە دیالێکتی موکریان و سۆران وەك : (( خواردنێ ، گەڕانێ ، کردنێ ، گریانێ ، مردنێ ، ... هتد)). (٤)

هەروەها لە ناوچەی موکریان (( وشەکانی "دار ، ئاو ، شەرم ، ژان ، غەم ، ئیمان ، قیامەت ، دارستان ، زەمین ، ڕاو ، شەر ، کار ، کوێستان گەرمیان ... ناوی هەموو شار و ئاوایی ( جگە لە وشەی "شار ، دێ ، گوند ، .. کە نێرن" ... ) ..." لە جنسی مێن )). (٥)

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل١٨٣.
(٢) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل١٨٣.
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل١٨٤.
(٤) هەمان سەرچاوە ، پەراوێزی (١٢٩) ، ل ١٨٤ـ ١٨٥.
(٥) هەمان سەرچاوە ، ل١٧٣.

بۆ نموونه :

— (( ئه‌من ده‌زانم کاکه مه‌م ده‌گه‌ڵ یایه زینێ ده‌دیوانێ خــه‌وی لێ که‌وتووه)) ٠

(تحفهٔ مظفریه ٠ ب١ ٠ ل٣١٢)

— (( له‌وێ چاوی به‌ خه‌زاڵێ مه‌لا نه‌بی یان که‌وتبوو )) ٠

( تحفهٔ مظفریه ٠ ب١ ٠ ل ٣١٥)

— (( خان ئه‌حمه‌د خان شکا چوو بۆ ئه‌سته‌مبووڵێ )) ٠

(تحفهٔ مظفریه ٠ ب١ ٠ ل ١٧٩)

— (( ٠٠٠ به‌ کوردستانێ داهات ٠٠٠ ))

(تحفهٔ مظفریه ٠ ب١ ٠ ل ١٧٩)

— (( له‌دونیایێم لۆ نه‌بووی
چت لێ بکه‌م له‌ قیامه‌تێ ٠

( فۆلکلۆری هونراوه‌کانی‌کورده‌واری ٠ ل ٩٤)

٠٠٠ هتد ٠

(٢) مۆرفیمی ( ێ ) وه‌ك نیشانه‌ی جنسی مێ له‌ دۆخی بانگهێشتندا : (*)

ئه‌م مۆرفیمه‌ وه‌ك نیشانه‌ی بانگهێشتن له‌ هه‌ردوو دیالێکتــــه سه‌ره‌کیه‌که‌ی زمانی کوردیدا بۆ جنسی (مێ) له‌ دۆخی بانگهێشتندا به‌کاردێــت هه‌رچه‌نده‌ نیشانه‌کانی نێرو مێ له‌ دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا که‌م بۆته‌وه‌و تاڕاده‌یه‌کی زۆر جنسی نێرو مێ نه‌ماوه‌ ٠که‌چی ئه‌م نیشانه‌یه‌ له‌ دۆخی بانگهێشتندا ( ته‌نانه‌ت له‌ ناوچه‌ی سلێمانیش ) خۆی پاراستووه‌و به‌کــار ده‌هێنرێت و به‌کۆتایی ناوی مێوه‌ ده‌لکێت ئه‌میش ته‌نها بۆ تاکه‌ وه‌ك : (خوشکێ ٠ پووریێ ٠ کچێ ٠ بووکێ ٠ دایکێ ٠ کیژۆ ێ ٠ حورمێ) ٠٠٠ هتد ٠ جگــه له‌وه‌ی ( ێ ) وه‌ك نیشانه‌ی بانگهێشتن ده‌وری سه‌ره‌کی خۆی ده‌بینێــت ٠ هه‌روه‌ها ( هێ ) ش وه‌ك نیشانه‌ی یارمه‌تیده‌ر بۆ بانگ کردنی مێ پێشـــه ده‌خرێته‌ پێش ناوه‌که‌وه‌ وناوکه‌ش نیشانه‌ (ێ ) وه‌رده‌گرێت وه‌ك :

— هێ کچێ ٠ ئاگاداری خۆت به‌ ٠

(*) ئه‌م (ێ) یه‌ بۆ بچوك کردنه‌وه‌ی ناوی مێ به‌کاردێت ٠ بڕوانـــه لاپه‌ڕه‌کای پاشتر ٠

– هێ نەرمین ( ناوی ئافرەتە ) ، بەخێر بێیت . (١)

لە فۆلکلۆردا هەیە دەڵێ (( هێ ڕەوشەنێ ، هێ چەلەنگێ پێش قۆشەنێ . ڕەوشەن ناوی ئافرەتە ، چەلەنگیش کە بووەبە ئاوەڵناو بۆ ڕەوشەن ماملەتی مێی لەگەڵدا کراوە . )) . (٢) دەبێ ئەوەش بووترێت ، کە (( نیشانەکانی دوخێ بانگ کردن لە باری کۆدا لە هەردوو دیالێکتدا ڕەسەنی نێرومێ نی یە )) . (٣) هەروەها لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو لە دۆخی بانگهێشتندا ، ناو ئەگەر لە جنسی مێ بوو نیشانەی ( ێ ) وەردەگرێت . ئەمیش هەروەك لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی ، بۆ نموونە : خوشکێ کچێ ، کەچێ ، دایکێ ، لەیلێ ، زینێ ... هتد .

چەند نموونەیەك بۆ کرمانجیی خواروو :

– ناسر دەڵێ :(( خوشکێ دەوڵەت زیادوماڵی ئاو )) .

( تحفەء مظفریە ، ب٢ ، ل٤٠ )

– ناسر دەڵێ :(( خوشکێ ، خاتوونێ ، وای خاتوون تەوریزی یە )) .

( تحفەء مظفریە ، ب٢ ، ل ٣٩ )

– بووکێ ، لەگەڵ تۆمە ، خەسوو گوێت لێ بێ .

( پەندی پێشینان ، ل٩٥ )

– کچێ وەرە بۆ شێیرە .

... هتد .

چەند نموونەیەك بۆ دیالێکتی کرمانجیی ژووروو :

– خوشکێ ، ناڤێ تە چی یە ؟

– کەچێ ، وەرە بخونە .

– دایکێ ، هەسپێ من دەرخە )) .

( قەناتی کوردۆییف ، ل٩٧ )

(١) بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، ١٩٧٦ ، ل ٤٣٢ .

(٢) مەسعوود محەمەد ، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ١٩٧٤ ، ل٥٢ .

(٣) سەرچاوەی ناوبراو : ك . ك . کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی و سۆرانی ، ل ٧٧ .

— مەمن گووت : (( لیلێ ، زینێ ، ئەز ، نزانم کو تو ژ منرە راستی ئان دەرەوینی ؟ )) .

( مەمن ئالان ، ل ١١١ )

(٣) مۆرفیمی ( ێ ) وەك نیشانەی نەناسیاوی :

بێ گومان هەر زمانە و بەگوێرەی یاساو دەستووری تایبەتی خۆی مامەڵە لەگەڵ نیشانەکانی دەکات و بەکۆتایی یاخود بەپێشی وشەوە دەلکێت . سەبارەت بە نیشانەی نەناسیاوی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە ، کە ئەم نیشانەیە بە کۆتایی ناو یاخود ئاوەڵناوەوە دەنووسێت و نەناسیاوی پیشان دەدات . یاخود دەتوانین بڵێین (( نیشانەی نەناسیاری لەو کاتانەدا بەکار دێت کە لە شتێك وەیا کەسێکی نەناسراو دەدوێت ، بۆ جیا کردنەوەی شتێك وەیا کەسێك لە نێوان کومەڵێکی وەکو خۆیدا بەکاردێت . )) .[1] ویرای ئەوە ، ئەم نیشانەیە جگە لە نەناسیاوی کردن تاکایەتیش پیشان دەدات .

سەبارەت بە نیشانەی نەناسیاوی ( ێ) تائێستا زوربەی نووسەرانی کورد لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە (( لە ناوچەی سلێمانی و موکریان ... دا ( ێك ) و ( ێ ) نیشانەی نەناسیاوین . هەرچی ( ێ ) یە گومانی لێ ناکرێ کە کورت کراوەو تەخفیفی ( ێك ) ە )) .[2] ئەم نیشانانەش ( ێك ، ێ ، ەك ) لە ژمارەی ( یەك ) ەوە کەوتوونەتەوە ، هەر بۆیەش تاکایەتی پیشان دەدەن وەك : دڵێ ، مانگێ ، شارێ ، گەزێ ... هتد . بۆ نەناسیاوی کردنیش وەك : شاخێ ، کەژێ ، سەراوێ ... هتد .

لە بەکار هێنانی ئەم نیشانەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ((کاتێك نیشانەی ( ێك ) دەکرێ بە ( ێ ) ، ئەوە بە ڕەوانی لەسەر دەستوورێکی ڕێك و پێك دەڕواو ئەو لادانە نامێنێ کە لە بەکار هێنانی ( ێك ) دا دەبینرێ . )) .[3] مەبەستی سەرەکی لەو تانەش ئەوەیە کە زۆر جار ( یەك )

( ١ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٢ .

( ٢ ) سەرچاوەی ناوبراو : د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی - بەرگی یەکەم - مۆرفۆلۆژی ( بەشی یەکەم ) - ناو - ، ل ٢٠٣ .

( ٣ ) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٣ .

لە برى ( ێك ) بەكار دێت . ئەم گۆڕانەش بە زۆرى لە ناوچەى سلێمانـــى دا ڕوو دەدات بە تايبەتى ئەوانەى كۆتاييان بە ( ە . ۆ . ێ . وو . ى ) دێت .

وەك: پەروانەيەك بە بلبلى وا وت كە ( بوالفضول )
سوتانە ئيشى ئەهلى مەحەبەتە نە هووڵە هووڵ ... هتد .

( مەحوى . ل٢٠٦ )

— ڕووتەيەك پارچەيەك جلى پێ ئەبڕێ
بۆى ئەلوێ بێنك بێنێ چەپەرە شيرێ

( گۆران . ل ٢٥٥ )

بەڵام كە نيشانەى ( ێ ) بەكارهێنرا ئەوا ئەو لادانە نامێنێـــ . بـــۆ نموونە :

— پەروانە ـ پەروانەيەك ـ پەروانەيێ .
— گا ـ گايەك ـ گايێ .
— موو ـ موويەك ـ موويێ .
— ڕێ ـ ڕێيەك ـ ڕێيێ .
— مراوى ـ مراوى يەك ـ مراوى يێ .
— پەنجەرە ـ پەنجەرەيەك ـ پەنجەرەيێ .

بەڵگـــــــە :

— ڕەقيبە لەعنەتى ى . عاشق دەكەى ڕەجم
لە باتيى سەگ دەكەى شێرێ سەمەندۆك .

( مەحوى . ل١٩٢ )

— بايێ لە تەرەف قيبلەمەوە دێت وەزانە .
ياعەترى هەناسەى دەمى غونچەى لەرەزانە .
( نالى . ل١٠٢ )

— هەر بچاوێ كەو و مشك و عەقيمى بلندى يە
وەك تەبعى من بە نەزمى خۆشى نەغمە زايەوە .
( نالى . ل١٠٩ )

— شیعریّ چه شنی ئه ستێره بجریوێنیّ
ڕوون بیّ ، ناخی ده ریای ده روون بتۆێنیّ
( گۆران ، ل ١١٤ )

— مێشکیّ ئاوا ده رد ی سك ئه ندێشه ی بیّ
له ناو ده ریای ئیشا گێژه و کێشه ی بیّ .
... هتد .

ئه وه ی زیاتر جیّ ی سه رنج بێت ، ئه وه یه که هه ندێك جـــار نیشانه ی (ێك ، یّ ) نیشانه ی ( ان ) ی کۆ وه رده گرێت . ئه ویش لــه و کاته دا ، که نیشانه ی ( ێك ، یّ ) ته نها مانای ناسیاوی ببه خشێت ، نــه ك (یه ك )، چونکه ئه گه ر مانای تاکایه تی ببه خشیّ به هیچ جۆرێك نیشانـــه ی کۆ وه رناگرێت . هه ر بۆیه ش (یه ك ) له گه ڵ نیشانه ی نه ناسیـــاو ی ده که وێت .

بۆ نموونه :

— زه مانه به عضه که سانیّ له پڕ که هه ڵده بریّ
ئه وه ندی هه ڵده برێتـن هه تا له که ل ده بریّ .
(مه حوی ، ل ٣٥٧ ) .

که س + ان + یّ = که سانیّ .

سه باره ت به کرمانجیی ژووروی زمانی کوردیش ته نها له حاڵه تێکـــا ( یّ ) ده رده که وێت ، (( ئه گه ر ناوه نه ناسراوه که جنس مێ بیّ . ئـــه وه هه میشه نیشانه ی ( یّ ) وه ر ده گریّ ، وه ك :

ماڵا ژنه کیّ
خه باتا ماله کیّ )) . (١)

( ٤ ) مۆرفیمی ( یّ ) وه ك نیشانه ی ( ئیزافه ) خستنه سه ر :

نیشانه ی ( ئیزافه ) خستنه سه ر (( به وه ده وترێت که دیارخـه ر و دیار خراو به یه که وه ببه ستێت و پێوه ندی وه سف و خاوه نێتی و چۆنیه تـی ... نێوانیان نیشان ده دات )) . (٢)

---

(١) هه مان سه رچاوه ، ل ٢١٧ .
(٢) هه مان سه رچاوه ، ل ٣٢٦ .

بەشێوەیەکی گشتی لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا (ی ، ە ، ...) یە بەلام ((لە هەندێ ناوچەی سۆراندا نیشانەی(ێ) ش ئیزافە ساز دەکا ، وەك :

بایێ شەمار ناکا گیرە
لەسەر سینگێ ئەنوەم تیشرە
چەند گوناهە سێ هەند خەسرە )) . (١)

ئەگەر ناوێك و ئاوەڵناوێك بە نیشانەی ئیزافەی (ی) پێکەوە بەستران ، ئەوا دەتوانرێ بە نیشانەی (ێ) ش ببەسترێت و هەمان ڕۆڵ ببینێت وەك لەم نموونانەدا دیارە :

- توتنی چاك ← توتنێ چاك .
- قاوەی تاڵ ← قاوەیێ تاڵ .
- خانوی کۆن ← خانوێ کۆن . (٢)

سەبارەت بە نیشانەی (ێ) دەبێ ئەوە بووترێت بە پێچەوانەی هەردوو نیشانەکەی دیکە ڕەسەنی مێ پیشان دەدات ، بەلام (( لە کرمانجیی ژووروودا ئامرازەکانی ژمارەو ڕەسەنی نێوی دیار خراو بە دیار دەخەن )) (٣)
بۆ نموونە : ئایشە گوڵ خوشکێ بابمە .

کەواتە (( لە بەشە دیالێکتی بنگرد ، پژدەر ، هەولێر ، ڕەواندوز ، ئامرازی خستنەسەری ( ـ ێ ) بەو ناوانەوە دەلکێنت کە مێن )) . (٤)
چەند نموونەیەك :
- ئامین و ئامین ، مەر هاتە خوارێ
بە پێش بیریان کەت ، کیژێ خەزارێ .
- ئامین و ئامین ، مەڕ لە چیایە
بە پێش بیریان کەت ، خاتمێ مەلایە .
( جەنگۆ هۆنراوە فۆلکلۆری ، ل٤٦ ) .

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل٢٢٢ .
(٢) بڕوانە : ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل٨٣ _ ٨٤ .
(٣) د . کوردستان موکریانی ، سینتاکسی ڕستەی سادە ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٢١ .
(٤) ك . ك . کوردۆییڤ ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و... ل٩٣ .

– بابێ شەمارکزەی جەرگم
خواردنم ژەهرە دڕابەرگم
پاشی یارێ جوانەمەرگم .

(فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ، ل ٣٠) .

– ژاری مارێ دەخۆمەوە
وەرە بۆ قەسرێ من .

(مەکەنزی ، ل ١٦٥ ، ١٤٢) .

نیشانەکانی ئیزافە لە کرمانجی ژووروودا بریتین لە (ا ، ە ، ێ ، ی ، ێد ، ێت ، ێن ، ...) وئەوەی مەبەستی باسەکەی ئێمە بێت ، تەنها (ێ) یە ، کە ئیزافەی دیار خراوی ژمارەی تاکی جنسی نێر ساز دەکات . هەروەها ((لەگەڵ ناوی ڕەسەنی نێردا لە دیالێکتی ژووروودا ئامرازی (ێ) خستنەسەر بەکاردێت . وەک : شەهرێ مسرێ . کورێ وی . مەملەکەتێ مەلیک شای ، شوورێ خوە لە زەمانێ ویدا . )) .(١)

بەم جۆرە بۆمان ڕوون بووەوە کە (ێ) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا بۆ ڕەسەنی مێیە و لە کرمانجی ژوورووشدا بۆ ڕەسەنی نێرە . (ێ) ی نیشانە ئیزافە لە دیالێکتی ژوورووی زمانی کوردیدا وەک جنس (نێر) دەچێتە سەر دیارخراوکە (ەک) ی نیشانەی نەناسیاوی پێشوە نەبێ ، وەک : (٢)

– ڕا بە هەڕە زوو ب بێژە تاجدین
کەردێ تەستی بەفێ ، مەمێ زین .

(خانی ، ل ١٦٨)

– لاوێ من ، سەرێ میران وەک چیایێ بلند هەر ب مژو دومان .

(مەمی ئالان ، ل ٧٧) .

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٨ .

(٢) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو : د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، وێزمانی کوردی — بەرگی یەکەم — مۆرفۆلۆژی (بەشی یەکەم) — نــار ل ٢٤٥ .

— خورشیدی نه خوەش لە سەرکە ری رەش

پالدایە وساخوەش •

( جگرخوێن • ل ١٣١ )

وئەم نیشانە یە لە چەند حالە تیکابە دەردەکەوێت • وەك :

(آ) ناو+ نیشانەی (ێ) ئیزافە ( بونێر ) + جێناوی کەسی جودالـــــە (دۆخی تیان ) • کور+ ێ + وی = کورێ وی •

(ب) ناو( دیارخراو )+ نیشانەی ئیزافە (بونێر) + ئاوەڵناو (دیارخـەر) • کور+ ێ + بەژن رێك و بلند = کورێ بەژن رێك و بلند •

بێ گومان ئەم حالە تەبە تەنها لەگەڵ ناودادەرناکەوێت بەڵکولەگەڵ ئاوەڵناو یشدا دەردەکەوێت و نیشانەی رەسەنی نێـر وەردەگرێت • وەك :

•١ ئاوەڵناو (دیارخراو) + نیشانەی ئیزافە + ئاوەڵناوی (دیارخـــەر) شین + ێ + چاڤێیدوێ = شینێ چاڤێیدوێ •

•٢ ئاوەڵناو( دیارخراو ) + نیشانەی ئیزافە بونێر + ئاوەڵناو( دیارخـــەر ) رەنگ + ێ + رۆژازە لال = رەنگێ رۆژازە لال •

هەروەها لەگەڵ ئاوەڵکرداریشدا بەم جۆرە دەردەکەوێ •

•١ ئاوەڵکردار( دیارخراو ) + نیشانەی ئیزافە ( بونێر ) + ئاوەڵناو( دیارخەر ) چە + ێ خوش ودلڤەکەر = چەێ خوش و دلڤەکەر •

•٢ ئاوەڵکلردار( دیارخراو ) + نیشانەی ئیزافە (بونێر) + پاشگـــــری (ها )بۆدەست نیشان کردنی (دیارخەر ) رەخ + ێ + هە = رەخێ هە (١) ••• هتد •

لە هەندێ بەشە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا • کاتێ ژمارەی بنجـــی وەك دیار خراوخۆی دەنوێنێ و نیشانەی (ێ) ی خستنە سەر وەردەگـــرێ • وەك ژمارەی پلەیی لێ دێ • ئەم شێوە پێکهاتنە بەزۆری لەگەڵ ناوی مانگەکانـدا دێت • وەك :

یەکێ گولانێ

••• هتد (٢) •

(١) تێبنی : ئەم حالە تانە لەم سەرچاوەیە داوەرگیراوە •
ـ عبدالوهاب خالید • نیشانێد نێرومێ ـ ئیزافە ـ ل دیالێکتاکرمانجیاژووری ، رۆژنامەی هاوکاری • ژمارەی ( ٩٢٤ ) • لە ١٩٨٧/١١/١٩ •

(٢) بروانە : سەرچاوەی ناوبراو • کوردۆییف • رێزمای کوردی بەکەرستـــەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی • ل ١٨٩ •

( ٥ ) **مۆرفیمی ( ێ ) وەك نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کردار لە حاڵەتی کارا نادیاردا:**

لە ئاکامی گۆڕینی ڕستەیێکی کارادیار بۆ کارانادیار، پێویستە ( کارا ) لابرێت و ئەرکی ( کارا ) بە ( بەرکار ) بسپێردرێت. ئەمەش (( دەستووری گشتیی هەموو زمانێک لە گۆڕینی ڕستەیێکی کارا دیار بۆ کارا بزر بریتی یە لە دەرهاو ێشتنی کاراو سپاردنی ئەرك بە بەرکار، ( بەڵام بەرکار هەمان ئەرك و مفهومی خۆی دەمێنێ ) . )) .(١) و نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت کە هەر زمانەو خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی بۆ گۆڕینی کارا دیار بۆ کارا نادیار ئەویش (( چ بە گۆڕینی قالبی فرمانەکەی بە بێ ی یاسا مۆرفۆلۆجی یەکانی چ بەو ئامرازو وشانەی دەردەکەون یا بە هەردوو پێرەو )) .(٢)

لە زمانی کوردیدا گۆڕینی پێوەندی نێوان بەشە بنجی یەکانی ڕستە وەك ( کارا، بەرکار، کردار ) ... دەبێتە هۆی گۆڕینی قالبی کردارەکەش .

ئەوەی زیاتر جێ ی مەبەستی ئەم باسەی ئێمە بێت تەنها مۆرفیمی ( ێ ) یە، وەك نیشانە، بۆیە نامەوێت بەوردی لە کرداری کارا دیارو کارا نادیار بدوێین . تەنها ئەو شوێنانەی مەبەستمانە دەخەینە ڕوو .

لە ئەنجامی وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبوردووی چاوگ و وەپێش خستنی (دە، ئە ) ی نیشانەی ڕانەبوردووی و زیاد کردنی ئامرازی نادیاری ( ر ) ونیشانەی کاتی داهاتووی ( ێ ) یە کۆتایی کردارەکەوە کارا نادیار لە دەمی ڕانەبوردوو پێکدێت . بەوێنە :

( ١ ) بۆ چاوگی ئەلفی ( ١ ) .

- هێنان ←—— دە/ئە + هێن + ر + ێ = دەهێنرێ .
- کێلان ←—— دە/ئە + کێڵ + ر + ێ = دەکێلرێ .

---

( ١ ) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کرداری کارادیارو کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کوردی )) . ب ( ٢٥ـ ٢٦ ) ، بەغدا، ١٩٩٤، ل ٧٢ .

( ٢ ) د. وریاعومەر ئەمین ، لە پەیوەندی یەکانی بکەر نادیار، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١٢٩ ) ، بەغدا، ١٩٩٢، ل ١٨ .

- شێلان ←—— دە/ئە + شێل + ر + ێ = دەشێلرێ .

... هتد .

(٢) بۆ چاوگی واوی ( و ) :

- چوون ←—— دە / ئە + چوو + ر + ێ = دەچوورێ .
- دروون ←—— دە / ئە + دروو + ر + ێ = دەدروورێ .
- گروون ←—— دە / ئە + گروو + ر + ێ = دەگروورێ .

(٣) بۆچاوگی یائی ( ی ) :

- ماڵین ←—— دە/ئە + ماڵ + ر + ێ = دەماڵرێ .
- چنین ←—— دە/ئە + چن + ر + ێ = دەچنرێ .
- بینین ←—— دە/ئە + بین + ر + ێ = دەبینرێ .

(٤) بۆچاوگی دالی (د) :

- ناردن ←—— دە/ئە + نێر + ر + ێ = دەنێررێ .
- ژەندن ←—— دە/ئە + ژەن + ر+ێ = دەژەنررێ .
- خوێندن ←—— دە/ئە + خوێن + ر + ێ = دەخوێنررێ .

... هتد .

(٥) بۆ چاوگی تائی (ت) :

- کوشتن ←—— دە/ئە + کوژ + ر + ێ = دەکوژرێ .
- هێشتن ←—— دە/ئە + هێڵ + ر + ێ = دەهێڵرێ .
- شوشتن ←—— دە/ئە + شۆ + ر + ێ = دەشۆرێ .

چەند نموونەیەك :

- شیعرم و بیرم یش تێك هەڵ ئەشێلرێ
چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵ ئەکەنرێ .

( پیرەمێرد ، ل ٢٧٣ )

- پارو هەتا نە جوورێ ، قووت نارێ .

( پەندی پێشینان ، ل ١٣٠ )

- ... ئەمووت ئەها هەر ئێستا ئەکوژرێم .

( لە خەوما ، ل ٣٠ ) .

- ... کوڕه نه یه نه پێشه‌وه ئه‌کوژرێن .

( له خه‌وما ، ل ٣٢ )

هه‌روه‌ك له‌و نموونانه ی سه‌ره‌وه دا بۆمان ئاشکرا بووه ، که ((
( ێ ) نیشانه ی کاتی ڕانه‌بوردووی کردارە له حاڵه‌تی کارا بزردا )) . (١)

هه‌روه‌ك چۆن کرداری تێنه‌په‌ڕی کارا دیار جێناوه لکاوه‌کـــان وه‌رده‌گرێت به هه‌مان شێوه کرداری کارا نادیاریش جێناوه لکاوه‌کان وه‌رده‌گرێت . به وێنـه :

- بینین ← ده/ئه + بین + ر + ێ + م = ده‌بینرێم .

ده/ئه + بین + ر + ێ + ی (یت) = ده‌بینرێی ، ده‌بینرێیت

ده/ئه + بین + ر + ێ + ێ (ێت) = ده‌بینرێ(٢) ده‌بینرێت

ده/ئه + بین + ر + ێ + ین = ده‌بینرێین .

ده/ئه + بین + ر + ێ + ن = ده‌بینرێن

ده/ئه + بین + ر + ێ + ن = ده‌بینرێن

ده/ئه + بین + ر + ێ + ن = ده‌بینرێن

هه‌روه‌ك پێشتر ئاماژه‌مان بۆ ئه‌وه کرد که مۆرفیمی ( ێ ) وه‌ك نیشانه ی کاتی ڕانه‌بردوو به کۆتایی کرداره‌وه ده‌لکێت ئه‌میش یه‌کێکه لـــه ده‌ستووره‌کانی زمانی کوردی . به‌ڵام سه‌رباری ئه‌و ده‌ستووره‌ش هه‌ندێك جار حاڵه‌تی ڕیزپه‌ڕ دێتـه ئاراوه بۆ نموونه :

ڕه‌گی کاتی ڕانه‌بوردووی ( وتن ، گوتن ، ( لێ ) یه‌و ڕه‌گی کاتـی رابـوردوویان (وت ، گوت ) ه ، که‌چی له کارا نادیاردا ده‌وترێ ( ده‌گوترێ ، ده‌وترێ ) هه‌مان شت سه‌باره‌ت به چاوگی ( ویستن وه‌ك : ( ده‌ویستـــرێ ) ، که ڕه‌گی کاتی ڕابردوو کراوه به بناغه . (٣)

هه‌روه‌ها ده‌شێ ڕه‌گی کاتی ڕانه‌بردووی هه‌ندێك چاوگ بکرێـــت

---

(١) سه‌رچاوه ی ناوبراو : د . ئه‌وره‌حمانی حاجی مارف ، کرداری کارادیار و کرداری کارا بزر له زمانی کوردیدا ، ل ٧٩ .

(٢) تێبینی : له‌به‌ر ئه‌وه ی دوو بزوێن پێکه‌وه نایه‌ت بۆیه یه‌کێك له‌و بزوێنانه تێچووه .

(٣) بڕوانه : سه‌رچاوه ی ناوبراو : د . ئه‌وره‌حمانی حاجی ... کرداری کارا دیارو کرداری کارا بزرله زمانی کوردیدا ، ل ٨١

بەکارانادیار. لە هەمان کاتدا قەدی ئەو چاوگە ڕابوردووانەش بکرێتە حاڵەتی کارا نادیارەوە. بەوێنە :

- هاویشتن ← دە + هاوێژ ( ڕەگی ڕانەبوردوو ) + ر + ێ = دەهاوێژرێ.
- هاویشتن ← دە + هاوێشت ( قەدی چاوگ ، کاتی ڕابوردوو ) + ر + ێ = دەهاوێشترێ.

هەروەها :

- خواستن ← دەخوازرێ ( ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو ).
- خواستن ← دەخواسترێ ( قەدی چاوگ ، کاتی ڕابوردوو ).
- خستن ← دەخرێ ( ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو ).
- خستن ← دەخسترێ ( قەدی چاوگ ، کاتی ڕابوردوو ).

هەندێك جار گۆڕانی فۆنەتیکی ڕوو دەدات ، ئەگەر کردارەکە کۆتایی بە دەنگی ( ە ) یاخود ( ێ ) هاتبێ ، ئەوە لە حاڵەتی کردنی بە کارا بزر دەبێ بە بزرۆکە ( ِ ) یاخود تێدەچێت. (1) ئەمیش ڕێزپەڕە. بەوێنە :

- نان ← دە + نێ + ر + ێ = دەنرێ.
- بردن ← بە ← دە + بە + ر + ێ = دەبرێ

... هتد.

ئەو چاوگە تێنەپەڕانەی بەهۆی پێکهێنەری ( اندن ) (2) ەوە دەکرێن بە تێپەڕ بە هەمان شێوە دەکرێت بە کارا نادیار. (3) بەوێنە : ڕەگی ڕانەبوردووی هەردوو جۆری کرداری تێپەڕو تێنەپەڕی ( ڕژان ، ڕژاندن ، ڕژێن )ە. بۆیە لە حاڵەتی کارا بزرداده بێت بە ( ڕژێنرا ، دەڕژێنرێ ).

هەروەها :

- سووتان ← سووتاندن ← سووتێن ← سووتێنرا ، دەسووتێنرێ.

---

( 1 ) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، کرداری کارا دیارو کرداری کارابزر لە زمانی کوردیدا ، ل ٨٤.

( 2 ) ( اندن ) ـ ( ن ) نوونی چاوگە و ( د ) مۆرفیمی کاتی رابردووە ( ان ) لێرەدا مۆرفیمی تێپەڕاندنە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مستەفا زەنگەنە ، پێکهێنەرەکانی ( *اندن ) و ئەرکە کاینان ، گۆڤاری (( کاروانی ئەکادیمی )) ، هەولێر ، ١٩٩١ ، ل ٧٥.

( 3 ) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، کرداری کارا دیارو کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا ، ل ١٩ ، ٩٠.

— له رزين ←— له رزاندن ←— له رزێن ←— له رزێنرا ، ده له رزێنرێ

— خه وتن ←— خه واندن ←— خه وێن ←— خه وێنرا ، ده خه وێنرێ

— مردن ←— مراندن ←— مرێن ←— مرێنرا ، ده مرێنرێ

هه روه ك له سه ره تاداوتمان بۆ گۆڕینی كارا دیار بۆ كارا نادیار ده بێ كارا لابیرێت و دیار نه بێت (( به ڵام له زمانی كوردیدا حاڵه تی ئه و تۆ به رچاو ده كه وێ ، كه به ڕێگه ی وه سفی ڕسته سازیدا په نجه بۆ كارا رابكێشرێ ئه ویش به یاریده ی ده سته واژه ی وه ك ( له لایه ن ... ه وه ، له ڕێگه ی ... ه وه ، به هۆی ... ه وه ... هتد ) . (١)

بۆنموونه : به یاریده ی ( له لایه ن ... ه وه ) وه ك :

— ئازاد له لایه ن نه وزاده وه ده نێردرێ .

— ئازاد له ڕێی نه وزاده وه ده نێردرێ .

— ئازاد به هۆی نه وزاده وه ده نێردرێ .

به یاریده ی پاشبه ندی (به ، له ...) وه ك :

— وڵات به سه رباز ده پارێزرێ .

— باج له ده وڵه مه ند ده ستێنرێ .

— زانیاری له كتێب وه رده گیرێ . (٢)

... هتد .

سه باره ت به حاڵه تی كارا نادیار كردار له كرمانجیی خواروو و ژووروودا یه ك ناگرنه وه ، چونكه له دیالێكتی كرمانجیی خواروودا ( ر ) ئه و ده وره ده بینێ . به ڵام له دیالێكتی كرمانجیی ژووروودا حاڵه تی كارا نادیاری كردار به هۆی كرداری تینه په ڕی یاریده ده ری ( هاتن ) ه وه ده رده بڕ دبێت ، كه ده كه وێته پێش كرداره سه ره كییه تێپه ڕه كه وه و گه ردانیش ده كرێت به ڵام كرداره سه ره كییه كه گه ردان ناكرێ و له شێوه ی چاوگیدا ده مێنێته وه (٣) . بۆ نموونه :

---

(١) هه مان سه رچاوه ، ل ٩١ .

(٢) هه مان سه رچاوه ، ل ٩٢ .

(٣) هه مان سه رچاوه ، ل ٩٣ .

- هاتن گرتن .
- هاتن کوشتن .

... هتد .

وله هەندێ بەشەدیالێکتدا نیشانەی ( ێ ) ی ڕۆخی ناڕاستەوخـــۆ (تیان) وەردەگرێ . وەك :

- هاتن گرتنێ .
- هاتن کوشتنێ .

... هتد .

خۆ گونجاندنی مۆرفیمی ( ێ ) لەگەڵ ئامرازی (لە) دا :

لە ئەنجامی یەکگرتنی ئامرازی ( لە )و مۆرفیمی ( ێ ) ، ( لێ ) دێتە ئاراوە . لە بەر ئەوەش ، کەکۆتایی ( لە ) بزوێنەو لە ( ێ ) ی بزوێـــن بێ هێز ترە ، بۆیە لەکاتی لێکداندا دەتوێتەوەو نامێنێ . تەنها شێـــوەی (لێ ) وەردەگرێت . تایبەتێتی ئەم ( لێ ) یە ئەوەیە کە جێناوە کەسی یـــە لکاوەکان بەتاك و کۆیانەوە ، وەردەگرێت . ( ١ )

بەوێنـــە :

- لێ + م ⟵ لێم .
- لێ + ی ⟵ لێی .
- لێ + ت ⟵ لێت .
- لێ + مان ⟵ لێمان .
- لێ + یان ⟵ لێیان .
- لێ + تان ⟵ لێتان .

چەند نموونەیەك :

- ئەو سا فریشتە دێتە سەرینم
  تالێم بپرسن ڕێگای ئاینـــم .

( دیوانی پیرەمێرد ، ل ١٦٧ ) .

---

( ١ ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، ئامرازی (لە) لە تەرازووی بەراوردا ، گۆڤاری ((کاروان )) ، ژمارە ( ٣٨ ) ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل٢٦ .

– تۆ بێ هەموو جیلوەی جوانیت
لێم خۆشی بە دڵم ڕەنجانیت
( گۆران ، ل ٤٠ ) .

– ( جەوو ) ، لێی ئەتکێ ، شادمانی
بۆ نخۆشی ، مۆسیقا ، جوانیی
( گۆران ، ل ٤٠ ) .

ودەبێ سەبارەت بە ( لێ ) ئەوەشی بووترێت ، کە (( ئەگـــــەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕا ناو یێکی لکاو جێگیر کرا پێشبەندی (بە ) ئەبێ بەڵ پێ )و (لە) ئەبێ بە ( لێ ) ... )) . (١)

– تۆ کتێبـــەکانت لە ئەوان وەرگرت .

دەبێتـــە :

– تۆ کتێبەکانت لێ وەرگرتن .

– ئێمە قسەکە بە تۆ دەڵێین .

دەبێتـــە :

– ئێمە قسەکەت پێ ئەڵێین .

... هتد .

(٦) مۆرفیمی ( ی ) وەک جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک :

جێناو وەک بەشێکی سەرەخۆی زمان لە ئاخاوتندا ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ ، چونکە زۆر بەکار دەهێنرێت . (( جێناو لە ڕووی واتاوە دابەش دەبـــێ بەسەر چەند جۆرێکـدا ئەو جۆرانە لە ڕووی خاسیەتی ئەو پێوەندییـەوە ، جیا دەبنەوە کەوا هەندێ گرووپی جێناو دەگەیەنن )) . (٢)

تائێستا ( دە ) جۆر جێناو دیاری کراوە ، بەلام ئەوەی بەلای باسەکەی ئێمەوە گرنگ بێت ( جێناوی کەسی ) یە . ئەم جێناوەش دابەش دەکرێـــت بەسەر دوو بەشی سەرەکی یەوە :

(١) د . وریا عومەر ئەمین ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٩ .
(٢) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ــ بەرگی یەکەم (وشـە سازی ) بەشی دووەم ــ جێناو ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٧٨ .

٠١ جێناوی کەسی جودا ٠
٠٢ جێناوی کەسی لکاو ٠

جێناوی کەسی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بریتی یە لە دوو گرووپ ٠ گرووپی یەکەمیان ـ ( م ٠ت ٠ی ٠مان ٠ تان ٠یان ) کە زۆر بە هێزە و ڕێزماننووسانی کورد لە سەری مشتومڕیان نییە ٠گرووپی دووەم بریتی یە لە دوو دەستە ٠ دەستە ی یەکەم (م ٠یت ٠ات ٠ێت ٠ین ٠ن ٠ ن) و دەستە ی دووەم (م ٠یت ٠ ∅ ٠ین ٠ن ٠ن ) ٠

کەواتە لەبناغەدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک بریتی یە لە (ات ٠ ێت) ٠بەڵام هەندێك جار ( ێت ) کورت دەکرێتەوە و لە شێوەی ( ێ) خۆی دەنوێنێت ٠ ئەم جێناوە بۆ کەسی سێیەمی تاکی کاتی ئێستاو داهاتوو بەکار دێ جا کردارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ٠ هەروەها دەبێ ئەوەش بوو ترێتکە (( گەر فرمانەکە لەکاتی داهاتوودا بوو٠٠٠ چ تێپەڕ بێ چ تێنەپەڕ بۆ دەربڕینی ڕیکەوتن لە گەڵ بکەرا )) (١) دەستەی سێیەمی لەگەڵدا دەردەکەوێت ٠

بۆ نموونە : کەسی سێیەم دەبێ بە ( ات ) وەك :

دەخۆم ـ دەخۆیت ـ دە خوات ـ دەخۆین ـ دەخۆن ـ ـ دەخۆن ٠
ـ دەڕۆم ـ دەڕۆیت ـ دەڕوات ـ دەڕۆین ـ دەڕۆن ـ دەڕۆن ٠

( لە گەڵ کرداری تێنەپەڕدا دێت ) وەك :

ـ دەچم ـ دەچی ـ دەچێت ـ دەچین ـ دەچن ـ دەچن ٠
ـ دەمرم ـ دەمری ـ دەمرێت ـ دەمرین ـ دەمرن ـ دەمرن ٠
ـ دەبم ـ دەبی ـ دەبێت ـ دەبین ـ دەبن ـ دەبن ٠

دەشێت لە هەمان کرداردا (ت )ی ( ێت ) لاببرێت و بەتەنها ( ێ ) بمێنێتەوە ٠ وەك :

---

(١) سەرچاوەی ناوبراو ٠د٠ وریاعومەر ئەمین ٠ ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ل٠١٠ ٠

— دەچم — دەچی — دەچێ — دەچین — دەچن— دەچن •
— دەمرم — دەمری — دەمرێ — دەمرین — دەمرن — دەمرن •
— دەبم — دەبی — دەبێ — دەبین — دەبن — دەبن •

دیسان دەشێت جێناوی ( ێ ) لەگەڵ کرداری تێپەڕیشدا دەرکەوێت •
وەك :

— دەنووسم — دەنووسی — دەنووسێ — دەنووسین — دەنووسن — دەنووسن •
— دەنێرم — دەنێری — دەنێرێ — دەنێرین — دەنێرن — دەنێرن •
— دەفرۆشم — دەفرۆشی — دەفرۆشێ — دەفرۆشین — دەفرۆشن — دەفرۆشن •

دەشێ ئەو کردارە تێپەڕانەی سەرەوە بە ( ێت ) یش کۆتاییان بێت •
وەك :

— دەنووسێت •
— دەنێرێت •
— دەفرۆشێت •

خاڵێکی گرنگ •کە نابێت لەیاد بکرێت •ئەوەیە •ئەو کردارانەی کۆتاییان بە ( وو ) ی بزوێن بێت • زۆر بەڕوونی جێناوی ( ێ ) وەردەگرن •
وەك :

دەنووم — دەنوویت •( دەنوێ •دەنوێت ) — دەنووین — دەنوون — دەنوون • (( ( نوو ) ڕەگی داهاتووی (نووستن)ە • لەڕووی جۆرەوە ( تێنەپەڕە ) •لەڕووی کاتەوە ( داهاتووە ) • )) •(١)

لە هەندێك حاڵەتیشدا مەرجە (ت) لەگەڵ (ێ) دا دەرکەوێت و بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت لاببرێت • وەك :

(آ ) جێناوی ( ێت ) لە کاتێکدا بەکار دەهێنرێت ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی ی ئامرازی پێوەندی (ە) بێت • ئەمیش بە هۆی ئەوەوەیە لە ڕێکەوتی زمانی کوردی دلوادەخوازیت •کە دوو بزوێن پێکەوە نەیەن • بۆیە ناتوانرێت ( ت ) لاببرێت • بۆ نموونە :

---

(١) هەمان سەرچاوە •ل١١•

— ڤیان دەچێتە هەولێر .

... هتد .

بەڵام ئەگەر فرمانەکە کۆتایی بە ( ێ ) هاتبێت ، ئەوا ( ێ ) یەک تێدەچێت و تەنها ( ت ) دەمێنێتەوە . وەک :

— دەنووسرێ + ێت ـ ێ = دەنووسرێت .

— دەفرۆشرێ + ێت ـ ێ = دەفرۆشرێت .

— دەخوێنرێ + ێت ـ ێ = دەخوێنرێت .

... هتد .

سەبارەت بە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووش دەتوانین بڵێین (( هەندێک جار (( ێ )) بەکار نایەت ، بەڵکو دەچێتە وێنەی ئەو بزوێنە کورتەی وێنەی نییە لە عەرەبیدا و (( i )) ی بۆ بەکار دێت لە نووسینی لاتینیدا و ئەوەی ئیشارەت بۆ کەسەکە دەکات (( ت )) یە وەک :

دەچیت ، دکەت ، دنڤیست ... هتد . ))(1) .

( ٧ ) <u>مۆرفیمی ( ێ ) ، وەک کۆتایی جێناوی کەسی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا .</u>

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد ، کە ڕەسەنی نێرومێ لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا زۆر بە ئاشکرا دیارە و تائێستاش بەبەردەوامی پێڕەو دەکرێت . بە پێچەوانەوەش لە دیالێکتی خوارووودا بەرەو نەمان و تێچوون چووە ، لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت ، وەک باسکرا .

ئەم ڕەسەنی نێرومێ یەتەنانەت لە جێناوەکانیشدا پێڕەو دەکرێت . بەگوێرەی ڕەسەن و دۆخ لەم دیالێکتەی زمانی کوردیدا جێناوی کەسی جودا دەکرێتە دووبەشەوە . لە دیاری کردنی ئەم دووبەشە دۆخ دەوری سەرەکی خۆی دەبینێت . بۆ نموونە : لە دۆخی ڕاستە و خۆدا بۆکەسی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) ی تاک ( ئەز ، تو ، ئەو ) بەکاردەهێنرێ و ، بۆ کەسی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) ی کۆ ( ئەم ، هوون ، ئەوە ، ئەوان ) بەکاردێت . لە دۆخی ناڕاستەوخۆشدا بۆکەسی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) ی تاک ( من ، تە ، ( ئەوی

---

(1) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان وزانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥٠ .

ویٚ ) بوەن ( ئەوی ، وی ) بۆنێر بەکاردێت ، بۆکەسی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) ی کۆ ش ( مە ، وە ، ئەوان وان ) بەکاردەهێنرێت ،

واتە لەکەسی سێیەمی تاك بۆ ڕەسەنی مێینە ( ئەویٚ ، ویٚ ) بەکار دەهێنرێت ، کە ئەم ( یٚ ) یەش دیاری کردنی ڕەسەنی مێ یە لە دۆخی ناڕاستە وخۆدا ، بۆڕەسەنی نێریش ( ئەوی/ وی ) لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بە کاردێت ، کە بەرانبەر ( ئەو ) ی دیالێکتی کرمانجیی خوارووده وەستێت ،

(( فۆرمی ئە (ویٚ ) و ئە (وی ) دۆخی ناڕاستەوخۆ لە بناغەی ( ئەو )و ( یٚ ) ی نیشانەی جنسی مێ و ( ی ) نیشانەی جنسی نێر ساز بووە )) ، [(١)]

چەند نموونەیەك :

— لەو ژ عیشقا ویٚ دنالن بازن و بەرگ و وەرەق ،
جەز بەیا دل من ژ ڕەمزا وان کە هاییٚ ڕاست وچەپ ،

— وەعدە دابو دی شە هیدکم ویٚ ب شیریٚ خۆیٚ شەریف
مانەبیٚ ئیرۆ بە شیمان ئەو ژ تە دبیرا صەواب ،

( جزیری ، ل ٩٧ـ ٩٠ ) ،

— ویٚ ئاگرەك بەردا لەشی
قەد من نەمان حال و خۆشی ،

(مەلای باتەیی ، ل ٨٠)

— ... ئەویٚ دگوت (( ژمن ڕاستەعرو شەمەقیابینە ، کراسیٚ هەوریشمی بینە ، ( کوردو ، ل ٣٣ـ ٣٤ )

جێناوی کەسیی جودای دۆخی ڕاستە و خۆش لەم دیالێکتەدا بریتی یە لە ( ئەز ، تو ، ئەو ) بۆ تاك و ( ئەم ، هوون ، ئەوان ) بۆکۆ بۆڕەسەنی نێـرو مێ ( ە ، ی ) بەکار دێت بۆ ڕەسەنی مێینە ( ە) وبۆ ڕەسەنی نێرینە ( ی) هەندێك جاری دی (( جێناوی کەسیی جودا ، کە لەگەڵ کرداری کاتی ڕابوردوو وئایندەی ڕێژەی ئیخبارایدا یان ئایندەی ئینشائی دا دێت ، نیشانەی ( یٚ ) وەردە-گریٚ ، )) ، [(٢)] بۆ نموونە :

---

(١) سەرچاوەی ناوبراو ، د ، ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی — بەرگی یەکەم — وشەسازی (بەشی دووەم ) — جێناو — ، ل ٨٥،

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٦،

- ... گوت : (( چه ند ڕۆژا شووندا ئه زێ ژ ته ڕا بێژم )) .
(كوردۆ ، ل ٤٥)

- ... ئه زێ بان كم جێژێ و خولامانه .
(مه مێ ئالان ، ل ٤٩)

- ... توێ بزانیی چ كارا ته وی هه یه .
(كوردۆ ، ل ٣٩)

... هتد .

(٨) مۆرفیمی ( ێ ) وه ك نیشانه ی بچووك كردنه وه بۆ ناوی تایبه تی مێینه .(*)

سه ره رای ئه وه ی ، كه ( ێ ) ده وری بچووك كردنه وه ی ناوده بینێت ، به لام پێمان وایه ئه و ( ێ ) یه هه مان ( ێ ) ی نیشانه ی مێینه یه ده چێته سه ر ناوی مێ و بچووكی ده كاته وه . ئه وه ی زیاتر پشتگیری ئه م بۆ چوونه مان بكات ، ئه وه یه كه ( ێ ) بۆ بچووك كردنه وه ی ناوی تایبه تی نێرینه به كار نایه ت . ده توانین ئه م نموونه یه بكه ینه به لگه : ( خورشیده ) ، كه ناوی مێینه یه ، له بچووك كردنه وه دا ده بێت به ( خورشێ ) و ( خورشید ) ، كه ناوی تایبه تی نێرینه یه ده بێت به ( خورشه ) .

ده بێ ئه وه ش بووترێت ، كه ئه م نیشانه یه ناوی كوردی و ناوی بێگانه ش به هه مان شێوه كورت ده كاته وه ، له پاش فرێدانی چه ند فۆ نیمێك و زیادكردنی نیشانه ی ( ێ ) . ئه م بچووك كردنه وه به ش بۆ خۆشه ویستی و نازی ئه و كه سه به كاردێت كه ناوی ده بات .

بۆ نموونه :

- شاناز ⟵ شانێ .
- خورشیده ⟵ خورشێ .
- فاطمه ⟵ فاتێ .
- أمنه ⟵ ئامێ .

---

(*) ئه م مۆرفیمه وه ك نیشانه ی بانگهێشتن به كاردێت ، بروانه لاپه ره كانی پێشوو .

— خدیجە ←— خەجێ ( وهەندێك جاریش بە ( ئەجێ ) بەكاردێت ) ٠

٠٠٠ هتد ٠

( ٩ ) مۆرفێمی ( یێ ) ی جێگری پێشبەند ( پرێپۆزیشن ) :

پێشبەند ( پرێپۆزیشن ) ٠بەشێكە لەبەشەكانی ئاخاوتن ٠كـــە ڕواڵەتی سەربەخۆی هەیە واتاكەی لەپاڵ وشەی تردا دەردەكەوێـــت و پەیوەندی نێوانی ناو وئاوەڵناوەكانی لەگەل بەشەكانی تری ئاخاوتن پێـــك دێنێت لە داڕشتنی ڕستەدا٠ (١)

لەزمانی كوردیدا زۆر جار بۆمەبەستی كورتی و دووبارە نەكردنـــەوەی هەندێ لەبەشەكانی ڕستە بەپێشبەند جێگردەكرێ و ٠ مۆرفێمی ( یێ ) توانستی جێگیر كردنی پێشبەندی ( بە ٠٠ ) ی هەیە ٠وەك :

( ئەوان كتێبەكەیان دایەمن٠ ) ←— ئەوان كتێبەكەیان دامێ ٠ )
لەكاتی بچووك كردنەوەی ڕستەشی دا جۆ سنووری وشەقاڵبی ( یێ ) وەردەگرێ وەك ( دایانمێ ) وئەگەر (( دووبزوێنی (ە)و ( یێ) هاتنەپاڵ یەك ( ی ) لە نێوانیانا دەركەوت وبووبە ( بدەیێ ) ٠ لەهەندێ شێوەدا لەجیاتی ئەم ( ی ) یە ( ر) دەردەكەوێ و دەبێتە : كتێبەكەم بدەرێ ٠ )) ٠ (٢)

ئێستاش هەندێ یاسا دەخەینە بەرچاو٠كە دەوری جێگری پێشبەنـــدی ( یێ ) یەیەكالا دەكاتەوەوتایبەتیەكانی پێشان دەدات ٠

— لەگەڵ كرداری داخوازیدا :
ب + بەركاری ناڕاستەوخۆ + ڕەگ + بكەر + ( یێ ) ی جێگرەپێشبەند ٠
پارەكان بدەن بەئێمە ←— پارەكانمان بدەنێ ←— بماندەنێ ٠

— لەگەل كرداری ڕابووردوودا :
كار+ بكەر + بەركاری ناڕاستەوخۆ + ( یێ) ی جێگری پێشبەنـــد ٠
ئەوان بەردەكەیان گرتەمن ←— ئەوان بەردەكەیان گرتمێ ←— گرتیانمێ ٠

---

( ١ ) سەرچاوەی ناوبراو ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی بەپێی لێكۆڵینەوەی لیژنەی زمان وزانستەكانی ٠ل ٣٠٩ ٠

( ٢ ) د٠ وریاعومەر ئەمین ٠پاشبەندەكان ٠بەغدا ٠ ١٩٨٦ ٠ل ١٨٦ ٠

- لە گەڵ کرداری ڕانە بووردوودا :

کەە + بەرکاری ناڕاستە وخۆ + ڕەگ + بکەر + (یَ) ی جێگری پێشبەند

پارەکان دەدەن بە ئێمە ⟵ پارەکانمان دەدەنێ ⟵ دەمان دەنێ

ئەگەر بەوردی سەرنجێك بدەینە ئەو نموونانە ، دەبینین بەرکاری ناڕاستەوخۆدەکەوێتە دوای کردارەکەوە و ڕیزبوونو لکانی جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەو خۆ دەگۆڕێ ، بەپێی جۆری کردارەکان لە ڕووی کات و داڕشتنەوە .

(١) لە گەڵ کرداری ڕا بووردووی تێپەڕدا :

(آ) لە گەڵ کرداری ڕابووردووی تێپەڕدا ئەگەر بەرکاری ناڕاستە وخۆ بە جێناوی لکاو جێگرکرا (ە ، بە) دەبێ بە (یَ) وئەگەر بەرکاری ڕاستە وخۆلە ڕستەدا بوو ، ئەم ڕیزبوونەکەیەتی :

- بەرکاری ڕاستە وخۆ + بکەر + بەرکاری ناڕاستە وخۆ + (یَ) ی جێگری پێشبەند .

پارەکەم دابە ئێوە ⟵ پارەکەم دانێ .

(ب) ئەگەر بەرکاری ڕاستە وخۆ بە جێناوی لکاو جێگرکراو لەم پلەیەدا خۆی تێ دەچێت ونامێنێ و ڕیزبوون بەم جۆرە دەبێ :

- ڕەگ + بکەر + بەرکاری ناڕاستە وخۆ + (یَ) ی جێگری پێشبەند .

پارەکەم دانێ ⟵ دامنێ .

(ج) جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستە وخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك بە دیار ناکەوێ و ڕیز بوون بەم جۆرەیە :

- کار + بکەر + بەرکاری ناڕاستە وخۆ (∅) + (یَ) ی جێگری پێشبەند .

بەردم گرتە جۆیلەکە ⟵ بەردم گرتێ ⟵ گرتمێ .

(٢) لە گەڵ کرداری ڕانە بووردووی تێپەڕدا :

(آ) ئەگەر بەرکاری ڕاستە وخۆ لە ڕستەدا هەبوو ، ڕیز بوون بەم جۆرەیە :

ـــ به ركارى ڕاسته وخۆ + به ركارى ناڕاسته وخۆ + كار + بكه ر + ( ىَ ) ى جێگرى پێشبه ند ٠

من پاره ده ده م به ئێوه ـــــ> پاره تان ده ده مێ ٠

( ب ) ئه گه ر به ركارى ڕاسته وخۆ له ڕسته دا نه بوو ـ لابراـ ريــــز بوون به م جۆره يه :

ده + به ركارى ناڕاسته وخۆ + ڕه گ + بكه ر + ( ىَ ) ى جێگرى پێشبه ند ٠

پاره ده ده م به ئێوه ـــــ> پاره تان ده ده مێ ـــــ ده تان-ده مێ ٠

( ٣ ) له گه ڵ كردارى داخوازيدا :

( آ ) ئه گه ر به ركارى ڕاسته وخۆ له ڕسته دا هه بوو ريزبوون بـــــه م جۆره يه :

ـ به ركارى ڕاسته وخۆ + به ركارى ناڕاسته وخۆ + ب + كـــــار + ( ىَ ) ى جێگرى پێشبه ند ٠

پاره بده ن به ئه وان ـــــ> پاره يان بده رێ ٠

( ب ) ئه گه ر به ركارى ڕاسته وخۆ له ڕسته دا نه بوو ـ لابراـ ريــــز -بوون به م جۆره يه :

ـــ ب + به ركارى ناڕاسته وخۆ + كار + ( ىَ ) ى جێگرى پێشبه ند ٠

پاره يان بده رێ ـــــ> بيان ده رێ ٠

له نموونه كانى پێشوو ٠ بۆ به ركارى ناڕاسته وخۆ له هه رسێ كاته كـه دا ٠ كردارى تێپه رمان به كار هێناوه ٠ به لام ئه گه ر سه رنجێك له كارى تێنه په ريــــش بده ين ئه وه ى به رچاو ده كه وێت به م شێوه يه :

( آ ) كردارى داخوازى :

ـــ ب + به ركارى ناڕاسته وخۆ + ڕه گ + بكه ر + ( ىَ ) ى جێگــــرى پێشبه ند ٠

بگه ن به من ـــــ> بم گه نێ ٠

( ب ) كردارى ڕابوردوو :

ـــ كردار + به ركارى ناڕاسته [illegible] ( ىَ ) ى جێ[illegible]

گەیشتن بە من ⟵ گەیشتمنێ •

(ج) کرداری ڕانەبوو ردوو :

دە + بەرکاری ناڕاستەوخۆ + ڕەگ + بکەر + (ێ) ی جێگری پێشبەند •

دەگەن بەمن ⟵ دەمگەنێ •

واتە ـ پێشبەند دەکەوێتە پێش بەرکارەوە ، بەلام کە بەرکارکەوتە دوای کارەکەوە (ێ) ی جێگری پێشبەند دەکەوێتە دوای بەرکاری ناڕاستەوخۆ ریز بوون بەم جۆرەیە :

ـ کردار + بەرکاری ناڕاستەوخۆ + (ێ) ی جێگری پێشبەند •

ـ پارەکەم دا بە ئەوانەن ⟵ پارەکەم دانێ ⟵ دامنێ •

ـ بەردم گرتە تۆ ⟵ بەردم گرتیتێ ⟵ گرتمیتێ • (١)

٠١٠ <u>مۆرفیمی (ێ) وەك نیشانەی پلەی ژمارە :</u>

لە هەندێ بەشە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا بۆسازکردنی ژمارەی پلەیی ، نیشانەی (ێ) دەخرێتە سەر ژمارەی بنجی لە پێکهێنانی ئەم فۆرمەدا هەمیشە جێناوی (یا) بۆ تاکی مێ و (یێ) بۆ تاکی نێرو (یێد / یێت) بۆ کۆ بەکار دێنرێ • وەك :

یا یێکێ } بۆ تاکی مێ •
یا سێیێ }

یێ یێکێ } بۆ تاکی نێر •
یێ سێیێ }

یێد یێت سێیێ } بۆ کۆ • (٢)

---

(١) بۆزانیاری زیاتر : بڕوانە : مەحموود فەتحوڵلا کارتەواوکردن لە کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٨٨ ، ل ١٣٨ ، ١٣٩ ، ١٤٠ ، ١٤١ ، ١٤٢ ، ١٤٣) •

(٢) بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو : ك • ك • كوردۆییڤ ، ڕێزمانی کوردی بە بەراوردی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، ل ١٩٤ •

# بەشی سێیەم

## مۆرفیمەکانی (ێ) وەک وشەدارێژ

### ١ – مۆرفیمی ( یْ ) وەك پاشگر ( Sufixus ) :

ئاشکراو ڕوونە ، کە وشەی هەرزمانێك هەرچەندە زۆر بێت لە دووتوویی فەرهەنگێکدا جێی دەبێتەوە ، پێویستی ژیانیش ئەوە دەخوازێت کە وشەی نوێ بێتە ئاراوە . لە ئەنجامی ئەم پێویستی بەشدا وشەکانی زمان توانستی ئەوەیان هەیە لەگەڵ یەکدی یەك بگرن و وشەی نوێ بۆ ماناو مەبەستی نوێ تر بێننە کایەوە .

پێشگرو پاشگر لە زمانی کوردیدا بۆ داڕشتنی وشەی نوێ ڕۆلی گرنگ دەبینن و بێ شوومار یاریدەی ڕۆنانی وشە دەدەن . ئەوەی زیاترچێ مەبەستی ئێمە بێت پاشگرەو بە تایبەتی ، چونکە مۆرفیمی ( یْ ) وەك پاشگر لە کاردایەو لە شێوەی پێشگردا نییە .

(( پاشگر )) بەو بەشە دەگوترێت ، کە بە تەنیا واتای نییە وبەکار نایێت و دەکەوێتە پاش بناغەی وشەو دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە . ئەم پاشگرانەش وەکو هەموو بەشەکانی تری زمان لە پڕ دەرنەکەوتوون ، بەڵکو بەرەبەرەو بەپێی پێویستی و لەسەر بناغەی زمان و لە زمانەکەوە هەڵقوڵاون و ، لە بنەڕەتدا لە وشەی سەربەخۆ وەرگیراون ، واتە لە کۆندا واتای سەربەخۆو تایبەتی یان هەبووە بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکار هێنانیانەوە وردە وردە ئەم شێوە تازەیە یان وەرگرتووە . (٢)

کەواتە پاشگر (( کە بە لاتینی بە ( Sufixus ) ناسراوە ، ئەو مۆرفیمەیە کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ . )) . (٣)

پاشگریش توانستی گۆڕینی وشەی هەیە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن . واتا ، ناو دەکات بە ئاوەڵناو ، وەکو ( کرم ) کە ناوە

---

( ١ ) بڕوانە : د. نەسرین فەخری ، پاشگری ( اندن ) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری کورد )) بەشی یەکەمی بەرگی سێیەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ ل ٢٠١ .

( ٢ ) بڕوانە : د . نەسرین فەخری و مارف خەزنەدار وحافز مستەفا قازی ، زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆپۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، ١٩٧١ ، ل ١٨ .

( ٣ ) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٦

دەیكات بە ئاوەڵناو ( كرمێ ) ، یان بە پێچەوانەوە ئاوەڵناو دەكات بە ناو وەكو ( سەوز ) ئاوەڵناوە دەبێت بە ( سەوزێ )، كە ناوە ... هتد .

ئەوەی زیاتر جێی مەبەستی ئێمە بێت ، مۆرفیمی ( ێ ) یە وەك پاشگرێك دەوری ڕۆنانی وشەی نوێ دەبینێ بۆ ماناو مەبەستی نوێ تر . وەك :

( آ ) — ( ێ ) بۆ دروست كردنی ناوی داڕێژراو :

١. ناو + پاشگری ( ێ ) = ناوێكی داڕێژراو .

پرد + ێ = پردێ .

بۆ نموونە :

— پردێ ، كەوتۆتە نێوان شاری كەركووك و هەولێرەوە .

— پردێ شارێكی دڵرفێنە .

دۆڵ + ێ = دۆڵێ .

بۆ نموونە :

— ئازاد بەرەو دێی دۆڵێ كەوتە ڕێ .

— دێی دۆڵێ قەشەنگە .

سۆز + ێ = سۆزێ .

بۆ نموونە :

— چاوی سۆزێی كچی خۆشكم جوانە .

— سۆزێ كچێكی هێمن وزیرەكە .

ناز + ێ = نازێ

بۆ نموونە :

— (( كە چۆن نازێی نارد بە دووی مامانەكە دا و خۆی بە چەو بە فرگانێ سواری عەرەبانەیەكی بكاو بیهێنێت . )) .

( [illegible] ل ١١ ) .

— نازێ كتێبی ڕێزمان دەخوێنێتەوە .

... هتد .

٠٢ ئاوەڵناو + یَ = ناویَکی داریَژراو ٠

بۆ نموونە :

کاڵ + یَ = کاڵیَ ٠

— (( بەسە توخوا کاڵیَ گیان )) ٠

( ژانی گە ل ٠ ل ١٠ )

— (( چۆن تائیَستا بچیَ ؟ ! ئەی کاڵیَ بەدیار کیَوەبەجیَ بهیَڵــــــیَ
بەدەم ئازارەوە گەوز بداتبەتەنیا )) ٠

( ژانی گە ل ٠ ل ١١ )

ئەسمەر+ یَ = ئەسمەریَ ٠

— (( ئەو کانی یەکەی لەسیَیــەریَ ٠
بەخــۆم لیَ دا بەخەنجەریَ
کیَ ئاو لیَ برد زەردە سمەریَ )) ٠

( فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ٠ ل ٦٢ ) ٠

سوور + پاشگر ( یَ ) = سووریَ ٠

— سووریَ کچیَشکی زیرەکە ٠

— سووریَ ی خوشکم باڵا بەرزو جوانە ٠

( ب ) — پاشگری ( یَ ) بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی داریَژراو ٠

— ناو + پاشگری ( یَ ) = ئاوەڵناوی داریَژراو ٠

کرم + یَ = کرمیَ ٠

بۆ نموونە :

— پیاوەکە دڵی کرمیَ بوو ٠

( ج ) — پاشگری ( یَ ) بۆ دروست کردنی ئاوەڵکرداری داریَژراو ٠

ناو + پاشگری ( یَ ) = ئاوەڵکرداری داریَژراو ٠

بەهار + ( یَ ) = بەهاریَ ٠

بۆ نموونە :

— (( وەك جۆگەلەی لەبانان
وەك رووباری بەهاریَ )) ٠

( فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ٠ ل ١٩١ ) ٠

هاوین + پاشگر( ێ ) = هاوینێ

بۆ نموونە :

— (( بایێ شەمار بە هاوینێ

دەیدا لە رەندەی جۆ خینێ .

خەو خۆشە لەگەر ئامینــــێ )) .

( فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری . ل ٢٩ )

شەو + پاشکری ( ێ ) = شەوێ .

بۆ نموونە :

— (( دەستم دەدا تفــەنگێ

لە محە لی نیوە شەوێ

هەرمدەستاند لە خەوێ )) .

( فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری . ل ١٨٩ )

ئەم پاشگرە ــ ( ێ ) لە کرمانجی ژووروو شدا بە هەمان شێوە . دەچێتە سەر ناو و دەیکاتە ئاوەڵکردار . وەك :

— ناو + پاشگری ( ێ ) = ئاوەڵکرداری داریژراو .

شەڤ + ێ = شەڤــێ

بۆ نموونە :

— شەڤێ چوومە لای نەسرینێ .

( ئێــڤارێ . سبەهێ ... )

بۆ نموونە :

— (( ... ژ ئێڤاری هەیانی سبەهێ ل دۆ را قەسرا مەمێ نۆبەتــــێ بکرن ))

( مەمێ ئالان . ل٤٢ )

( ٢ ) مۆرفیمی ( ێ ) وەك ئینتەرفیێکس( Interfixus ) :

ئینتەرفیێکس چۆن لە هەندێ زمانانی جیهان دا هەیە . هەروەها لە زمانی کوردیشدا دەبینرێ و لەم زمانە دا دەورو تایبەتێتی خــۆی دەبینـــــێ .

( ئینتەرفیێکس ) ئەو مۆرفیمە بەندانەیە . کە بەتەنیا مانایان نییــەو

ڕه‌وناكه‌ون ، به‌ڵام له‌گه‌ڵ مۆرفێمی سه‌ربه‌ست ده‌رده‌كه‌ون . بۆ دروست كردنی وشه‌یه‌كی لێكدراوی تازه‌و دوو مۆرفێمی سه‌ربه‌ست لێكده‌ده‌ن . هه‌روه‌ها پێی یان ده‌وترێت مۆرفێمی په‌یوه‌ندی .

له‌ زمانی كوردیدا مۆرفێمی ( ێ ) وه‌ك ئینته‌رفێكس ده‌رده‌كه‌وێت و ده‌ور ده‌بینێت .* به‌وێنه‌ :

- مۆرفێمی سه‌ربه‌ست + ئینته‌رفێكس ( ێ ) + مۆرفێمی سه‌ربه‌ست =وشه‌ی لێكدراو .

پیر + ئینته‌رفێكس ( ێ ) + ژن = پیرێژن .

بۆ نموونه‌ :

- (( یه‌ك دوو بچكۆڵه‌و دوو سێ پیرێژن
  به‌كاسه‌ی دۆوه‌ ، به‌ره‌و پیرهاتن . )) .

  ( دیوانی گۆران ، ل ١٤٢ )

- (( مونه‌ ججهیم عومری ضایع بوو له‌به‌خت و فیكری ئه‌فلاكا كه‌پیرێژن
  هه‌میشه‌ هه‌ر له‌ ئه‌حواڵی خه‌ره‌ك ده‌دوێ . )) .

  ( مه‌حوی ، ل ٣١٣ )

- (( ئه‌مڕۆ وا بورجی پیرێژنانه‌
  له‌ هه‌موو لایه‌ سه‌هۆڵ به‌ندانه‌ . ))

  ( به‌نده‌كانی پیره‌مێرد ، به‌رگی چواره‌م ، ل ٢١٨ ) .

پیر + ئینته‌رفێكس ( ێ ) + دێو = پیرێ دێو .

- (( خورشه‌ هه‌ركه‌ پیرێ دێوی دی ، به‌ توندی ووتی : .... )) .

  ( ته‌وفیق وه‌هبی (قواعد اللغة الكردیة) به‌شی چواره‌م ، ل ١٠١ )

بۆر + ێ + زه‌ن = بۆرێزه‌ن **

- مام عودوڵا بۆرێزه‌نێكی باشی بوو .

---

(*) تێبینی : سه‌رنج بۆ ئه‌وه‌ ڕاده‌كێشین ، كه‌ تائێستا هیچ ڕێزمانووسێكی كورد ، وه‌ك ئینته‌رفێكس ، ئاماژه‌ی بۆ ڕۆڵی ( ێ ) نه‌كردووه‌ .

(**) بڕوانه‌ : فه‌رهه‌نگی خاڵ ، به‌رگی به‌كه‌م ، ل ١٣٢

(٣) مورفیمی (ێ) وەك ناوگر : ( Infix )

زاراوەی ( ناوگر ( لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت ( Infix )
ئەم زاراوەیەشی لە زمانی لاتینی یەوەوەرگیراوەو بریتیەلە ( in ) بەمانای (تێ ، تێرا ...)و ( Figer, Fix ) بەواتای ( گرتن ، پێکەونووسان ، ...) . کەواتە ناوگربریتی یەلەو دەنگەی ناو ئاختی وشەدەسەپێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشەکە ، بۆ واتاو مەبەستێکی نوێ تر . بۆ نموونە لە زمانی سانسکریتیدا ـ ن ـ وەك ناوگرێك خۆی دەنوێنێ . وەك لە وشەی :
( vid = زانی ـ vindami = دزانم ) (١) یاخود لە زمانی ( بونێك کە لە ( فیلیپین ) پێی دەدوێن ، وەك : " ب هێزکەفتن Fumikas ب هێز Fikas ، یان سۆربون Kumilad سۆر Kilad ". (٢)

بێ گومان ئەم دیاردە ڕێزمانی یە ، چۆن لە زمانی دیکەدا پێش چاو دەکەوێت ، بەهەمان شێوە لە زمانی کوردیشدا ( ناوگر ) ڕۆلی تایبەتی خۆی دەبینێت ، ئەگەرچی بەکەمیش دەردەکەوێت . (٣) هەر ئەم کەمیش دەرکەوتنەی ( ناوگر ) وای لە هەندێك ڕێزمان نووسانی کورد کردووە بلێین ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە . (٤)

ئێمە شی بەپێچەوانەوە وابیر دەکەینەوە ، کەبوونی ناوگر دیاردەیەکی ئاسایی یەو بوونیشی شتێکی مەحاڵ نییە . هەروەك دەزانین زمانی کوردیش سەربە خێزانی گەورەی ( هیندو ـ ئەورووپی ) یەوەبوونی ناوگر لەو زمانانەدا ، خۆی لە خۆیدا نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بلێین ئەم دیاردە ڕێزمانییەشی لە زمانی کوردیدا هەیە .

---

(١) فازڵ عومەر ، نێکگر د زمانی کوردی دا ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نـوێ )) ، ژمارە ( ١٠٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٢٦٥ .
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٦٥ .
(٣) لە زمانی کوردیدا پێشگرو پاشگر لە پاریدەی ڕۆنانی وشەی ناسادەدا زۆر لە ناوگر چالاکترن و بەگشتی ناوگر سستە .
(٤) بونموونە : د . وریاپێ ی وایە ناوگر لە زمانی کوردیدانییە . بڕوانە وتاری (وشە) ، گۆڤاری (( نووسەری کورد )) ، ژمارە ( ٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، .

هەروەها شۆڕبوونەوەبە ناخی وشەی زمانەکەدا ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ( ناوگر ) هەبێت . هەروەك مامۆستا ( مەسعوودمحەمەد ) دەڵێت : (( بەدەم سەرنج ڕاگرتن لە ئاخاوتنی کوردی و ڕێزمانی کوردییەوە ، ڕۆژ لە دوا ڕۆژ ، تاك تاکە وشەی ئەوتۆم دۆزیوەتەوە کە لە ناو ئاخەکەیدا دەنگێك وە یازیاتر هەیە گومان لەوەدا نییە ، کە لە لاوە بۆی هاتووە و واتایێکی تازەی پەیدا کردووە یا گۆڕینێکی خستۆتە ناو وشەکەوە بەو جۆرەی ، کە چاوەنۆڕ دەکرێ لە دەوری ناوگر . )) .(١)

کەواتە دەتوانین بڵێین ( ێ ) وەك ( ناوگر Infix ) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشە و ناخی وشە دەسمێت .

بێگومان ئەم دیاردە مۆرفۆلۆژیەتە نها لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا نییە . بەڵکو هەمان دیاردە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو شدا هەیە . ئەمیش دەبێتە هۆی پشت ئەستوور بوونمان و زیاترپێ داگرتنمان لە سەربوونی ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا .

ئەم ڕاستی یە مامۆستا ( مەسعوودمحەمەد ) لە کتێبی (( چەندحە شارگەیەکی ڕێزمانی )) (٢) ئامازەی بۆ کردووە و لیستەیەك ناوی کردۆتە بەڵگە ، کە ئەوەی زیاتر جێی مەبەستی باسەکەی ئێمە بێت مۆرفیمی ( ێ ) یە وەك ناوگر ، کە نموونەی لە باری بۆ هێناوەتەوە . هەر لەم ڕووەوە مامۆستا ( ئەورەحمانی حاجی مارف ) لە کتێبی (وشە ڕونان لە زمانی کوردیدا ) هیمابۆهەمان (٣) بۆچوون دەکات و دەڵێت : (( لەم بارەیەوە دەستکەوتێکی نوێی هێنایە ئەنجام )) ئینجا ناو براو سێ وشە دەکاتە شایەتی حاڵ و بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا ویەکێك لەو

---

( ١ ) مەسعوودمحەمەد ، چەندحەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧٨ .
( ٢ ) هەمان سەرچاوە ، ل٧٨ .
( ٣ ) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٧٩ .

سێ وشانە ( برێشکە ) یە ، کە ( یٚ ) وەك ناوکَر توانیویە تی ناخی بسمێت و شە کە بکۆر یێت ، چونکە (( برێشکە : لە بزژانە وە هاتووە دیارە دەنگێکی ( یٚ ) لەلاوە هاتوو بۆ ناو ئاخنی وشە کە ... )) . (١)

کەواتە مۆر فێمی ( یٚ ) وەك ( ئینفیکس ـ ناوکَر ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا لەم نموونانەدا خۆی دەنوێنێ .

( ١ ـ برێشکە : لە برژانەوە هاتووە ، هەروەك ( یٚ ) یەك چووەتە ناوەندی وشە کەوە ( برژ ـ برێژکە ـ برێشکە ) .

ناو برێشك ⟵ لە برژانەوە هاتووە هەروەها ( یٚ ) یەك چووەتە ناوەندی وشە کەکردی بە ( ناوبرێشك ) ، کە خۆی لە ( نان برێشك ) ەوە بووەتە ( ناوبرێشك ) .

٢ ـ رێژە و بێژە : لە رژان و بژانەوە هاتووە . دیارە دەنگێکی ( یٚ ) هاتۆتە نێوان یەکەم و دووەم پیتی وشەکانەوە .
٣ ـ دروێنە : لە ( دروون ) ەوە هاتوە : لێرەدا نوونەکەی چاوگ بە پەشێکی وشە حیساب کراوە و دەنگێکی ( یٚ ) کەوتۆتە پێشیەوە . ) . (٢)

هەروەك چون ( یٚ ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا بوو بە ناوکَر . بە هەمان شێوەشی نموونەی وا بەرچاو دەکەوێت لە دیالێکی کرمانجیی ژووروودا ئەوە بسەلمێنێت ، کە ( یٚ ) وەك ( ناوکَر ) مۆرفێمێکی بەکارە .

بۆ وێنـە :

| ( کاری تێنەپەر | تێپەری خۆ سەر |
| --- | --- |
| کشا | کێشا |
| رشت | رێت |

( ١ ) سەرچاوەی ناوبراو : مەسعوود محەمەد . چەند چەشارگە یێکی رێزمانی کوردی . ل ٧٩ .
( ٢ ) بۆ زانیاری زیاتر ، بروانە نموونەکانی مەسعوود محەمەد . چەند چەشارگە یێکی رێزمانی کوردی . ل ٧٩ .

| | |
|---|---|
| گەڕا | گێڕا |
| پژیا | ببێت / بەهت |

هەروەها :

بنکاری

| تێپەڕی گشتی | تپ . خ . |
|---|---|
| کشاند | کێش |
| ڕژاند | ڕێژ |
| گەڕاند | گێڕ |
| پژاند | پێژ ) . (١) |

---

( ١ ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : فازڵ عومەر ، نێڤگرد د زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١٠٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٢٧١ .

# ئەنجامەکان

## ئەنجام

لە تێڕوانینی سەرپێی دا ڕەنگە هەر هێندە بێتە بەرچاو ، کە (یّ) دەنگێکی بزوێنە و هیچی دی ... خۆ بێتو لەو نیگاو ڕوانگە یەشەوە وردبینەوە، کە دانەکانی زمان و پێوەندی زمان و ئەرکی زمان ـ واتە ئەو سێ کۆمەڵـــە خاسیەتانەی لە لێکۆڵینەوەی سیستەمی زمان و پێکهاتنی دیوی ناوەوەیدا بۆ دیاری کردنی یاساکانی زمانەوانی بەکاردەهێنرێن ، بێ گومان گەلێ دیاردەی جۆرا و جۆرمان لێ ئاشکرا دەبێ . ئەوەتە بەپێی چوونە نێو ناخی (یّ) وە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ، کە لە زمانی کوردیدا وەك سیازدە مۆرفیمی جـــودا خۆی دەنوێنێ . لەو سیازدە مۆرفیمەش (١٠) یان هاریکاری سازدانی ڕستـــە دەکەن و سیانەکەی دیشیان یاریدەی ڕۆنانی وشە دەدەن :

١. مۆرفیمی (یّ) ی نیشانەی جنسی مێی دۆخی ناڕاستەوخۆ .

ئەم مۆرفیمە لە سەرانسەری دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و لە بەشـــــە دیالێکتی موکری و هەندێ ناوچەی سۆران و کەمێك لە دەورو پشتی سلێمانیــــی ئەمڕۆدا دەچێتە سەر ناوی جنسی مێ و لە جنسی نێری جیا دەکاتەوە ... ئەم نێزیکی (یّ) ی نیشانەی جنسی مێ یە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیـــــدا ، دەتوانرێ بە یەکێك لەو بەڵگە زانستیانە دابنرێ ، کە نیشانی بەکێتیــــی زمانی کوردی دەدەن .

٢. مۆرفیمی (یّ) وەك نیشانەی جنسی مێ لە بانگهێشتندا :

ئەم مۆرفیمە وەك نیشانەی بانگهێشتن لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیــــی خواروو و ژووروو بۆ جنسی (مێ) لە دۆخی بانگهێشتندا بەکاردێت .

٣. مۆرفیمی (یّ) وەك نیشانەی نەناسیاوی :

ئەم مۆرفیمە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداا بەکۆتایی ناو یـــــان ئاوەڵناوەوە دێت و نەناسیاوی و تاکایەتی پێشان دەدات . وەهەنــــدێ جارنیشانەی (ان) ی کۆ وەردەگرێت لە کاتێکدانە نیا مانای نەناسیاوی ببەخشێت .

لە کرمانجیی ژووروودا ئەم مۆرفیمە لە حالەتێکدا دەردەکەوێت ئەویـــش ئەگەر ناوە نەناسیاوەکە مێ بوو .

٠٤ مۆرفیمی ( یٚ ) وەك نیشانەی ( ئیزافە ) خستنەسەر :

مۆرفیمی ( یٚ ) وەك نیشانەی خستنەسەر لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو ی زمانی کوردیدا بۆ ڕەسەنی مێ یەو لە کرمانجیی ژووروویشدا بۆ ڕەسەنی نێــر بەکاردێت ٠

٠٥ مۆرفیمی ( یٚ ) وەك نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کردار لە حاڵەتی کـــارا نادیاردا :

مۆرفیمی ( یٚ ) وەك نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کرداری کارا نادیـار لـە کرمانجیی خوارووداد لە ئەنجامی وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبوودووی وزیادکردنـــــ ئامرازی نادیاری ( ر ) ونیشانەی کاتی داهاتووی ( یٚ ) بە کۆتایی کردارەکـەوە کارا نادیار لە دەمی ڕانەبوردوو پێکدێت ٠

سەبارەت بە حاڵەتی کارا نادیار کردار لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا یەك ناگرنەوە ، چونکە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداا ( ر ) ئەو دەورە دەبینێ ، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا حاڵەتی کارا نادیاری کردار بە هۆی کرداری تێنەپەڕی یاریدەدەری ( هاتن ) ەوە دەردەبردرێت ٠ کـە دەکەوێتە پێش کردارەسەرەکییە تێپەڕەکەوە وگەردانیش دەکرێت بـــەڵام کردارەسەرەکییەکە گەردان ناکرێ و لە شێوەی چاوگیدا دەمێنێتەوە ٠

٠٦ مۆرفیمی ( یٚ ) وەك جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك :

ئەم مۆرفیمە لە بناغەدا جێناوی کەسی سێیەمی تاکە ، بریتیس یەلـــە (ات / ێت) ، بەڵام هەندێك جار ( ێت ) کورت دەکرێتەوەو لە شێوەی ( یٚ ) خۆی دەنوێنێت ٠ ئەم جێناوە بۆ کەسی سێیەمی تاکی کاتی ئێستاو داهاتـــوو بەکار دێ جا با کردارەکە تێپەڕبێت یان تێنەپەڕ ٠ وئەگەرفرمانەکە لە کاتـــی داهاتوودا بووبێ تێپەڕ یا تێنەپەڕ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لە گەڵ بکـەرا دەستەی سێیەمی لەگەڵدا دەردەکەوێت ٠

سەبارەت بە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووش هەندێ جار ( یٚ ) بەکـــار نایەت و بەوێنەی بزرۆکە ( اْ ) دێت و ئەوەی ئیشارەت بۆکەسەکە دەکات ( ت ) بە ٠

٠٧ مۆرفیمی ( ێ ) وەك کۆتایی جێناوی کەسی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ٠

ئەم مۆرفێمە لە کەسی سێیەمی تاك بۆ ڕەسەنی مێینە ( ئەوێ/وێ ) بەکار دەهێنرێت ، کە ئەم ( ێ ) بەشی دیاری کردنی ڕەسەنی ( مێ ) یە لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا ٠

ئەم مۆرفێمە بەم وێنەیە لە کرمانجیی خوارووددا دەرناکەوێت ٠

٠٨ مۆرفیمی ( ێ ) وەك نیشانەی بچووك کردنەوە بۆناوی تایبەتی مێینە ٠

مۆرفیمی ( ێ ) لێرەدا دەوری بچووك کردنەوەی ناو دەبینێت ، بەلام پێیان وایە ئەو ( ێ ) یە هەمان ( ێ ) ی نیشانەی مێینەیە دەچێتە سەر ناوی مێ و بچووکی دەکاتەوە ٠ ئەوەی زیاتر پشتیگیری ئەم بۆچوونەمان بکات ، ئەوەیە ، کە ( ێ ) بۆ بچووك کردنەوەی ناوی تایبەتی نێرینە بەکارنایەت ٠

٠٩ مۆرفیمی ( ێ ) ی جێگری پێشبەند ( پریپۆزیشن ) :

لە زمانی کوردیدا زۆر جار بۆمەبەستی کورتی و دووبارە نەکردنەوەی هەندێ لە بەشەکانی ڕستە پە پێشبەند جێگر دەکری و مۆرفیمی ( ێ ) توانستی جێگر کردنی پێشبەندی ( بە ٠٠ ) ی هەیە ٠

٠١٠ مۆرفیمی ( ێ ) وەك نیشانەی پلەی ژمارە :

ئەم مۆرفیمە لە هەندێ بەشە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بۆ سازکردنی ژمارەی پلەیی بەکاردێت ٠

٠١١ مۆرفیمی ( ێ ) وەك پاشگر :

مۆرفیمی ( ێ ) وەك پاشگر لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا بەکاردێت ، کە دەوری ڕۆنانی وشەی نوێ دەبینێ بۆماناو مەبەستی نوێ تر ٠

٠١٢ مۆرفیمی ( ێ ) وەك ئینتەرفیکس :

ئەم مۆرفیمە یارمەتی دروست کردنی وشەیەکی لێکدراوی نوێ دەدات لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروودا ٠

مۆرفیمی سەربەست + ئینتەرفیکس ( ێ ) + مۆرفیمی سەربەست = وشەی لێکدراو ٠

١٣- مۆرفیمی ( یّ ) وەك ناوگر .

( یّ ) وەك ناوگر لە زمانی کوردیدا ڕۆلی خۆی دەبینێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشەو ناخی دەسمێت بۆ گومان ئەم دیاردە مۆرفۆلۆژیە تەنها دیالێکتی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدانییە ، بەڵکو هەمان دیاردە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروشدا هەیە . ئەمیش دەبێتە هۆی پشت ئەستوور بوونمان و زیاتر پێ داگرتنمان لە سەربوونی ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا .

١٤- سەرجەمی مۆرفیمەکانی ( یّ )ی وشە دارێژ : ( (( یّ )) ی باشکر ، (( یّ )) ی ئینتە رفێکس ، ( یّ )ی ناوگر ) لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بە تەواوی یەك دەگرنەوەو بە شێکی زۆری مۆرفیمەکانی ( یّ ) ی وشەکوریش : ( (( یّ ))ی نیشانەی جنسی مێ دۆخی ناراستەوخۆ ، ( یّ ) ی نیشانەی جنسی مێ دۆخی بانگهێشتن ، ( یّ )ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك ... ) وەك یەکن .

١٥- واش ڕێ دەکەوێ ، کە ( یّ ) لە کرمانجی خوارودا نیشانەی جنسی مێ یە ، کەچی بە پێچەوانەوە لە کرمانجی ژوورودا نیشانەی جنسی نێرە . بە وێنە ( ( یّ ) لە دۆخی خستنەسەردا ) .

١٦- هەندێ مۆرفیمی ( یّ ) لە کرمانجی خوارودا هەن ، وەك : (( یّ )) ی نیشانەی نەناسیاوی ، ( یّ ) ی نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کرداری کارا نادیار ) و لە کرمانجی ژوورودا نین ، بە پێچەوانەشەوە چەند مۆرفیمێکی ( یّ ) لە کرمانجی ژوورودا دەبینرێن ، وەك : ( ( یّ ) ی کۆتایی جێناوی کەسی جودای جنسی مێ ، ( یّ ) ی نیشانەی پلەی ژمارە ) و لە کرمانجی خوارودا بەدی ناکرێن .

سەرچاوەکان

## سەرچاوەی نموونەکان


١. ئیبراهیم ئەحمەد . ژانی گەل ( ڕۆمان ) سلێمانی . ١٩٧٢.

٢. (پەندی پێشینان )

پەندی پێشینان کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ . چاپی دووەم .
١٩٧١.

٣. ( پیرەمێرد )

پەندەکانی پیرەمێرد . بەرگی چوارەم . کۆکردنەوە وساغ کردنـــەوەو
لە سەرنووسینی و پێشەکی ( کاکەی فەللاح ) . بەغدا . ١٩٨٠.

٤. ( تحفۀ مظفریە . ب ١ )

ئۆسکارمان . تحفۀ مظفریە . بەرلین . ١٩٠٥ . پێشەکی و ساخکردنەوەو
هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی . بەشی یەکەم . بەغدا .
١٩٧٥.

٥. ( تحفۀ مظفریە . ب ٢ )

ئۆسکارمان . تحفۀ مظفریە . بەرلین . ١٩٠٥ . پێشەکی وساخکردنەوەو
هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی . بەشی دووەم .
بەغدا . ١٩٧٥.

٦. ( جزیری )

مەلای جزیری . هەژار شەرحی لێ کردووە . ١٣٦٠ هەتاوی .

٧. ( جگەر خوێن )

جگەر خوێن . سەورا ئازادی . شام . ١٩٥٤.

٨. ( خانی )

ئەحمەدی خانی . مەم و زین . گیو موکریانی . چاپی سێ یەمیـــــن ،
هەولێر . ١٩٦٨.

٩. ( صەبری )

هۆ زانڤا نێت کورد . دانان و توێژاندنا . صادق بهاء الدین ئامیدی .
چاپا یەکێ . بەغدا . ١٩٨٠.

١٠. ( فۆلکلۆر )

هیمدادی حوسێن . چەپکی هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێـــــر .
بەغدا . ١٩٨٦.

٠١١ ( فۆلكلۆر )

فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری ، كۆكردنەوەی محەمەد كەریم شەریف ، كەركوك ، ١٩٧٤٠

٠١٢ ( كوردۆ )

كۆمەڵە تێكستی فۆلكلۆری كوردی ، بروفیسۆر قەناتی كوردۆ لە زاری كوردەكانی سۆڤیێتەوە تۆماری كردوە ، شوكور مستەفاو ئەنوەر قادر هێناویانەتە سەر رێنووسی كوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦٠

٠١٣ ( گۆران )

سەرجەمی دیوانی گۆران ، بەرگی یەكەم ، محەمەدی مەلا كەریم كۆی كردۆتەوەو ئامادەی كردووەو پێشەكی و پەراوێزی بۆ نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٨٠٠

٠١٤ ( لە خەوما )

جەمیل صائب ، لە خەوما ، پێشكەش كردن و لێكۆڵینەوەی جەمال بابان ، بەغدا ، ١٩٧٥٠

٠١٥ ( مەحوی )

دیوانی مەحوی ، لێكدانەوەو لێكۆڵینەوەی : مەلا عبدالكریم مدرس و محەمەدی مەلا كریم ، بەغدا ، ١٩٧٧٠

٠١٦ ( مەمێ ئالان )

مەمێ ئالان ، چیرۆك نڤیسر، كۆی كردووەتەوەو پێشەكی بۆ نووسیوە ، صالح عەلی كوللی و ئەنوەر قادر محەمەد لە رێنووسی لاتینی یەوە هێناویانەتە سەر رێنووسی كوردی ، بەغدا ، ١٩٧٧٠

٠١٧ ( نالی )

دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، لێكۆڵینەوەو ساغكردنەوەی ، د٠مارف خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٧٠

# سەرچاوەی بابەتەکان

به زمانی کوردی :


٠١ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦٠

٠٢ د٠ ئەورەحمانی حاجی‌مارف ، ئاوەڵکردا رو جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ و بەیان )) ، ژمارە ( ١٢٧ ) ، بەغدا ، ١٩٩١ ، ل ٥٦ ٠

٠٣ د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکـــــەم ( مۆرفۆلۆژی ) ، بەشی یەکەم ـ ناو ـ ، بەغدا ، ١٩٨٧٠

٠٤ د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشـــە ســازی ) ، بەشی دووەم ـ جێناو ـ ، بەغدا ، ١٩٨٧٠

٠٥ د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبـی ، بەغدا ، ١٩٨٦٠

٠٦ د٠ ئەورەحمانی حاجی‌مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغـدا ، ١٩٧٧٠

٠٧ تەوفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، بەغـــدا ، ١٩٢٩٠

٠٨ جگەر خوێن ، آوا ئو دەستورا زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١٠

٠٩ جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرك ، ١٩٧٦٠

٠١٠ جەمال نەبەز ، نووسینی کوردی بە لاتینی ، بەغدا ، ١٩٥٧٠

٠١١ حەسەنی قزڵجی ، لە بارەی هێندی لە نهێنەکانی ڕێزمانی کـــوردی ، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری کورد )) ، بەرگی پێنجەم ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١٢١ .

٠١٢ حەننا ئەنتوان ، چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی ، گۆڤاری (( کاروان )) ، ژمارە ( ٨ ) ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٦٥٠

٠١٣ رەئووفی ئەحمەد ئالانی ، فێهرستە کتێبێك ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ٩٣ ) ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٤٠

١٤- رەفیق محەمەد محێدین ، دەوری مۆرفیمی (( ب )) لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١٣٨ ) ، بەغدا ، ١٩٦٦ ، ل ٢٢ – ٢٥ .

١٥- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٩٦ .

١٦- زەریٰ عارف یوسۆپۆڤا ، ئامرازی پێوەندی و پاشکۆکانی ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٠٤ ) ، بەغدا ، ٢٧ / ٨ / ١٩٨٧ ،
( د . کوردستان موکریانی کردوویە بەکوردی ) .

١٧- زەریٰ عارف یوسۆپۆڤا ، ئاوەڵکاو ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٢٤ ) ، بەغدا ، ١٩ / ١١ / ١٩٨٧ ، ( د . کوردستان موکریانی کردوویە بەکوردی ) .

١٨- زەریٰ عارف یوسۆپۆڤا ، جێناوی دیارونادیار ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٤٤ ) ، بەغدا ، ٢٨ / ١ / ١٩٨٨ .

١٩- زەریٰ عارف یوسۆپۆڤا ، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامراز ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ژمارە ( ٩١٣ ) ، بەغدا ، ١٢ / ١٠ / ١٩٨٧ ، د . کوردستان موکریانی کردوویە بەکوردی ) .

٢٠- زەریٰ عارف یوسۆپۆڤا ، ناو ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ژمارە ( ٨٩٧ ) ، بەغدا ، ٢ / ٧ / ١٩٨٧ ، ( د . کوردستان موکریانی کردوویە بەکوردی ) .

٢١- ساڵح حوسێن پشدەری ، کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی کرد وکو لێکۆڵینەوەی ، بەغدا ، ١٩٨٥ .

٢٢- عەبدولڕەحمان کاکل ، دەورەکانی نیشانە [ ـەك ، یك ـ ی ] ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٧٥ ) ، بەغدا ، ١٦ / ٥ / ١٩٨٨ .

٢٣- عەبدولوەهاب خالید ، نیشانید نێر ومێ ـ ئیزافە ـ ل دیالیکتا کرمانجیا ژووری ، ڕۆژنامەی (( هاوکاری )) ، ژمارە ( ٩٢٤ ) ، بەغدا ، ١٩ / ١١ / ١٩٨٧ .

٢٤- عەبدوڵڵا شاڵی ، ڕابەری قوتابیان بۆجناوك و بۆفرمان ، بەغدا ، ١٩٧٦ ،

٢٥- فازڵ عومەر ، نێگەرد دزمانی کوردیدا ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ژمارە ( ١٠٩ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٢٧١ .

٢٦. قەناتی کوردۆ ، ئاوەڵکار لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خوارووودا ، گۆڤاری (( ئاسۆی زانکۆیی )) ، ژمارە ( ٤ ) ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ( د . کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی ) .

٢٧. کامل بەسیر ، ئامرازی پێناسی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن ، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کوردی )) ، بەرگی چوار دەهەم ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٣ .

٢٨. کوردستان موکریانی ، سینتاکسی ڕستەی سادە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٢٩. ک . ک . کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی بەکەرەسەی دیالێکتی کرمانجی سۆرانی ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ( د . کوردستان موکریانی کردوویە بەکوردی ) .

٣٠. گیوی موکریانی ، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بە زاراوەکانی ( سۆرانی ، بادینی ، فەیلی ، هەورامی ) ، هەولێر ، ١٩٧٢ .

٣١. مەحموود زامدار ، ناو و نازناو وناو ناتورەو سووک کردنی ناو لە ناو زمانی ئێمەدا ، گۆڤاری (( ڕۆژی کوردستان )) ، ژمارە ( ٣٢ ) ، بەغدا ، ١٩٧٥ ل ٤١ .

٣٢. مەحموود فەتحوڵلا ئەحمەد ، کار تەواوکردن لە کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، هەولێر ، ١٩٨٨ .

٣٣. مەسعوود محەمەد ، بەسەرداچوونەوە ، گۆڤاری (( کۆڕی زانیاری کورد )) بەرگی پێنجەم ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١٣٥ .

٣٤. مەسعوود محەمەد ، تیرو پشکی لەدەنگسازی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ١٠١ .

٣٥. مەسعوود محەمەد ، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٣٦. مەسعوود محەمەد ، زاراوەی پێوانە ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژمارە ( ١١٢ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٦٢ .

٣٧. مەسعوود محەمەد ، زاراوەسازیی پێوانە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٣٨ - مه سعوود محه مه د ، وردبوونه وه له چه ند باسێکی ڕێزمانی کـــوردی ، به غدا ، ١٩٧٤.

٣٩ - مه سعوود محه مه د ، هه ڵدانه وه ی چه ند ڕوویه ره یێکی زمانی کـــوردی ، گۆڤاری (( کۆری زانیاری کورد )) ، به رگی پێنجه م ، به غدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٧٦.

٤٠ - محه مه د ئه مین هه ورامانی ، ئامرازی ( له ) له ته رازووی بـه راوردا ، گۆڤاری (( کاروان )) ، ژماره ( ٣٨ ) ، به غدا ، ١٩٨٥ ، ل ٢٠.

٤١ - محه مه د ئه مین هه ورامانی ، ته ماشاکرد نێکی سه رپێی زاری سۆرانـــــ وزاری هه ورامی ، گۆڤاری (( کۆری زانیاری کورد )) ، به رگی دووهه م ، به غدا ، ١٩٧٤ ، ل ١١٧.

٤٢ - محه مه د ئه مین هه ورامانی ، سه ره تایێك له فیلۆلۆژی ی زمانی کـــوردیه به غدا ، ١٩٧٤.

٤٣ - مسته فا زه نگه نه ، پێکهێنه ره کانی ( انـ د ن ) وئه رکه کانیان ، گۆڤـاری (( کاروانی ئه کادیمی )) ، هه ولێر ، ١٩٩١ ، ل ٧٥.

٤٤ - نووری عه لی ئه مین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠.

٤٥ - نووری عه لی ئه مین ، گرتنی که لێنێکی تر له ڕێزمانی کوردی ( پێشگرو پاشگر ) به غدا ، ١٩٥٨.

٤٦ - د . نه سرین محه مه د فه خری ، پاشگری ( اند ن ) له زمانی کوردیـــدا ، گۆڤاری (( کۆری زانیاری کورد )) ، به رگی سێیه م ، به شی یه که م ، به غدا ١٩٧٥ ، ل ١٩٨.

٤٧ - د . نه سرین محه مه د فه خری ، کەی کاو به بکه ر نادیار تۆمار ده کرێـن چۆن و بۆ ؟! ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیـــری نوێ )) ، ژماره ( ١٣٠ ) ، به غدا ، ١٩٩٣ ، ل ٧٣.

٤٨ - د . نه سرین محه مه د فه خری و د . مارف خه زنه دار و حافز مستـــه فا قازی ، زمان و ئه ده بی کوردی بۆ پۆلی پێنجه می ئاماده یی ، به غـدا ، ١٩٧١.

٤٩ - د . وریا عومه ر ئه مین ، ئه له مۆرفی ڕێزمانی ، گۆڤاری (( ڕۆشنبیری نوێ )) ، ژماره ( ١٢٢ ) ، به غدا ، ١٩٨٩ ، ل ٦٦.

٠٥٠ د ٠ وریا عومه ر ئه مین ، پاشبه نده كان ، گۆڤاری (( كۆری زانیـــــاری عیراق ــ ده سته ی كورد )) ، به رگی پازده هه م ، به غدا ١٩٨٦ ، ل ١٨٥٠

٠٥١ د ٠ وریا عومه ر ئه مین ، چه ند یاسایێكی مۆرفۆلۆجی ی دارشتنی فرمـان ، گۆڤاری (( رۆشنبیری نوی )) ژماره ( ١٠٩ ) ، به غدا ١٩٨٦ ، ل ٢٦٠

٠٥٢ د ٠ وریا عومه ر ئه مین ، رێزمانی راناوی لكاو ، به غدا ١٩٨٦٠

٠٥٣ د ٠ وریاعومه ر ئه مین ، كات وره گی فرمان ، گۆڤاری (( رۆژی كوردستان )) ، ژماره ( ٦٥ ) ، به غدا ١٩٨٤ ، ل ٧٩٠

٠٥٤ د ٠ وریاعومه ر ئه مین ، له په یوه ندی یه كانی بكه ر ناديار ، گۆڤـــــاری (( رۆشنبیری نوی )) ، ژماره ( ١٢٩ ) ، به غدا ١٩٩٢ ، ل ١٨٠

٠٥٥ د ٠ وریاعومه ر ئه مین ، له یاساده نگی یه كانی زمانی كوردی ، گۆڤـــاری (( رۆشنبیری نوێ )) ، ژماره ( ١٣٨ ) ، به غدا ، ١٩٩٦ ، ل ١٨٠

٠٥٦ د ٠ وریاعومه ر ئه مین ، ووشه ، گۆڤاری (( نووسه ری كورد )) ، ژمـــــاره ( ٩ ) ، به غدا ١٩٨٢ ، ل ٨٣٠

به زمانی فارســـــی

٠٥٧ پایان نامه ( برای دریافت درجهٔ فوق لیسانس زبان و ادبیات فارســـی ) ، موضوع (( ساخت صرفی فعل در زبان فارسی )) ، براهتمانی ( دانشیـــــار ارجمند دکتر علي زوین ) ، ( عبدالاله محمد حسن عبدالعبيدی ، به غدا ، ١٩٩٤٠

٠٥٨ ذو النور ، دستور پارسی در حرف و نحوو املای فارسی ، تهـــران ، ١٣٤٣٠

به زمانی عه ره بی

٠٥٩ احمد مختار عمر ، علم الدلالة ، الطبعة الاولی ، جامعة الكويت ١٩٨٢

٠٦٠ تمام حسان ، مناهج البحث في اللغة ، كلية دار العلوم ، جامعة القاهرة ، ١٩٧٩٠

٠٦١ توفيق وهبي ، قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول ، بيروت ١٩٥٦٠

٠٦٢ حاتم صالح الضامن ، علم اللغة العام ، بغداد ١٩٨٩٠

٦٣. د. كوردستان موكريانى، قواعد اللغة الكردية، بغداد، ١٩٨٩.
٦٤. محاضرات ود ن، تأملات في اللغة، تقديم جومسكي، ترجمة الدكتور مرتضى جواد باقر والدكتور عبد الجبار محمد علي، بغداد، ١٩٩١.
٦٥. هاشم شلاش وآخرون، المهذب في علم الصرف، جامعة بغداد، بيت الحكمة، كلية التربية الاولى ( ابن رشد )، قسم اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٩.

به زمانى ئينگليـــــــــزى

66 — D.N.Mackenzie, Kurdish Dialect Studies-I , London, 1961.

67 — D.N.Mackenzie, Kurdish Dialect Studies , London, 1967.

68 — Norman C.Stagebrg - Anintroductory English Grammar, University of Nortern Lowa, 1965.

## مختصر البحث

يتناول البحث دراسة الوحدات الدلالية ( ىٓ ) في ضوء علم الصرف ، اذ يأتي على اشكال عديدة منها مايغير بنية الكلمة ومنها مايساعد في اشتقاقها .

وتتكون الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة .

الفصل الاول : يعد تمهيدا لهما اذ تناول بالنقد والتحليل مجموعة من الدراسات التي سبقت في هذا المجال علما بانه لم يقم باحث بدراسة مستقلة للوحدات الدلالية ( ىٓ ) وبالرغم من الجهود المتعددة التي بذلت لدراسة قواعد اللغة الكردية والتي اسفرت عن فوائد جمة في دراستها وتقنيتها بالرغم من ذلك كله كانت اغلب تلك الدراسات متسمة بالغموض وعدم وضوح الرؤية ، فكان من اللازم عندئذ ان تجمع هذه المعلومات وتبوب من اجل الخروج بنتائج مفيدة .

الفصل الثاني : تناول دور الوحدات الدلالية ( ىٓ ) في اشتقاق الكلمة مثلا يظهر كعلامة الدلالة على المؤنث في حالته غير الصريحة ويظهر كعلامة للدلالة على المؤنث في حالة النداء ويظهر علامة للدلالة على الاضافة وعلامة على تصغير المؤنث .

الفصل الثالث : تناول دور الوحدات الدلالية ( ىٓ ) في تغيير الكلمة كأن تكون لاحقة تلحق الكلمة فتغير شكلها ومعناها او ان تكون اداة رابطة تربط كلمتين لتكوين كلمة جديدة ذات معنى جديد او تكون وسطية يدخل في جذر الكلمة فيغير شكلها ومعناها .

وختم ذلك كله بأهم النتائج التي توصل اليها البحث موضوع الدراسة .

Abstract

The Morpheme ( ێ ) In Kurdish Language with
The Southern and Northern Dialects

The present study is concerned with envistigating the morpheme ( ێ ) in the light of morphology, for it has many shapes, some of which changes the structure of word, the others helps in its derivation.

The work falls into an introduction, three chapters and a conclusion.

Chapter one is considered as a preliminary one. It deals, analytically and critically, with a group of previous studies, though there is no any researcher who has made an independent study for the morpheme( ێ ) . Besides, there were so many attempts to study the rules of Kurdish language resulted in many advantages for studying and analyzing it .But most of those studies were mysterious and unclear, so it became necessary together the required information to arrive at good results.

Chapter two deals with the role of morpheme ( ێ ) in word-derivation, when appeared as sign denoting the feminine in its clear state, as a sign denoting feminine in the state of indirect , and as a sign denoting addition.

Chapter three deals with the role of the morpheme( ێ ) in changing words, for example it might come as a suffix, a conjuctor that links two word to form a new word or it might come as an infix constituting the word-root and changing its form and meaning.

The researcher concluded his work by listing the most important results he arrived at.